# ڕۆژنامە ٧

هەفتانە کۆمپانیای وشە دەریدەکات

ژمارە (٦٠٥) سێشەممە ٢٠١٠/١٠/٢٦ www.sbeiy.com نرخ ٧٥٠ دینار




## ساڵێک لەتەمەنی کابینەی شەشەم

ل...٥

### لەبارەی ململانێی دەسەڵاتو ئۆپۆزسیۆنەوە

# نوێترین داواکارییەکانی گۆڕان

ڕۆژنامە

لە کۆبوونەوەی ڕۆژی شەممەی ڕابردوودا، ئۆپۆزسیۆن داواکانیان لەبارەی دوایین گۆڕانکارییەکانی هەرێمی کوردستان، بەتایبەت دەستەی باڵای هەڵبژاردنەکانی هەرێمەوە، خستەڕوو.

شەممەی ڕابردوو (١٠/٢٣) لەسەر بانگهێشتی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، سەرۆکو سکرتێری حیزبە کوردستانییەکانو ئەندامانی وەفدی فراکسیۆنی ئیئتیلافە کوردستانییەکانو ژمارەیەک لە سەرکردەی حیزبەکان کۆبوونەوەیەکی بەرفراوانیان لەبارەی دواگۆڕانکارییەکانی عێراقو هەرێمەوە ئەنجامدا.

لە کۆبوونەوەکەدا نوێنەرانی بزووتنەوەی گۆڕان دیسان ئەو مەترسییانەیان وەبیر کۆبوونەوەکە هێنایەوە کە لە پرۆژەیاسای دەستەی هەڵبژاردنەکاندا هەیەو داوایان لە سەرۆکی هەرێم کرد، ڕۆڵی خۆی ببینێتو ئەو مەترسییو بارگرژییانە بڕەوێنێتەوە.

بەپێی زانیارییەکانی ڕۆژنامە، داواکانی ئۆپۆزسیۆن بریتین لەوەی «ئەندامانی دەستەی هەڵبژاردنەکان لەلایەن لیژنەیەکی پەرلەمانییەوە، کە نوێنەری هەموو لایەنەکانی تێدا بێت، بە ئیجماع کاندید بکرێنو پاشان کاندیدەکان لە پەرلەماندا بە کۆی دەنگی (٥/٤)ی ئەندامانی پەرلەمان، پەسەندبکرێن، هەروەها کارکردن بە دەستەکە دوابخرێت بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی داهاتوو».

عەدنان عوسمان، سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان، لەبارەی پێکهێنانی دەستەی باڵای هەڵبژاردنەکای هەرێمەوە جەختی لەوە کردەوە؛ کە بە عەمەلیی بۆ هەموو لایەک سەلمێنرا کە دەبێت پەلەی لێ نەکرێتو بە کۆدەنگیی نیشتمانیی پەسەند بکرێت، نەک زۆرینەو کەمینە.

هەروەها بەپێی زانیارییەکان، هەر لە کۆبوونەوەکەی شەممەدا نوێنەرانی بزووتنەوەی گۆڕان داوایانکردووە، پەلە بکرێت لە دەرکردنی هەر یەک لە پرۆژەیاساکانی (بودجەی حیزبەکان، قەدەغەکردنی کاری حیزبایەتی لەناو هێزەکانی پێشمەرگەو پۆلیسو ئاسایش، هەموارکردنی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان)، سەرۆکی هەرێمیش هەرچەندە لەو کۆبوونەوەیەدا نیگەرانیی خۆی لە باسکردنی کێشە ناوخۆییەکانی کوردستان دەربڕی، بەڵام نوێنەرانی ئۆپۆزسیۆنو هەندێکی تر لە بەشداربووان جەختیان لەسەر چارەسەرکردنی کێشە ناوخۆییەکان کردەوە بۆئەوەی جارێکی دیکە نەیەتەوە ناو ئەجێندای کۆبوونەوەکان. سەرۆکی هەرێم ڕاشکاوانە ڕایگەیاند کە ئەو یاسایە واژۆ ناکات گەر هەموو لایەنەکان پێی ڕازی نەبن.



فۆتۆ: KRP

## کۆمسیۆن کێشەی (دەستەی هەڵبژاردنی هەرێم) دەباتە دادگای دەستووریی

ل...٢

## دەسەڵات (٢١٠) هەزاری دەرماڵە ناداتە پێشمەرگەو پۆلیس

ل...٦



## (١٢) ملیاری پرۆژەی پاککردنەوەی کەرکوک نادیارە

## ئاسایشو پاراستن لە پرۆژەکەی حکومەتدا

ل...٧

# حکومەت، (١٠٧) ملیاری دیکە لە پارەی خەڵک، دەداتە حیزبەکان

ڕۆژنامە

حکومەتی هەرێم، زیاتر لە (١٠٧) ملیار دیناری دیکە دەداتە حیزبەکان کە لە بودجەی ساڵی (٢٠١٠)دا پەسەندکراوەو تەنیا لە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵیشدا، (٩٧) ملیار دینار دراوەتە حیزبەکانی کوردستان.

لە وتارێکی شیکاریدا کە لە لاپەڕە (١٤)ی ئەم ژمارەیەی ڕۆژنامەدا، بە ناوی (حیزب وەک بارگرانیی) بڵاوکراوەتەوە، ڕۆژنامەنووس عەلی حەمەسالح، نووسیویەتی: مانگانە، یەکێتیو پارتی هەریەکەو (٥)ملیارو (٩٠٠) ملیۆن دینار لە حکومەت وەردەگرنو بەپێی ئەم ژمارانەش، حکومەتی هەرێمی کوردستان لە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا، (٩٧)ملیاری داوەتە حیزبەکانو لەشەش مانگی پاشتریشدا کە ئێستا چوار مانگی ڕۆیشتووە، (١٠٠) ملیارو (٥٥٢)ملیۆن دینار دەدات بە حیزبو ڕێکخراوەکان، چونکە جگە لە پارتیو یەکێتی، حیزبەکانی دیکە تا (٢٠١٠/٦/٣١)، مانگانە (٢) ملیارو (٨٣٠)ملیۆن دینار وەردەگرنو ئێستاش بزووتنەوەی گۆڕان، مانگانە (٥٩٢)ملیۆن دینار وەردەگرێت.

سەرچاوەیەکی ئاگاداریش لە ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەوەی خستەڕوو، کە مانگانە (٤٢٦)ڕێکخراوو سەنتەر، ملیارێکو (٤٥٦)ملیۆن دینار وەردەگرن.

حکومەت لە یاسای بودجەدا، خۆی جێگیری کردووە کە (٩٠)ملیار دیناری تەرخانکردووە کە بیداتە حیزبو ڕێکخراوەکان لەماوەی یەک ساڵدا، بەڵام بۆ ئەمساڵ (١٩٧,٥) ملیار دینار دەداتە حیزبو ڕێکخراوەکان، واتە (١٠٧,٥) ملیار دینار زیادەڕۆیی کردووە لە پێدانی پارە بەحیزبو ڕێکخراوەکان.

# ٤٠٠ مامۆستای زانکۆ لەبەر «ناعەدالەتیی»ماندەگرن

سەنگەر کوردە

نزیکەی (٤٠٠) مامۆستای زانکۆی سلێمانی یاداشتێکی نارەزایی لە بارەی نایەکسانیی لە دابەشکردنی خانووەکانی زانکۆدا ئاراستەی سەرۆکی حکومەت دەکەنو هەڕەشەی مانگرتن دەکەن.

فاتیح عەبدوڵڵا، یەکێکە لەو مامۆستایانەی زانکۆ کە واژۆی لەسەر یاداشتەکە کردووەو بۆ ڕۆژنامە وتی: «پاش مانەوەی یاداشتەکەمان لای سەرۆکی حکومەت، بەدواداچوونمان بۆ کردووە بە زارەکیی، ڕەتی کردووەتەوەو ڕایگەیاندووە؛ هیچ شتێکمان بۆ ناکرێت، ئێمەش پشت بەستوو بە واژۆی زیاتر لە (٣٧٠) مامۆستای زانکۆ لە کۆلێژە جیاوازەکان، لەڕێی لیژنەیەکەوە کار لەسەر ئەوە دەکەین مانگرتنی سەرتاسەریی لەسەر بکرێتو کەس نەچێتە هۆڵەکانی وانە وتنەوەوە»، لەو یاداشتەدا کە مامۆستاکان واژۆیان کردووە، داوای هەڵوەشاندنەوەی ئەو دابەشکردنو نایەکسانییە دەکەن، یان قەرەبووکردنەوەی ئەو مامۆستا گەنجانەی بێبەشکراونو ئیمزایان کردووە، ئەوەش بە پێدانی زەوی، یان شوقەو خانوو.

مامۆستاکەی زانکۆ، هۆکاری واژۆ کۆکردنەوەو بڕیاری مانگرتن بە هەڵوێستوەرگرتن دەزانێت بەرامبەر ئەو «نایەکسانییە»ی کراوە، وتیشی: «بەشێکی زۆری ئەوانەی خانوویان پێدراوە پێشتر زەوییان وەرگرتووەو بەشێکیان ڕاگرنو لەدەرەوەی شار دەوام دەکەن، جگە لەوەی ناومان لایە (٣) زەوی وەرگرتووە، ئەو مانگرتنەش وەک هەڵوێستێک دەبێت، چونکە ئەگەر ئێمە چاو لەو ناعەدالەتییە بپۆشین، چی بەرامبەر خەڵکی گوندو ناوچەکانی تر دەکرێت».

## کەسوکاری قوربانییان ناوی (٣٠٠) داواکراو دەدەنە پەرلەمان

ل...٨

## دەقی پرۆژەی بزووتنەوەی گۆڕان بۆ چاکسازیی سیاسیی لە هەرێم

ل...٤

# داوای لێپرسینەوە لە سەرۆکی حکومەت دەکرێت

چاوان عەلی

دوای ئەوەی سەرۆکی حکومەت وەڵامی پەرلەمانتارێکی گۆڕانی لەسەر پێگەو پێکهاتەو ئەو یاسایەی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە کاری پێدەکات، نەدایەوە، ئەو پەرلەمانتارە داوای لێپرسینەوە لە سەرۆکی حکومەت دەکات.

رۆژی ٢٠١٠/٩/٢٩، د.زانا رەئووف، ئەندامی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان داوایەکی ئاراستەی د.بەرهەم ساڵح، سەرۆکی حکومەتی هەرێم کرد سەبارەت بە کارو پێکهاتەو یاسای کارپێکراوو پێگەی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە لەناو پێکهاتەی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، بەڵام تائێستا سەرۆکی حکومەت هیچ وەڵامێکی لەوبارەیەوە بە پەرلەمان نەداوەتەوە.

بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، کە لە مادەی (٦٥)دا هاتووە؛ پێویستە لە ماوەی (١٥) رۆژدا سەرۆک، یان ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران، کە پرسیارەکەیان ئاراستە کراوە، وەڵامی پەرلەمان بدەنەوە.

(٥) رۆژ بەسەر ئەو وادەیەدا تێپەڕیوە، کە بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ دەبوو سەرۆکی حکومەت وەڵامی پرسیارەکانی ئەو پەرلەمانتارەی لیژنەی یاسایی بدایەوە، بەڵام بەهۆی وەڵامنەدانەوەی سەرۆکی حکومەت، د.زانا رەئووف، جەخت لەوە دەکاتەوە؛ کە داوایەک پێشکەشی سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکات، تا لێپرسینەوە لە سەرۆکی حکومەت بکرێت،لەمبارەیەوە.پەرلەمانتارەکەی گۆڕان دەڵێت: «وەڵامنەدانەوەی پرسیارەکانیان لەلایەن سەرۆکی حکومەتەوە،رێزنەگرتنەلەپەرلەمانو «بێ حورمەتکردنی پەرلەمانتارانە»»، هەربۆیە پێویستە د.بەرهەم ساڵح، سەرۆکی حکومەتی هەرێم بەهۆی پابەند نەبوونی بە وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە، لەبەردەم پەرلەمان ئامادەبێت بۆ لێپرسینەوە.

# (٣٣) نەخۆشخانەو «عیادە» لە سلێمانی، دادەخرێن

بەرهەم خالید

فەرمانگەی تەندروستیی سلێمانی، بڕیاری داخستنی(٣٠) عیادەی پزیشکیو (٣) نەخۆشخانەی ئەهلیی دەداتو بەڕێوەبەری فەرمانگەکەش، هۆکارەکەی بۆ نەبوونی مەرجە تەندروستیو زانستییەکان دەگەڕێنێتەوە.

د. رێکەوت محەمەد رەشید، بەڕێوەبەری فەرمانگەی تەندروستیی پارێزگای سلێمانی، بە رۆژنامەی راگەیاند: پاش ئەوەی لە رێگەی لیژنەیەکی تایبەتەوە، چەند مەرجێکیان دیاریکردو نەخۆشخانە ئەهلییەکانیان بەسەرکردەوە، بڕیاری داخستنی (٣) نەخۆشخانەیان داوە، کە بریتین لە نەخۆشخانەکانی؛ سلێمانی، هەتوانو تووی مەلیک، لەبەرئەوەی مەرجە زانستییو تەندروستییەکانیان تێدا نەبووە، لەوانە (شێوازی تەعقیمو نەگونجاویی بیناو خراپیی دەرمانو چەند مەرجێکی دیکە)، هەتا ئەو مەرجانەش جێبەجێ نەکەن، نابێت ئەو نەخۆشخانانە بکرێنەوە.

د. رێکەوت، ئەوەشی ئاشکرا کرد:لەرێگەی لیژنەیەکی هاوبەشی پارێزگاو سەندیکای پزیشککارانی کوردستانەوە، عیادەکانی سلێمانییان بەسەرکردووەتەوەو دەرکەوتووە، کە (٣٠)عیادە، مەرجەکانی بیناو مەرجی زانستییو تەندروستییان تێدا نییەو لە ئایندەیەکی نزیکدا، بڕیاری داخستنی ئەو (٣٠)عیادەیەش دەدەنو ئاماژەی بەوەشکرد، کە ئەو هەڵمەتە بە هاوکاریی وەزارەتی تەندروستیو سەندیکای پزیشککارانو پارێزگای سلێمانی کاردەکات، وتیشی: «هەتا ئەو نەخۆشخانانە، هەموو مەرجەکان جێبەجێ نەکەن، رێگا بە دووبارە کارکردنیان نادرێت».

# مەشقی پێشمەرگە، دەچێتە خشتەی مەشقی وەزارەتی بەرگرییەوە

بەرهەم خالید

بەپێی رێککەوتنێک، ساڵی ئایندە مەشقی هێزەکانی پێشمەرگە، دەچێتە چوارچێوەی خشتەی مەشقی هێزە سەربازییەکانی عێراقەوەو لیژنەیەکیش بۆ بەدواداچوونی رێککەوتنەکانی پێشوو پێکدێت.

ئەو لێکتێگەیشتنە، لە هەشت خاڵ پێکهاتووەو کۆتایی هەفتەی رابردوو لە کۆبوونەوەی سێیەمی دەوریی نێوان وەزیری پێشمەرگەی هەرێمو وەزیری بەرگریی عێراقو فەرماندەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق، کە لە بەغدا بەسترا لەنێوان ئەو سێ لایەنەدا، ئیمزا کرا.

جەبار یاوەر، ئەمینداری گشتیی وەزارەتی پێشمەرگە، لەوبارەیەوە بە رۆژنامەی راگەیاند: لیژنەیەکی باڵا هەیە لەسەر ئاستی وەزیری بەرگریی عێراقو وەزیری پێشمەرگەو هێزەکانی ئەمریکا، هەروەها لیژنەیەکی دیکە هەیە کە بە لیژنەی کاری باڵا دەناسرێت، لەپێناو زیادکردنی هەماهەنگی لە نێوان وەزارەتی پێشمەرگەی هەرێمو وەزارەتی بەرگریی عێراق، بە مەبەستی مەشقپێکردنو هێزە هاوبەشەکان لە پارێزگاکانی موسڵو کەرکوکو دیالەو بوارەکانی دیکە.



یاوەر، ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد کە گرنگترین کۆنووسی کۆبوونەوەکە، بریتین لە بەردەوامبوون لە هەماهەنگیو پەرەپێدانی سەنتەری کاری هاوبەشو بەردەوامیی یارمەتی مەشقپێکردنی پێشمەرگە لەلایەن وەزارەتی بەرگریی عێراق لە ناوەندەکانی مەشقی موسڵو کەرکوکو دیالەو تاجی لە بەغدا، هەروەها بەردەوامیی هەماهەنگی لە ناوچە جێناکۆکەکانو دەبێت ساڵی(٢٠١١) بەرنامەی مەشقی هێزەکانی عێراق، مەشقی هێزی پێشمەرگەی تێدابێتو لیژنەیەکی باڵا لەو سێ لایەنە پێکبێت بۆ بەدواداچوونی ئەو رێککەوتنو یاداشتانەی لە ساڵی (٢٠٠٧)ەوە ئیمزاکراونو جێبەجێ نەکراون، هەروەها ئامادەکردنی یاداشتێکی نوێ بۆ ئەوەی لەلایەن سەرۆک وەزیرانی نوێو سەرۆکی هەرێمەوە ئیمزا بکرێت، کە خاڵێکی تێدا بێت دەربارەی یەکلاییکردنەوەی بودجەی گشتیی هێزی پێشمەرگەی پاسەوانی هەرێم.

وتیشی: «بەشێکی ئەو خاڵانە، لەسەر یاداشتێکی وەزارەتی پێشمەرگە بوو کە دامانە فەرماندەی گشتیی هێزەکانی ئەمریکا، وەک بودجەی هێزی پێشمەرگەو مەشقپێکردنیان، بۆیە ئەو لێکتێگەیشتنە بۆ هەرێم زۆر گرنگە».

# داهاتی پترۆ دۆلارەکەی کەرکوک، ونبووە

ئارام جەمال– کەرکوک

تائێستا ئیدارەی کەرکوک داهاتی پترۆ دۆلاری بەدەست نەگەیشتووە، ئەنجومەنی پارێزگاکەش مەترسیی ئەوەی هەیە بە هەمان سیستمی بودجە ئەو داهاتە بگەڕێتەوە خەزێنەی دەوڵەت.

بەپێی یاسای بودجەی ساڵی (٢٠١٠)ی عێراق، هەر پارێزگایەک بەرهەمی نەوتی هەبێت، لە هەر بەرمیلێک نەوت یەک دۆلاری بۆ خۆی دەبێت، بەوپێیەش پێشبینی دەکرێت بڕی پارەی کۆبووەوەی کەرکوک لەو داهاتە کە بە (پترۆ دۆلار) ناسراوە، نزیکەی (٣٠٠) ملیار دینار بێت، بەڵام تاکو ئێستا دیار نییە ئیدارەی کەرکوک ئەو پارەیە لەکوێ وەردەگرێت.

عەلی ساڵەیی، سەرۆکی لیژنەی نەوتو غاز لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوک بە رۆژنامەی راگەیاند: «چەند رۆژ لەمەوبەر بۆ بەدواداچوونی هەندێک پرۆژە وەفدێکی ئەنجومەن سەردانی بەغدامان کردو داوای ئەو داهاتەشمان کرد کە لە پترۆ دۆلار بۆ کەرکوک کۆبووەتەوە، بەڵام دەستمان نەکەوت، ئەوەی تێگەیشتین بەغدا دەیەوێت بە هەمان سیستمی بودجە ئەگەر تا کۆتایی ساڵ خەرج نەکرێت، بیخاتەوە سەر خەزێنەی دەوڵەت».

وتیشی:«ئەوگرفتەمان لەئەنجوومەن باسکردو لیژنەیەکمان پێکهێناوە کە بە هەماهەنگیی لەگەڵ پارێزگاکانی دیکەی وەبەرهێنەری نەوتدا لە بەغدا بەدواداچوونی بۆ بکرێتو هەوڵبدرێت بە هەمان سیستمی بودجە کاری پێ نەکرێت.

سەبارەت بەوەی بۆچی تائێستا ئەو داهاتە وەرنەگیراوەو نەخراوەتە بواری جێبەجێکردنەوە، ساڵەیی راگەیاند: «لەکاتی دەرچوونی بڕیارەکەوە، وەک ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوک بەدواداچوونمان بۆی کردووەو لە سەرەتاوە داوای پرۆژەیان لێکردینو پرۆژەمان ئامادە کرد، بەڵام لەنێوان وەزارەتی نەوتو داراییدا بەهۆی رۆتیناتەوە نەمانتوانی داهاتەکە بەدەستبخەین».

# دامەزراندنی (٧٥)کارمەند بۆ زەحمەتکێشان، نارەزایی ناوخۆی لێدەکەوێتەوە

دلێر عەبدولخالق

لەبەرامبەر دامەزراندنی (٧٥)کادیری زەحمەتکێشاندا بە کارمەندی تایبەتی حکومەت، ژمارەیەک ئەندامی لقەکانی ئەو حیزبە، رەخنەی توند لە سکرتێرو ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی دەگرن.

لە (١٣ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٠)دا، وەفدێکی حیزبی زەحمەتکێشان، لە رێگەی سەعد خالید، رێکخەری پەیوەندییەکانی حکومەتو پەرلەمان، دەگەنە لای بەرهەم ساڵح، سەرۆکی حکومەتو داوای دامەزراندنی (٧٥)کادیر دەکەن، لەبەرامبەردا سەرۆکی حکومەت رەزامەندیی لەسەر دامەزراندنیان دەدات بە مووچەی (٣٠٠، ٦٠٠، ٨٠٠)هەزار دینار.

کادیرێکی دیاری یەکێک لە لقەکانی حیزبی زەحمەتکێشان، بە رۆژنامەی راگەیاند: «لەکاتێکدا کە ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی حیزب، لە ژیانێکی شاهانەدانو بە مووچەی باش خانەنشین کراون، بەڵام ئەوان هیچ حیساب بۆ بەرژەوەندیی کادیرەکانی خوارەوە ناکەن، من (١٤)ساڵە خزمەت دەکەم، کەچی لەبەرئەوەی مووچەخۆری حکومەتم، مانگی (٥٠)هەزارم پێدەدەن، بەڵام خەڵک هەیە مانگانە (٧٥٠)هەزاری حیزبی هەیەو ئەمجارەش بە مووچەی (٨٠٠)هەزار دیناری حکومەت دامەزراوە».

ئەو کادیرە کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، ئەوەشی ئاشکراکرد، کە مانگانە (٤٠)ملیۆن دینار بەهۆی دامەزراندنی ئەو (٧٥)کادیرەوە لە بودجەی حیزب دەگەڕێتەوە، وتیشی: «ئێمە بە مووچەیەکی رەمزیی کاری رێکخستمان کرووەو واجبی حیزبیمان جێبەجێکردووە، بەڵام لەئێستا بەدواوە، نۆرەی ئەوانەیە کە بەمووچەی حکومەت بوونە کادیری حیزب».

بۆ وەرگرتنی زانیاریی لە مەکتەبی سیاسیی حیزبی زەحمەتکێشان، «رۆژنامە» لە رێی چەند پەیوەندییەکەوە، تەنیا ئەوەی زانی کە مەسەلەیەکی ناوخۆییەو کەس نایەوێت قسەی لەسەر بکات.

# سێ دادوەری کورد لە بەغدا تیرۆرکراون

هەستیار قادر

لەدوای ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقەوە، سێ دادوەری کورد لە سێ پێگەی جیاواز لە بەغدا، تیرۆرکراونو وتەبێژی دادگای باڵای تاوانەکانی عێراقیش؛ قاعیدەو گرووپەکانی دەرچوو لە یاسا بە تیرۆرکردنیان تۆمەتبار دەکات.

بەپێی ئەو زانیارییانەی دەست رۆژنامە کەوتوون، لە دوای ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقەوە لە (٧/٢٥) تا ئێستا لە سێ هێرشی جیاجیادا سێ دادوەری کورد تیرۆرکراون لە رێگای تەقینەوەی بۆمبو تیرۆرکردنی راستەوخۆ، ئەوانیش؛ نەجم تاڵەبانی ئەندامی دادگای پێداچوونەوەی بەغداو حاکم محەمەد عەبدولغەفوور لە دادگای باری کەسێتی کەرخی بەغداو حاکم حەسەن عەزیز کە ئەندامی دادگای پێداچوونەوە بوو.

ئەمە لەکاتێکدایە کە (١١) دادوەری کورد لەناو دادگای باڵاو (٤ بۆ ٥) دادوەری تر لە دادگاکانی تری بەغدا کاردەکەن (٣ بۆ ٥) پاسەوانیان هەیەو هەندێکیان دانیشتووی بەغداو ئەوانی تر لەنێوان بەغداو شارەکانی هەرێمدا هاتوچۆ دەکەن.

هاوکات سەرچاوەیەکی ئاگادار لە بەغداوە بە رۆژنامەی راگەیاند: «لەدوای ئەوەی دەستەی پێداچوونەوەی سەر بەدەستەی لێپرسینەوەو دادپەروەریی عێراقی، بڕیاری دوورخستنەوەی هەندێک لە پاڵێوراوەکانی داوە لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەراندا، بەهۆی بوونی پەیوەندییان بە حیزبی بەعسەوە، مەترسی لەسەر ژیانی دادوەرەکان سەریهەڵداوە، بەو هۆیەشەوە نوری مالیکی، سەرۆک وەزیرانی عێراق، پێشنیازی کردووە کە حکومەت پاسەوان بۆ دادوەران بەگشتییو دادوەرانی ئەو دەستەیە دابین بکات، بەڵام دادوەرەکان لە ترسی تۆمەتبارکردنیان بە لایەنگیریی حکومەت، ئەو هەنگاوەی حکومەتیان رەتکردووەتەوە.



هاوکات، وتەبێژی دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق؛ ئۆباڵی تیرۆرکردنی ئەو دادوەرانە دەخاتە ئەستۆی رێکخراوی قاعیدەو چەند لایەنێکی تر.

عارف شاهین، وتەبێژی دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق تایبەت بە رۆژنامەی راگەیاند: «هێرشێکی سەرشێتانە بۆ سەر یاساو پارێزەرانی یاسا لە عێراقدا روودەدات لەڕێگەی تۆقاندنو تیرۆرکردنی حاکمو دادوەرەکانەوە، داواشی لە دادوەرەکان کرد؛ بوێرانە بەرامبەر ئەو هێرشانە رابوەستن».

وتەبێژی دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، کە چەند لایەنێکی دەرچوو لە یاسا هەن نایانەوێت یاسا لە عێراقدا سەروەربێت، بۆیە هەوڵی تیرۆرکردنی پارێزەرانی یاسا دەدەن، لەوانە؛ ێکخراوی قاعیدەو چەند گرووپێکی تر کە لە یاسا دەرچوون، وتیشی: «تائێستا دادوەرو یاساناسان بوێرانە بەرامبەر ئەو هێرشانە وەستاونەتەوە، بەڵام بێگومان ئەو زنجیرە هێرشانە بۆ سەر دادوەران کار دەکاتە سەر دادوەرەکانی ترو دروستبوونی ترس لایان».

سووکایەتیی بە پەرلەمانتارێک دەکرێت و حکومەتیش دەڵێت: «ئێمە فەرمانی پشکنینمان کردووە» 4

# دووڕیان

وەک چۆن کۆبوونەوەو جوولە سیاسییەکان لە بەغداو پایتەختی وڵاتانی دراوسێ لەمەڕ پێکهێنانی حکومەتی عێراق بەردەوامیی و گەرموگوڕیی زیاتر بەخۆیەوە دەبینێ، بەهەمان شێوەو رەنگە زیاتر لە هەرێمی کوردستان ئەو کۆبوونەوانەو ئەو جوولە سیاسییە لەسەر ئاستی فراکسیۆنی لایەنە سیاسییەکان و سەرۆکایەتی هەرێم و ئۆپۆزسیۆن بەشێوەیەکی گەورەتر بەرچاو بکەون.

ئەم گەرموگوڕییە هۆکاری خۆی هەیە لەوانە:

١- دادگای ئیتیحادی بڕیاری کۆتاییهێنانی بە دانیشتنی کراوە داوەو دەبێ لە رۆژی دیاریکراودا ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق سەرۆکی ئەنجومەن دیاریبکات.

٢- لەسەر ئاستی لیستی دەوڵەتی یاسا دوو فاکتەری نوێ هاتوونەتە کایەوە، کە یەکێکیان بڵاوکردنەوەی هەندێک بەڵگەنامەی زۆر نهێنیی لەسەر خودی کەسی یەکەمی ئەو لیستەو تۆمەتبارکردنی بە کۆمەڵێک کاری نایاسایی و کاری نامرۆڤایەتی، کە (سایتی ویکلیکس) بڵاویکردووەتەوەو هەستیاری کاتی بڵاوکردنەوەکە کۆمەڵێک لێکدانەوەی لەگەڵ خۆی هێناوەو پرسیار لەسەر هەڵوێستی راستەقینەی ئەمریکا لەمەڕ پێکهێنانی حکومەت ئەوەندەی تر ئاڵۆز دەکات.

دووەمیان، راگەیاندنی هەندێک لیستی بچووک و چوونەپاڵ لیستی دەوڵەتی یاسای مالیکی، یاخود هاوپەیمانییەتی نیشتمانیی (دەوڵەتی یاسا، رەوتی سەدر ... ).

٣- لە هەرێمی کوردستان کۆمەڵێک کێشەی چارەسەر نەکراو لەنێوان دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن و تایبەتتر نێوان دەسەڵات و بزووتنەوەی گۆڕان گەیشتوونەتە دووڕیانێک، کە تیایدا وەک چۆن لایەنی دانوستکاری کوردی لە بەغدا داوای (زەمانات) لە لایەنەکانی تر دەکات بۆ بەجێگەیاندنی بەڵێنە زارەکییەکانیان، بەهەمان شێوە ئۆپۆزسیۆن دەیەوێت ئەو گەرەنتیانە بە یاسا بە دەسەڵاتی بسەلمێنێ بۆ چاکسازیی سیاسیی لە هەرێم و تێنەپەڕاندنی یاساو دەستەی هەڵبژاردنی هەرێم بە زۆرینەی دەنگ لە پەرلەمان و دواخستنی کاری ئەو دەستەیە بۆ پاش هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی داهاتوو، جگە لەوە دەبێ ئەم دەستە گرنگە کۆ دەنگیی نیشتمانیی لەسەر بێت، چونکە تەنیا پەیوەندیی بە خودی هەڵبژاردن و راپرسییەوە نابێ، بەڵکو لەڕێی ئەم دەستەیەوە گەر بێلایەن نەبێت، ئەوا نەک هەر دەسەڵات بۆ حیزب قۆرخ دەکات، بەڵکو ئەزموونی دیموکراسی هەرێم و هەنگاوەکانی بۆ چاکسازیی راستەقینەو ئاڵوگۆڕی ئاشتییانەی دەسەڵات و زەوتکردنی ویست و ئیرادەی هاوڵاتییان بۆ ماوەیەکی دوورو درێژی نادیار دەخاتە ژێر پرسیارو مەترسیی زۆر گەورەوە، کە ئەرکی ئۆپۆزسیۆن و هاوڵاتییانە درک بە ئەنجامەکانی بکەن و بەشێوەیەکی مەدەنییانە رووبەڕووی ببنەوە.

لەگەڵ ئەوەی بەڕێز سەرۆکی هەرێم لە دوایین کۆبوونەوەی لەگەڵ شاندی دانوستکاری کورد لە بەغداو سەرۆکی حیزبە کوردستانییەکان، رۆژی شەممەی رابردوو رایگەیاند: کە ئەو یاسایە ئیمزا ناکات، گەر ئیجماعی هەموو لایەنەکانی لەسەر نەبێت، بەڵام لە هەمان کاتدا بۆ پاراستنی یەکڕیزیی کوردو بنیاتنانی متمانەو رەوینەوەی مەترسییەکانی ئۆپۆزسیۆن وا پێویست دەکات، کە هەرچی زووە حیزبە دەسەڵاتدارەکان و زۆرینە لە پەرلەمانی کوردستان بەشێوەیەکی یاسایی مەترسیی و داخوازییەکانی ئۆپۆزسیۆن بە هەند وەربگرن.

بزووتنەوەی گۆڕان بەتایبەتی و ئۆپۆزسیۆن بە گشتیی لە خەم و پەرۆشییان بۆ یەکڕیزیی کوردو بەهێزکردنی پێگەی دانوستان و داخوازییەکانی گەلی کورد لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی دی لە بەغدا، نەک هەر رازیبوونی خۆیان بە ئەنجامەکانی هەڵبژاردن راگەیاند، بەڵکو بوونە ئەو سوپەرەی کە یەکڕیزیی و یەکهەڵوێستی کوردیان پاراست و نەیانهێشت ئەو پێگەیە لاوازو لەرزۆک بێت و ئەو کەلێنەشیان داخست بەڕووی هەر لایەنێک، کە بیەوێت دزەی لێوە بکات، ئەم هەڵوێستەی ئۆپۆزسیۆن سوودێکی زۆری بە هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار گەیاند و هەڵوێستی شاندی دانوستکاری کوردی بەهێز کرد، داخوازییەکانی کوردی لە مەسەلە نەتەوەیی و چارەنووسسازەکان و تەنانەت لە وەرگرتنی پۆست و پلەوپایە بەرزتر راگرت.

ئەم پەرۆشییەی گۆڕان و ئۆپۆزسیۆن بۆ پێگەی کورد لە بەغداو چاکسازیی هەرێم، نابێت بە سووک سەیر بکرێ و تەنیا بۆ بەڕێکردنی کات مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، چونکە بە تەنیا قسەی خۆش و بەڵێن ئۆپۆزسیۆن رازی ناکات و پێش پێکهێنانی حکومەت لە بەغدا هەڵوێست و بڕیاری راشکاوانەی روونی دەوێت.

رۆژنامە

# کارمەندانی نشینگەی سلێمانی زیادەی مووچەیان نادرێتێ

رۆژنامە

کارمەندانی بەڕێوەبەرێتییەکانی نشینگەی هەرێم مووچەکەیان بە بڕی (٢١٠) هەزار دینار وەک دەرماڵەی خواردن زیاد دەکات، بەڵام کارمەندانی ژمارەیەک لە بنکەکانی سلێمانی بڕی ئەو مووچە زیادکراوە وەرناگرن.

دوای ئەوەی مووچەی کارمەندانی بەڕێوەبەرێتییەکانی نشینگەی هەرێم وەک مووچەی کارمەندان و پلەدارانی نشینگەی حکومەتی عێراقی لێکرا، بڕیاردرا بە پێدانی بڕی حەوت هەزار دیناری رۆژانە بە مەبەستی دەرماڵەی خواردن، کە بۆ هەر مانگێک (٢١٠) هەزار دینار دەکات، بڕیارەکەش لە ٢٠١٠/١/١-وە کاری پێکراو، بەوهۆیەوە هەر کارمەندێکی ئەو بەڕێوەبەرێتییانە لە هەر سێ پارێزگاکەی هەرێم بڕی (١) ملیۆن و (٩٧٠) هەزار دیناری پێدرا.

بەڵام سەرچاوەیەکی ئاگادار ئەوەی بۆ رۆژنامە ئاشکراکرد؛ کە کارمەندانی ژمارەیەک لە بنکەکانی نشینگە لە سنووری سلێمانی ئەو زیادەی مووچەیەیان پێنەدراوە، بە بیانووی ئەوەی کە ئەوان پێشتر ئەو دەرماڵەیەیان پێدراوە، لەکاتێکدا لە هەولێر گوێ نەدراوە بەوەی کە پێشتر ئەو پارەیەیان بۆ خەرجکراوە، یان نا و زیادەی مووچەکەیان پێدراوە.



هەرچەندە بەڕێوەبەری نشینگەی سلێمانی زانیارییەکانی رۆژنامەی رەتنەکردەوە، بەڵام نکوڵیی لەوە کرد کە لە هەولێر ئەو پارەیە بۆ ئەو کەسانە خەرجکرابێت کە پێشتر وەریانگرتووە.

عەقیدی یاسایی سالار عەبدوڵڵا، بەڕێوەبەری نشینگەی سلێمانی بە رۆژنامەی راگەیاند: «کارمەندانی بەڕێوەبەرێتییەکانی ناوشار سەرجەمیان ئەو زیادەی مووچەیەیان پێدراوە، تەنیا کارمەندانی بنکە سنوورییەکان وەریان نەگرتووە، ئەوانیش بەهۆی ئەوەی کە پێشتر خۆیان دەرماڵەیەکی خواردنیان بە بڕی (٥) هەزار دینار هەبووە، بۆیە لە ئێستادا تەنیا (٢) هەزار دیناری تریان بۆ هەر رۆژێک بۆ خەرج دەکرێت، بەڵام ئەو کارمەندانە دەڵێن؛ نەخێر ئێمە هەردوو دەرماڵەکەمان دەوێت، لەکاتێکدا ئەوە ناکرێت لە یەک کاتدا دوو دەرماڵەی خواردن وەربگرن».

بەڕێوەبەری نشینگەی سلێمانی ئەوەشی خستە روو؛ کە کارمەندانی ئەو بنکانە دەڵێن؛ «کارمەندانی هەولێر سەرجەمیان وەریانگرتووە، لەکاتێکدا هیچ بەڵگەیەک، یان نووسراوێک کە جەخت لە روودانی ئەو حاڵەتە بکاتەوە، لانییە، پرسیاریشمان لە وەزارەتی دارایی کردووە پێیانوتووین؛ نەخێر، شتی وا روونەداوە».

# (٤) ملیاری بودجەی بەرهەمهێنانی هونەریی سەرف نەکراوە

هەنگاو هاشم – هەولێر

بەڕێوەبەری سینەماو شانۆ لە وەزارەتی رۆشنبیریی و لاوان، ئاماژە بەوە دەکات: لە بودجەی ساڵی (٢٠١٠)دا، بڕی (٤)ملیار دینار بۆ بەرهەمهێنانی هونەریی تەرخانکراوە، بەڵام بۆمان سەرف نەکراوە.

ناسر حەسەن، بەڕێوەبەری سینەماو شانۆ لە وەزارەتی رۆشنبیریی و لاوانی حکومەتی هەرێم، بە رۆژنامەی راگەیاند: «بڕی (٨)ملیارو (٥٠٠)ملیۆن دینار لە بودجە تەرخانکراوە بۆ بەڕێوەبەرێتییەکەمان کە (٤)ملیار دیناری بۆ بەرهەمهێنان و کاری هونەرییەو پێویست بوو سەرف بکرێت، بەڵام بۆمان سەرف نەکراوە».

ناوبراو، سەبارەت بە هۆکاری سەرف نەکردنی ئەو بودجەیە، وتی: «لیژنەیەک لە وەزارەتی رۆشنبیریی پێکهاتبوو بۆ هەڵسەنگاندنی کارەکان، بەڵام لیژنەکە نەیتوانی کارەکان بەڕێوەببات و بۆ ئەو مەبەستە، کێشە دروستبووەو چەندین کاری هونەریی پێشکەشکراوە، بەڵام بەهۆی نەبوونی رەزامەندیی بۆ سەرفکردنی ئەو بودجەیە، وا نزیک دەبینەوە لە کۆتایی ساڵ، بۆیە ناتوانین پارە بۆ ئەم کارە هونەرییانە سەرف بکەین».

لەبەرامبەردا، د. کاوە مەحمود، وەزیری رۆشنبیریی و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بە رۆژنامەی وت: خەرج نەکردنی ئەم بڕەپارەیە، پەیوەندیی بە رۆژنامەوە نییەو پێویست ناکات، دەزگای راگەیاندن خۆی لەم کارانە هەڵقورتێنێت».

# «پێویستە پەرلەمان بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی خۆی بدات»

رۆژنامە

دادگای فیدراڵیی درێژکردنەوەی دانیشتنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی هەڵوەشاندەوەو داوای کرد لە ماوەی دوو هەفتەدا کۆبوونەوە بکرێت و شارەزایەکی دەستووریش بەپێویستی دەزانێت پەرلەمان خۆی بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی خۆی بدات.

رۆژی یەکشەممە دادگای باڵای فیدراڵیی عێراق بە کۆی دەنگی ئەندامەکانی بڕیاریدا کۆتایی بە دانیشتنی کراوەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بهێنرێت لەماوەی دوو هەفتەدا کۆبوونەوە بکرێت و سەرۆک و جێگرانی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق هەڵبژێردرێن».

لەوبارەیەوە د. لەتیف شێخ مستەفا پسپۆڕی یاسای دەستووریی و ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق رایگەیاند: بڕیاری دادگای فیدراڵیی مولزەمەو دەبێت جێبەجێبکرێت، لەحاڵەتی جێبەجێنەکردنیدا پەرلەمان هەم پێشێلکاریی دەستووریی کردووە هەم پێشێلکاریی بڕیاری دادگای کردووە، لەو حاڵەتەشدا هەرچەند لەتایبەتمەندیی ئەودا نییە، بەڵام دادگای فیدراڵی دەتوانێت بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بدات بەهۆی ئەنجامدانی دوو پێشێلکاریی گەورەوە.

وتیشی: «ئەنجومەنی نوێنەران ماوەی چوار مانگە خەرقی دەستووریی کردووە، بۆیە دەبێت کۆببێتەوەو بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی خۆی بدات، هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنیش یان لەسەر داوای سەرۆک کۆماری عێراق، یان ٥٠ پەرلەمانتار دەبێت، دواتر بەزۆرینەی رەهای دەنگی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران بڕیاری هەڵوەشاندنەوەکە دەدرێت».

## سەبارەت بە ناڕەزایی کۆمسیۆن لە یاسای هەڵبژاردنی هەرێم

# حەمدیە حوسەینی: ئەگەرهەیە پەنا بۆ دادگای دەستووریی ببەین

هەستیار قادر

لە وەڵامی روونکردنەوەکەی کۆمسیۆنی بەغدادا پەرلەمانی کوردستان جەخت لەسەر شەرعیەتی دەستەی هەڵبژاردنی هەرێم دەکاتەوە، بەڵام دەسەڵاتی هەڵبژاردنە فیدراڵییەکان دەداتەوە کۆمسیۆنەکەی بەغداو ئەندامێکی ئەو کۆمسیۆنەش ئاماژە بە ئەگەری پەنابردنەبەر پەرلەمانی بەغداو دادگای فیدارالیی دەکات، گەر یاساکەی هەرێم پەسەند بکرێت.

لە وەڵامی تێبینییەکانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکاندا سەبارەت بە پرۆژەیاسای دەستەی باڵای هەڵبژاردنەکان و راپرسیی لە هەرێمی کوردستاندا، پەرلەمانی هەرێم لە نووسراوێکی رەسمیدا کە کۆپییەکی دەست رۆژنامە کەوتووە، وەڵامی ئەو تێبینییانە دەداتەوە.

لە بەرامبەر تێبینییەکی کۆمسیۆنی بەغدا سەبارەت بە یەکنەگرتنەوەی پرۆژەیاساکەی هەرێم لەگەڵ یاسای ژمارە (١١)ی ساڵی (٢٠٠٧)ی کۆمسیۆن، پەرلەمانی کوردستان ئاماژە بەوە دەکات، کە پێکهێنانی دەستەکەی هەرێم مافی دەستووریی هەرێمەو لە دەسەڵاتی تایبەتی حکومەتی عێراقدا نەهاتووە، بەڵام ئاماژە بەوە دەکات؛ کە ئەو دەستەیەی هەرێم تەنیا هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان و ئەنجومەنی پارێزگاکان و راپرسیی و هەڵبژاردنی ئەنجومەنی شارەوانییەکان ئەنجامدەدات و لە بەرامبەردا هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و پارێزگا ناڕێکخراوەکان لە چوارچێوەی هەرێمێکدا لە سنووری دەسەڵاتی کۆمسیۆنی بەغدایە.

لەوبارەیەوە، حەمدیە حوسەینی، ئەندامی ئەنجومەنی کۆمسیارانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق ئاشکرایکرد؛ کە پێشتر تێبینییەکانی کۆمسیۆنەکەیان ئاراستەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و ئەنجومەنی وەزیران و دەستەکانی تری عێراق کردووەو تایبەت بە رۆژنامەی راگەیاند: «وەڵامەکەی پەرلەمانی کوردستانمان بەدەست گەیشتووەو لە بەرنامەدایە بۆ تاوتوێکردن و هەڵسەنگاندنی».

سەبارەت بە چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ پرۆژەیاسای دەستەی باڵای هەڵبژاردنەکان و راپرسیی هەرێمی کوردستان، گەر لە پەرلەمانی کوردستان پەسەند کرا، حوسەینی، وتی: «ئەگەر یاساکە پەسەندکراو کێشەی لەسەر بوو، داوای روونکردنەوەو تێبینیی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەکرێت و رایان وەردەگیرێت، ئەگەریش هەیە لەو چوارچێوەیەدا پەنا ببرێتە بەردەم دادگای فیدراڵیی عێراقیش».



# پارتە سیاسییەکان ڕەخنە لە ئەدای کابینەی شەشەم دەگرن

ڕاپۆرتی: دلێر عەبدولخالق

**پارتە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان، ئاماژە بەوە دەکەن؛ بەهۆی هەژموون و سێبەری پارتی و یەکێتییەوە، ئیدارەی بەرهەم ساڵح لە کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێمدا، کەمترین کاریگەریی لەسەر کوردستان جێهێشتووە**



سەرۆک وەزیران و جێگرەکەی

فۆتۆ: ڕۆژنامە

کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەرهەمی هەڵبژاردنی (٢٠٠٩/٧/٢٥)یە، ئەزموونکردنی یەکەم ئیدارەکردنی حکومەتە، لە کابینەیەکی بنکە فراوانەوە بۆ حکومەتی زۆرینە، زۆرینە کاتێک ئۆپۆزسیۆنی خاوەن (٣٥) کورسی بەشداریی کابینەکەی فراکسیۆنی کوردستانیی خاوەن (٥٩) کورسی ناکات و هەر لە سەرەتاوە مەحکوم دەبن بە چاودێرییەکی توندی هێزە بەرهەڵستکارەکانیان.

بەرهەم ساڵح لە ڕۆژی تەکلیفکردنی بۆ پێکهێنانی حکومەت، لەگەڵ ئازاد بەرواری لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی لە سەلاحەدین، ڕایگەیاند: «هەرچەندە چاوەڕوانییەکانی خەڵک لە کابینەکەمان زۆرە، بەڵام ئەو بەڵێنانەی لەکاتی هەڵبژاردنەکەندا بە خەڵکمان داوە، جێبەجێ دەکرێن».

دواتریش لە بەرنامەی گەرماو گەرمی کەناڵی گەلی کوردستان سەرۆکی ڕاسپێردراوی حکومەت جەختی لەسەر باشکردنی ئەدای کاری حکومەت، چارەسەرکردنی کێشەکان، ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵیی، شەفافیەتی بودجە، چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێم و مەرکەز و بەرزکردنەوەی ئاستی بژێویی ژیانی خەڵک کردەوە.

ئێستا کە ساڵێک بەسەر کارکردنی ئەو حکومەتە و بەڵێنەکانیان تێپەڕیوە، پارتە سیاسییەکانی هەرێم کە بەشێکیان لە ئۆپۆزسیۆن و بەشەکەی تر بەشداری ئەو ئیدارەیەن، کەمتر پەنجە بۆ کاریگەرییەکانی رادەکێشن.

ئەنوەر عەنەبی، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی بزووتنەوەی ئیسلامیی ڕایگەیاند: «تائێستا کابینەی د.بەرهەم تەواو نەکراوە، چونکە تەنیا دەسەڵاتی دامەزراندنی وەزیری هەبووە و جگەلەوە هیچی تری بۆ نەکراوە».

ئەو لێدوانەی ئەو بەرپرسەی بزووتنەوە لەکاتێکدایە، پارتەکەیان پۆستی وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینیی هەیە، مەبەستەکەی ڕوونتر دەکاتەوە و دەڵێت: «لەکاتی پێکهێنانی ئەو ئیدارەیەدا، داوایان لێکردین ناوی (٤) کەسی تر بۆ جێگری وەزیر، بەڕێوەبەری گشتیی، قایمقامێک و بەڕێوەبەری ناحیەیەک بنێرین، ئێمەش بە نووسراوی مەکتەبی سیاسیی ناوەکانمان نارد، بەڵام هیچیان نەکرد، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت هێشتا ئەو کابینەیە تەکمیلە نەکراوە».

لای خۆشیەوە، د.جەعفەر عەلی، پەرلەمانتاری گۆڕان لەگەڵ ئاماژەکردن بە هەنگاونانی ئەم کابینەیە لە چەند بوارێکدا، بەڵام پێیوایە؛ ئەوەی پەیوەندیی بە چارەسەرکردنی گرفتە بنچینەییەکانی هەرێمەوە هەیە، ئەم ئیدارەیە لە بەرامبەری دەستەوەستان بووە.

وتیشی: «کابینەی شەشەم نەیتوانی هەنگاوبنێت بەرامبەر ئەو بوارە بنچینەییانەی کاریگەرییان بەسەر باشکردنی ژیانی خەڵکەوە هەیە، بەڵێنی جیاکردنەوەی حیزب و حکومەتیشی نەبردە سەر، نەیتوانی حکومەتێکی یەکگرتوو بێت، نەیتوانی بێ ڕەزامەندیی حیزب ئەو (١٠) هەزار کارمەندە دابمەزرێنێت، کە بەپێی بودجەی ئەمساڵ شوێنیان بۆ کرابووەوە».

ئەو پەرلەمانتارە ئەوەش دەخاتەڕوو؛ ئەم کابینەیە نەیتوانی هیچ چارەسەرێک بۆ کێشە هەڵپەسێردراوەکانی هەرێم و حکومەتی ناوەند بخاتەڕوو.

بەشێکی تر لە بۆچوونەکان بەو ئاراستەیە، کابینەی شەشەم نەبووە خاوەنی کارنامەیەکی سیاسیی تایبەت بە ئیدارەکردنێکی سەربەخۆ، چونکە هەمیشە هێڵە حیزبییەکانی بەسەردا تۆخکراوەتەوە.

عومەر عەبدولعەزیز، کارگێڕی مەکتەبی سیاسیی یەکگرتووی ئیسلامیی و سەرۆکی یەکێک لە فراکسیۆنی ئۆپۆزسیۆنەکانی پەرلەمان، وتی: «هەر لە سەرەتاوە، گرفتە ناوخۆییەکانی یەکێتی و دواتر کێشە هەڵپەسێردراوەکانی یەکێتی و پارتی و مانەوەی ڕووخساری دووئیدارەیی، لەمپەری سەرکەوتنی کارنامەی کابینەی شەشەم بوون».

ئەو بەرپرسەی یەکگرتوو، لە ئەزموونی کاری پەرلەمان وەک دامەزراوەی چاودێریکردن باس لەوە دەکات؛ بەپێی ڕاپۆرتی زۆربەی لیژنەکانی پەرلەمان بۆ ئیشوکارەکانی وەزارەتەکان، گلەیی هەیە لە دواکەتن و کەمتەرخەمیکردن لە جێبەجێکردنی ئەرکی دەزگاکانی حکومەت.

عەبدولعەزیز، دەڵێت: «ئەگەر ئیرادەی جدیش هەبووبێت بۆ قوتاربوون لە هەژموون و دەستی حیزبیی، بەڵام واقیع ئەوەیە کابینەی شەشەم وەک کابینەکانی پێش خۆی نەیتوانی بەرژەوەندیی حیزبەکانی تێپەڕێنێت».

لە بەردەوامیی هەڵوێستی پارتە سیاسییەکان لەسەر کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێم، حیزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان، کە خاوەنی وەزارەتی کارەبایە لەو کابینەیەدا، پێیانوایە؛ توانای باش سەرفکراوە.

عەبدوڵلا حاجی مەحمود، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی سۆسیالیست وتی: «ئاسان نییە کاروباری حکومەت لە کاروباری حیزب جیابکرێتەوە، بەڵام ئەوەی لە ماوەی ئەو ساڵە دەبینرێت، ئەوەی لە تواناداا بووە بۆ خزمەتی خەڵک سەرفکراوە، بۆ ئەوەش، دەبێت خەڵک دوایین بڕیاری خۆی بدات».

ئەگەرچی بڕیاربوو ئیدارەکەی بەرهەم ساڵح، کاری سەرەکیی بەگژداچوونەوەی تۆڕی گەندەڵکاران بێت لەناو شانەکانی حکومەتدا، بەڵام دەرکەوت وەک ئەزموونی پێنج کابینەکەی تر، ئەم کابینەیەش نەیتوانی ئیدارەی هەرێمی کوردستان لە مۆتەکەو پەتای گەندەڵیی دەرباز بکات.

سوبحی مەهدی، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حیزبی شیوعی کوردستان پێیوایە؛ دروشمی کابینەی شەشەم بۆ بەگژداچوونەوەی گەندەڵیی دڵخۆشکەر بوو، بەڵام سەنگەری پتەوی گەندەڵکاران دەریخست ئەم کارە ئاسان نییە.

لەو بارەیەوە، سوبحی وتی: «سوپای گەندەڵیی و گەندەڵکاران بە شێوەیەک سەنگەریان لەناو دامودەزگاکان پتەو کردووە، کە پێویستی بە هەڵمەتیکی بێڕەحمانەی هاوبەشی حکومەت و حیزب و ڕێکخراوەکانە، جگەلەوەش ئەم کابینەیە تەنیا ساڵێک بەسەر بەرنامە چوار ساڵییەکەیدا تێپەڕیوە، واتە بە کردار دەتوانێت بیسەلمێنێت بەگژ ئەو دیاردەیەدا دەچێتەوە».

بە بڕوای جەعفەر عەلی، لە فراکسیۆنی گۆڕان ئیرادەی بنەبڕکردنی گەندەڵیی لەوە لاوازترە کە ئیدیعای بۆ دەکرێت، بەتایبەت کە نموونەی ئەوە دەهێنێتەوە فراکسیۆنی پارتی و یەکێتی لە پەرلەمان دژی سەربەخۆبوونی دەزگای داواکاری گشتین، کە کاریگەریی گەورەی لە پاکتاوکردنی گەندەڵیدا دەبێت.

# چاودێران: کابینەی شەشەم، کابینەیەکی لاوازە

ڕاپۆرتی: بەرهەم خالید

**ساڵێک بەسەر تەمەنی کابینەی شەشەمدا تێدەپەڕێت و کەمکردنەوەی بودجەی حیزبەکان، بەکارە باشەکانی دەزانرێت، سەرەڕای ئەوەی کە تا ئێستا سیمای دووحکومەتی پێوە دیارە.**

ڕۆژی (٢٠٠٩/١٠/٢٨) د.بەرهەم ساڵح وەک سەرۆکی کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێم و (١٩) وەزیر لەبەردەم پەرلەماندا سوێندی یاساییان خوارد، ئەوەش پاش ئەوەی لیستی کوردستانیی (یەکێتی و پارتی) لە هەڵبژاردنی (٧/٢٥)دا (٥٩)کورسی بەدەستهێناو بەهاوپەیمانێتیکردن لەگەڵ چەند قەوارەو لیستێک، حکومەتی پێکهێناو لە بەرامبەردا (٢٥)کورسی لیستی گۆڕان و (٦)کورسی یەکگرتوو، (٤)کورسی کۆمەڵ کە بڕیارياندا کە وەک ئۆپۆزسیۆن کاربکەن و بەشداریی حکومەت نەکەن.

د. بەرهەم ساڵح، لە وتاری دەستبەکاربوونیدا، بەشێک لە کارنامەی کابینەکەی ئاشکراکرد کە لە بەرنامەی لیستی کوردستانیی پێکهاتبوو، وەک: بەڵێندان بە شەفافیەت و یەکخستنەوەی ئیدارەو جیاکردنەوەی دەسەڵاتی حیزب لە حکومەت، وتی: «بەکردەوەو بە بەرنامە دەستێوەردانی حیزبیی لە کاروباری حکومەت ناهێڵین».

ڕۆژنامەنووس، کاوە محەمەد، سەرنووسەری پێشووی کوردستانی نوێ، باس لەوە دەکات، کابینەی شەشی حکومەتی هەرێم، لە ساڵی یەکەمی تەمەنیدا، سەرەتایەکی باشی هەبووە بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەو دروشمەکانی لیستی کوردستانیی، لەوانە کەمکردنەوەی بودجەی حیزبەکان و ڕێکخستنەوەی مینحەی ڕێکخراوەکان و خزمەتکردنی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان: «بەڵام، بەدڵنیاییەوە، دەبێت ڕێگریی و ئاستەنگەکان لەبەرچاو بگیرێن کە کابینەکە ڕووبەڕوویان بووەتەوە، چونکە تا ئێستا سیمای دووئیدارەیی بە هەرێمەوە دیارە».

دەربارەی هەنگاوەکانی ئایندەی کابینەکەش، کاوە محەمەد، دەڵێت: «پێویستە کابینەکە، شەڕی ئەو لایەنانە بکات کە دژی یەکخستنەوەی ئیدارەن و شەفاف بێت و بەرنامەیەکی باشی هەبێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵیی بە یاسا، بە تایبەتیش کە ئێستا دیوانی چاودێریی دارایی یەکیگرتووەتەوە».

بەشێک لە چاودێرانی سیاسیی، پێیانوایە، ئەو ماوەیە کەمە بۆ ئەوەی بتوانرێت ئەدای کابینەی حکومەتی پێ هەڵبسەنگێنرێت، بەو پێیەی کە بەرنامەی حکومەت بۆ چوار ساڵ دادەنرێت، نەک ساڵێک.

> **کاوە محەمەد:**
> **کابینەی شەشەم بەسەرەتایەکی باش دەستیپێکردووە**

یوسف محەمەد سادق، چاودێری سیاسیی و مامۆستای زانکۆ، پێیوایە، ئەگەرچی ساڵێک کەمە بۆ هەڵسەنگاندن، بەڵام ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە حکومەت چەند هەنگاوێکی باشی ناوەو لە چەند بوارێکیشدا سەرکەتوو نەبووە. ئەو، گۆڕانکارییەکانی بواری خوێندنی باڵا، بۆ سیستمی خوێندن و کەمکردنەوەی بودجەی حیزبەکان بە یەکێتی و پارتییەوە بە خاڵە ئیجابییەکانی سەرکەوتنی کابینەکە لە قەڵەمدەدات و لە هەمانکاتدا ئەوە دەخاتەڕوو، کە کابینەی شەش، لە ڕووی خزمەتگوزارییەوە سستی زۆری پێوە دیارە، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە تا ئێستا دووئیدارەیی لە هەرێمدا ماوەو سەرۆکی حکومەت ناتوانێت لە شارەکانی هەولێرو دهۆک بە باشی کار بکات.

ئاماژە بەوەش دەکات: «تەنانەت لەسەر ئاستی پارێزگای سلێمانیش، ڕکابەریی سەرۆکی حکومەت دەکرێت و تووشی کێشەو لەمپەرو پێکدادان دەبێت لەگەڵ بەرژەوەندیی کەسانی تردا کە لەناو حیزبدا دەسەڵاتیان هەیە، ئەوەش ئەوە دەگەیەنێت کە لەناو حکومەتدا، دوو فاقییەک هەیەو دەسەڵات بەشێوەیەکی سیستماتیک لەلایەن حکومەتەوە بەڕێوە ناچێت و لەلایەن حیزبە سیاسییەکانەوە بەڕێوەدەبرێت».

ئەو چاودێرە سیاسییە، بەپێویستی دەزانێت کە حیزب لە حکومەت جیابکرێتەوەو دەسەڵاتی حیزب لە هەموو ڕووەکانەوە سنووردار بکرێت، ئەو کاتە حکومەت دەتوانێت دوور لە دەستێوەردانی حیزبی بە باشی کاری خۆی بکات، وتیشی: «کێشەیەکی دیکەی کابینەی شەش ئەوەیە کە ئەو حیزبەی سەرۆکی حکومەت تەمسیلی دەکات، لە هاوکێشە سیاسییەکاندا پاشەکشەی کردووەو بەوهۆیەوە کابینەکەی کەوتووەتە بەر ڕەحمەتی زۆرینەی پارتی، ئەوەش حکوتەکەی لاواز کردووە».

بەڵام لەتیف شێخ عومەر، بەڕێوەبەری نووسینگەی سەرۆکی حکومەتی هەرێم، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: ئەگەر سەیری بەرنامەی لیستی کوردستانیی و کارنامەی حکومەت بکەین، تێدەگەین کە بەشێکی زۆری ئەو بەرنامانە جێبەجێکراون لە سێکتەرەکانی ئابووریی، کۆمەڵایەتی و تەندروستی و پەروەردەو زۆر بواری تریش، هەروەها دەستکراوە بە جێبەجێکردنی بەرنامەکانی دیکەش، چونکە بەرنامەکە بۆ چوار ساڵەو ناکرێت بە ساڵێک جێبەجێبکرێت، هەروەها لە بواری یەکخستنەوەی ئیدارەشدا کاری باش کراوە، وەزارەتی پێشمەرگە یەکیگرتووەتەوە، ئاسایش تەنیا هەنگاوێکی ماوەو ڕێنماییە داراییەکانیش یەکخراون و ئێستا ئامادەیە بۆ یەکخستنەوەی ئەو وەزارەتە، «ئەو هەنگاوانەش، نیشانەی سەرکەوتنی کابینەکەن لەم ساڵەی تەمەنیدا».

لەسەرەتای دەستبەکاربوونی کابینەی شەشەمەوە، ئۆپۆزسیۆن دەنگیان بەو کابینەیە نەدا، لەگەڵئەوەی تێبینی زۆریان لەسەر یەکەم کاری حکومەتەکە هەبوو کە بودجەی ساڵی (٢٠١٠)بوو، بەوەی تێکەڵییەکی زۆر لە بودجەی حیزب و حکومەت کرابوو، سەرەڕای چەندین پرۆژەی وەهمیی و کەموکوڕیی دیکە.

لە بەرامبەردا، کاروان ساڵح، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی گۆڕان، ڕەخنە لە ئەدای کابینەکە دەگرێت و پێیوایە، خاڵی لاوازی کابینەکە، بودجەی ساڵی(٢٠١٠)یە، کە تا ئێستا بەشێکی زۆری ئەو بودجەیە، نەکەوتووەتە بواری جێبەجێکردنەوە بۆ ئەو پڕۆژانەی کە بۆی تەرخانکراوەو خاڵێکی دیکەش ئەوەیە کە کابینەکە نەیتوانیوە بەڵێنی بەرزکردنەوەی ئاستی خزمەتگوزاریی لە بوارە جیاجیاکانی ژیاندا بۆ خەڵک بەدیبهێنێت، وەک ئەوەی لە بەرنامەی کاری خۆیدا ڕایگەیاندبوو، لەلایەکی دیکەشەوە، کابینەی شەش نەیتوانیوە دەستی حیزب لە دامودەزگاکانی حکومەت دوور بخاتەوەو هێشتا سیمای دووئیدارەیی بە هەرێمەوە دیارەو ئەوەشی وت: «هەندێک دەزگاو وەزارەت، تەنیا بە ڕووکەش یەکیانگرتووەتەوە، بەڵام ئەم کابینەیەش وەک کابینەکانی دیکە، دووئیدارەییەو ئیرادەیەکی تر لە سەرەوە فەرمانی پێدەکات، لە هەولێر پارتی باڵا دەستەو لە سلێمانی یەکێتی، تەنانەت تا ئێستا نوێنەری کابینەی پێشوو، شەریکە لە بڕیارەکانی ئەم کابینەیەدا».

> **یوسف محەمەد:**
> **کابینەکە لەڕووی خزمەتگوزارییەوە سستیی زۆری پێوە دیارە**

دەسەڵات (٢١٠) هەزاری (دەرماڵە) نادات بە ئاسایشو پۆلیسو پێشمەرگە 6

## چاکسازیی لە هەرێم... گرەنتی پاراستنی ئەزموونەکەیە

# چاودێران: دۆخەکە پێویستی بە گۆڕانێکی ریشەییە

ڕاپۆرتی: سەنگەر جەمال

**خراپیی ئاستی بەڕێوەبردنو دۆخی سیاسیی لە هەرێمی کوردستاندا بەشێوەیەکە، کە بەشێکی زۆری چاودێرانی نیگەران کردووە، هەروەک ئاماژە بە گرنگیی چاکسازیی ئیداریو سیاسیی دەکەنو هەندێکیان پێیانوایە؛ بارودۆخەکە پێویستی بە گۆڕانێکی ریشەیی هەیە.**

### زەرورەتی چاکسازیی

هەرچەندە چـاودێـران لە گۆشەنیگای جیاوازەوە ئاماژە بە پێویستی چاکسازیی ئیداریو سیاسیی دەکەن لە کوردستاندا، بەڵام کۆکن لەسەر ئەنجامدانی چاکسازییەکە بە شێوەیەک ئەو دۆخەی ئێستا تێپەڕێت.

د.ساڵح عومەر عیسا، مامۆستای زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی سەلاحەدین، پێیوایە؛ سیستمی ئیداریی حکومەتی هەرێم لە چەند ڕوانگەیەکەوە کێشەی هەیە، لەوانە: سیستمی دوو ئیدارەییەو دەبێت هەنگاوێ یەکەم، حاڵەتی دوو ئیدارەیی نەمێنێتو کەلک لە کەسانی پسپۆڕو شـارەزاو بەتوانا وەربگیرێتو بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «حیزبەکانی کوردستان سەرەتا بۆ ئیدارەکردنی کوردستان دروست نەبوون، بەڵکو بۆ بەرگریکردن لە مافی کورد دروستبوونو فەلسەفەی دروستبوونیان جیاوازە لە فەلسەفەی دروستبوونی حیزبەکانی خۆرئاوا، پێویستە ئەو حیزبانەی لە دەسەڵاتن پۆست بە کەسانی گونجاوو پسپۆڕو شارەزا بدەنو لە دەزگاکانی حکومەت ڕێز لە یاسا بگیرێت، نەک یاسا لەسەر هەندێک هاوڵاتی جێبەجێ بکرێت، بەڵام لەسەر هەندێکی تر جێبەجێ نەکرێت».

لـەلایـەکـی دیـکـەوە، د.فـایـەق گوڵپی سیاسەتمەداریش بە گرنگی دەزانـێـت ئەو کەسانەی بەرپرسیارێتییان لە حکومەتدا دەدرێتێ بەپێی تواناو لێهاتوویی پۆست وەربگرن، بڕواشی وایە بەوەی ئابووریی وڵات کەوتووەتە ژێر چنگی هەردوو حیزبی دەسەڵاتدارو لەڕێی دامودەزگا حیزبییە جیاجیاکانیانەوە کاریگەریی خراپیان دروسـتـکـردووە، بە پێویستیشی دەزانێت ئەوە چارەسەر بکرێتو ئابووریی ئـازاد بێت «نەک حیزبو دەسەڵاتدارەکانی دەستی بەسەردا بگرن».

فایەق گوڵپی، وتیشی: «بەشێکی دیکەی چاکسازیی بە جێبەجێکردنی ئەو یاسایانە دەبـێـت، کـە پـەرلـەمـان دەریـکـردووەو پشتگوێخراونو کاریان پێناکرێت وەک، یاسای ڕۆژنامەنووسیی یان حیزبەکان، دەبێت ئەگەر نەتوانێت لەناو خۆیدا گۆڕانکاریی بکات، لە بەغداوە زیاتر دەچەوسێنرێتەوەو خەڵک وەک پێویست لە کوردستانەوە پشتیوانیی ناکات».

بەڵام گوڵپی، بۆچوونی وایە دەسەڵاتی کوردی نایەوێت چاکسازیی بکاتو جگە لەوەش دەیانەوێت لە دەسەڵاتدا بمێننەوە «ئەوەش بەبێ سەروەریی یاساو نەبوونی دەستوور دەبێت، چونکە یەکێک لە مادەکانی دەستوور دەبێت باسی دەستاودەستکردنی دەسەڵاتو دیموکراسی ڕاستەقینە بکات، ئەگەر ئەو شتانە بکرێتو ئەگەر یاسا سەروەربێتو هەڵبژاردنی ئازادو دەستوورێکی گونجاوو مۆدێرن هەبێت، دەستوور بە کەموکورتییەکانی چاکبکرێتو دەربکرێت بە شێوەیەک ببێتە بنەمای یاساو کارەکانو پێوەندییەکانی نێوان دەسەڵاتو خەڵک».

هەروەک مەسعود عەبدولخالق، چاودێری سیاسییش، ڕای وایە لەدوای ڕاپەڕینەوە هەردوو حیزبو بەرپرسان باسیان لە چاکسازیی کردووە، بەڵام ئێستا ئەگەر وشەیەکی زۆر نەرم بەکاربێنین دەبێت بڵێین چاکسازیی، چونکە بە وتەی ناوبراو گەندەڵییەک لە کوردستان بەرپا بووە لە جیهاندا وێنەی نییەو گەندەڵیی بووەتە ئەوەی خاوەنی ئیدارەو حکومەت بێتو بۆ ڕۆژنامەشی ڕوونکردەوە، کە چارەسەری ئەو کێشەیە بە گۆڕینی بنەڕەتی دەبێت، «ئەوەش بە جیاکردنەوەی دەسەڵاتی حیزب لە ئیدارە، جگە لـەوەی ئەو سیستمەی لە کوردستان پەیڕەودەکرێت، زۆر ناوازەیە، کە دەسەڵاتی دوو حیزب پێکەوە بە دەگمەن پەیڕەو کراوە».

> « گەندەڵییەک لە کوردستان بەرپا بووە
> لە جیهاندا وێنەی کەمە »

### پاڵنەرەکانی چاکسازیی

چاودێران پێیانوایە نەبوونی ویستو ترس لە ئەنجامی چاکسازییو گۆڕانکاریی وایکردووە دەسەڵاتدارانی کوردستان بیر لە ئەنجامدانی چاکسازیی نەکەنەوە، ئەوەش بە مەترسیی دەزاننو «ئەگەر بەو شێوەیە بێت مەترسیی قەیرانی زیاتری لێدەکرێت».

د.ساڵح، لەو ڕووەوە دەڵێت: «هەوڵدراوە، بەڵام نەمانتوانیوە حکومەتێکی یەکگرتوومان هەبێت، ئـەوەش کاریگەریی لەسەر کێشە ئیدارییەکان دروستدەکات»، جگە لەوە پێیوایە؛ وابەستەبوون بە عێراقەوە وادەکـات ئەوەی لەوێ ڕوودەدات کاریگەریی لەسەر ئێمەش هەیە «ئێستا دۆخی عێراق نائاساییە، ئەوەش کاریگەریی لەسەر هەرێمی کوردستان دەبێتو حکومەتی هەرێمی کوردستان زیاتر دەکەوێتە ژێر بارودۆخی عێراق، بەوپێیەش بە وتەی ناوبراو لەمەودوا هەنگاوەکانی بەرەو چاکسازیی زەحمەتتر دەبێت، بۆیە تاکە ڕێگە بۆ مانەوەی کورد لەناو بارودۆخی ئاڵۆزی عێراقدا ئەوەیە، کە سیستمێکی دیموکراسی هەبێت، ئەو دەسەڵاتدارانە ئەوەندە کەموکوڕییان هەیە خەڵک قبوولیان نابێت، بۆیە نە دەتوانن خۆیان بگۆڕنو چاکسازیی بکەن نە لێپێچینەوە لە کەموکوڕیی هەڵەکان دەکەن».

لای خۆشیەوە مەسعود عبدالخالق، هۆکاری ئەنجامنەدانی چاکسازیی بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە، کە دەبێت (٨٠٪)ی دۆخەکە بگۆڕێت، ئەوەش بە شۆڕش یان گۆڕانکاریی ریشەیی یان شتێکی تر دەکرێت، کە گەورەترە لە چاکسازیی».

ئەو ئاماژە بە مەترسییەکانی دەکات لەکاتی ئەنجامنەدانی چاکسازیداو دەڵێت: «مەترسییە گەورەکان بەشێکی هاتووەتە دی، چونکە پێشتر سیستمی تەندروستیو خوێندنو بازرگانییو ئەخلاقی هەمووی وێران بووە، ئەوە بەشێکە لە دەرهاویشتەی نەبوونی ئەو چاکسازییەو قەیرانی زۆر گەورەش بەڕێوەیە».

### پرۆژەکەی گۆڕان ئومێدێک بۆ چاکسازیی

دوو مانگ لەمەوبەر بزووتنەوەی گۆڕان پرۆژەیەکی بۆ ئەنجامدانی چاکسازیی ئیدارییو سیاسیی لە هەرێمی کوردستان پێشکەشی لایەنە پەیوەندیدارەکانی هەرێمی کوردستان کرد، کە لە (١٢) خاڵ پێکهاتووە، چاودێران بە ئومێدەوە لە پرۆژەکەو هەر پرۆژەیەکی لەو شێوەیە دەڕواننو دەخوازن دەسەڵاتو سەرجەم لایەنەکان بە گەشبینییەوە کار بۆ جێبەجێکردنی ناوەڕۆکی ئەو خاڵانە بکەن، کە ئەزموونەکە بەرەوپێش دەبات، نەک دژایەتی بکەن.

مەسعود عبدالخالق، پێیوایە؛ ئەو پرۆژەیە بە قازانجی هەردوو حیزبی دەسەڵاتدارو میللەتی کوردە، وتی: «دەبێت بەو چاوە سەیر نەکەن، کە ئەوە پرۆژەی ئۆپۆزسیۆنە، لەبەر ئەوەی ئەزموونەکە لە خەتەردایە، بۆیە ئەوەو لەوە زیاتریش چاکسازیی بکرێتو خاڵەکان زیاتر چڕ بکرێنەوە بۆ ئەوەی ئەزموونی کوردستانو هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار کە ئەو وەرقەیە دەرمانە بۆ ئەو حیزبانە بۆ ئەوەی لەو دۆخە سەرەتانییەی تێیکەوتوون، بێنە دەرێ».

هەروەک د.فایەق، باس لەوە دەکات؛ کە پرۆژەکەی لە ڕاگەیاندنەکانەوە بینیوە، بەڵام دەڵێت: «هـەر پرۆژەیەک بۆ چاکسازییو گۆڕانکاریی بێت، بە شتێکی چاکی دەزانمو حکومەت دەتوانێت سوودی لێوەربگرێت، بەڵام ئەوەی جێی داخە لەبەر ئەوەی هی گۆڕانە ئەگەری هەیە پشتگوێی بخەن، چونکە هەر پرۆژەیەک لە ئۆپۆزسیۆنەوە بێت، دەسەڵات قبوولی ناکاتو هەوڵدەدات پەراوێزی بخات».

هەروەها د.ساڵح، ئەوە دەخاتە ڕوو؛ کە ناوەڕۆکی پرۆژەکەی نەدیوە، وتی: «بەڵام بەشێوەیەکی گشتیی هەر پرۆژەیەک کە بۆ چاکسازیی ئیدارییو سیاسیی لەلایەن هەرلایەنێکەوە بێت، چ گۆڕان، یان ئۆپۆزسیۆنو دەسـەڵات جێگەی خۆشحاڵییەو پێویستە لایەنەکانی تریش بە شێوەیەکی واقیعبینانە خوێندنەوەی بۆ بکەنو ئەو خاڵانە کە تێیدا خزمەت بە کوردو حکومەتی هەرێم دەکەن، پێویستە ڕێزی لێبگرنو کاری لەسەر بکرێتو جێبەجێ بکرێن، نابێت بڵێن لەبەرئەوەی لەلایەن فلانە لایەنەوە پێشکەشکراوە دژایەتی بکەن».

# پرۆژەی بزووتنەوەی گۆڕان بۆ چاکسازیی سیاسیی لە هەرێمی کوردستاندا

**بۆ بەرێزان:**
**– سەرۆکی هەرێمی کوردستان.**
**– سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان.**
**– سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان.**
**– مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان، کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان.**

**پرۆژەی بزووتنەوەی گۆڕان بۆ چاکسازیی سیاسیی لە هەرێمی کوردستاندا**

١- پەیڕەوکردنی پرەنسیپی ئیجماعی نیشتمانیی سەبارەت بە هەموو ئەو پرسانەی، کە پەیوەندییان بە چارەنووسی نیشتمانیی خەڵکی کوردستانەوە هەیە، وەک: (پرۆژەی دەستووری هەرێم، ئەو پرۆژەو دەزگایانەی پەیوەندییان بە پرسی هەڵبژاردنو نەزاهەوە هەیە، سیاسەتی نەوتو گاز، ئەو بڕیارو هەڵوێستانەی پەیوەندیی نێوان هەرێمو ناوەند، هەرێمو دنیای دەرەوە ڕێکدەخەن).

٢- چالاککردنی ڕۆڵـی ڕەقابیو تەشریعیی پەرلەمانی کوردستانو شەفافکردنی چالاکییەکانی بۆ ڕای گشتیی، گۆڕینو دیموکراتیزەکردنی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانو جێبەجێکردنی دوور لە ئینتقائیەتو مەرامی سیاسیی.

٣- یەکخستنەوەو بە هەرێمیکردنی هێزە چەکدارەکان (پێشمەرگە، ئاسایش، پۆلیس، پاسەوانی سنوور)، قەدەغەکردنی ڕێکخستنی حیزبی لەناویاندا، هەڵوەشاندنەوەی تەشکیلاتی تایبەتیو شەخسیی. ڕێکەوتن لەسەر دەرچوواندنی پرۆژەیاسای قەدەغەکردنی ڕێکخستنی حیزبیی لەناو هێزە چەکدارەکاندا، کە لە پەرلەمانی کوردستان خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە.

٤- هەڵوەشاندنەوەی هەموو جۆرە سزایەکی سیاسییو قەدەغەکردنی بە قانوون، گەڕاندنەوەی ئەوانەی کە تائێستا نەگەڕێندراونەتەوە بە تایبەتی لە تەشکیلاتە چەکدارییو ئەمنییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانو پارتی دیموکراتی کوردستانو بژاردنەوەی مووچە کەڵەکەبووەکانیان.

٥- سڕینەوەی سیمای دوو ئیدارەیی لە تەواوی دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمدا بە کردەوە، بە تایبەتی لە وەزارەتی دارایی، دیوانی چاودێریی دارایی، ئاسایشو پێشمەرگەو هێزە چەکدارەکان بە گشتیی.

٦- دابینکردنی یارمەتی دارایی حیزبەکان بە شێوەیەکی عادیلانە بەپێی سەنگو قورساییان لەناو پەرلەماندا تا دەرچوونی پرۆژەیاسای دارایی حیزبەکان، کە خوێندنەوەی یەکەمی لە پەرلەماندا بۆ کراوە.

٧- بڕینی یارمەتی دارایی هەموو ئەو ڕێکخراوە مەدەنیو پیشەییانەی کە سەر بە حیزبن، یان نزیکن لە حیزب تا دەرچوواندنی یاسایەک کە بە شێوەیەکی عادیلانە لە ڕێگەی دەستەیەکی سەربەخۆوە، کە سەرپەرشتیو تەمویلی سەرجەم ڕێکخراوەکان بکات.

٨- بڕینی یارمەتی دەزگای ڕاگەیاندنی حیزبەکان، یان نزیک لە حیزبەکان تا دەرچوواندنی یاسایەک بۆ ڕێکخستنی یارمەتیدانی ڕاگەیاندن بە شێوەیەکی گشتیی.

٩- بەخشینی سەربەخۆیی زانستیو کارگێڕیی بە زانکۆو پەیمانگەکانو نێوەندەکانی پەروەردەو خوێندن بە گشتییو قەدەغەکردنی دەستێوەردانی حیزبیی تیایاندا بە کردەوەو بە قانوون.

١٠- پەیڕەوکردنی شەفافیەت لە دانانی بودجەی (٢٠١١)و پێشکەشکردنی بە پەرلەمان لە کاتی خۆیدا، هەروەها پێشکەشکردنی حسابی خیتامی (٢٠١٠) لە کاتی خۆیدا.

١١- کاراکردنی ڕۆڵی داواکاری گشتیی هەرێمو کاراکردنی ئەو یاسایانەی کە لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە دەرچوونو پابەندکردنی حکومەتی هەرێم بە جێبەجێکردنیان، وەک: یاسای ڕۆژنامەگەریی، یاسای دیوانی چاودێریی گشتیی، یاسای ئەنجومەنی شورای هەرێمو یاسای نەوتو گاز.

١٢- ڕێکەوتن لەسەر سەقفێکی زەمەنی بۆ جێبەجێکردنی خاڵەکانی سەرەوە.

تێبینی:

لەبەر ڕۆشنایی کۆبوونەوەی وەفدی ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان لەگەڵ سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە ٤/٨/٢٠١٠ ئەم وەرەقـەیـە لە کۆبوونەوەیەکی نوێنەرانی لایەنە سیاسییەکان لە دیوانی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ڕۆژی ١٦/٨/٢٠١٠ پێشکەش بە سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و جێگرەکەی و نوێنەرانی ئەو لایەنانە کرا، کە لە سەرەوە ناویان هاتووە.

# سووکایەتیی بە پەرلەمانتارێک دەکرێتو حکومەتیش دەڵێت: «ئێمە فەرمانی پشکنینمان کردووە»

دلێر عەبدولخالق

بە هۆی سووکایەتیکردن بە ئەندامێکیان لە یەکێک لە بازگەکانی سنووری سلێمانی، فراکسیۆنی گۆڕان یاداشتێک ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکاتو داوای ڕوونکردنەوە لە سەرۆکی حکومەتو وەزیری ناوخۆ دەکات.

دوایئەوەی ڕۆژی ٢٢/١٠/٢٠١٠ لە بازگەی سلێمانی- عەربەت، کارمەندێکی ئاسایش سووکایەتی بە پەرلەمانتار (عـەبـدوڵـلا مـەلا نـووری) دەکـاتو ئۆتۆمبێلەکەی پێ ڕادەگرێتو جگە لە وەرگرتنی پێناسی یەکێتیی پەرلەمانتارانی کوردستان لە خۆی، داوای ناسنامە لە خێزانەکەشی دەکات، لەکاتی نیشاندانی پێناسی پەرلەمانی کوردستانیش سوور دەبن لەسەر پشکنینی ئۆتۆمبێلەکەی.

فراکسیۆنی گۆڕان، لە یاداشتێکی کە ڕۆژی ٢٤/١٠/٢٠١٠ بڵاوکراوەتەوە، بە توندی ڕەفتاری کارمەندی ئەو بازگەیە ئیدانە دەکەنو ڕایدەگەیەنن: «ڕەفتاری ئەو بازگەیە مەبەستدارو بەرنامە بۆ دارێژراو بـووەو هەوڵێکە بۆ ئیستفزازکردنی ئەندامانی فراکسیۆنەکەمان».

ئەمە لەکاتێکدایە، بەپێی مادەی (٢٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، ئەندامی پەرلەمان خاوەن حەسانەیەو بە بڕیاری دادوەرو ڕەزامەندیی پەرلەمان نەبێت، کەس بۆی نییە دەسـت بخاتە ڕێگەی خۆیو ماڵی بپشکنێت، دوای گەیاندنی ئەو حاڵەتە بە ئەنجومەنی وەزیـران، سەرۆکی حکومەت فراکسیۆنی گۆڕان ئاگادار دەکاتەوە بۆ پاراستنی ئەمنییەتی هەرێم فەرمانیان بە هەموو بازگەکان کـردووە پشکنینو داوای ناسنامە لە هەموو کەسێک بکەن.

لـە بـەرامـبـەردا، پەرلەمانتارێکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ئاماژە بەوە دەکات؛ باری ئەمنیی پاساو نییە، بۆ سووکایەتیکردن بە پەرلەمانتار، چونکە لەکاتێکدا بەغدا بە هەلومەرجی ناهەمواری ئەمنییدا تێدەپەڕێت، بەڵام لە بازگەو فرۆکەخانەو شوێنە گشتییەکاندا بە حورمەتو سڵاوی پیاوانی پۆلیس مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت.

پارێزەر بەکر حەمە سدیق، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «پشکنینی هاوڵاتییان ئاساییە، بەڵام ئەگەر لە بازگەیەک پەرلەمانتار پێناسی خـۆی نیشانی کارمەندەکان داو دواتر سووکایەتیی پێکرا، بێگومان ڕەفتاری ئەو بازگەیە نایاساییەو وەڵامی حکومەتی هەرێمیش بۆ پاساوی ئەمنیی لەجێی خۆیدا نییە، چونکە ئێمە لە بەغدا بەهۆی حەسانەوە وەک (vip) مامەڵەمان لەگەڵ دەکرێت».

لە یاداشتەکەی فراکسیۆنی گۆڕان ئاشکرا کراوە، چەند جارێکی تریش گرفت بۆ ئەندامەکانیان دروستکراوە، بۆیە داوا دەکەن:

سەرۆکایەتی حکومەتو وەزیـری ناوخۆ، بانگهێشتی پەرلەمان بکرێنو داوای ڕوونـکـردنـەوەیـان لێبکرێت لەسەر ئەوەی چۆن حکومەت ئەو مافە بەخۆی دەدات بێ هیچ پرسکردنێک بە سەرۆکایەتی پەرلەمان، پەرلەمانتار بپشکنن.

جگە لە ئیجرائاتکردن بەرامبەر ئەو پۆلیسو بەرپرسی بازگەیە، داوا لە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکـەن بە نووسراوێک گشتاندن بۆ هەموو بازگەکان بکەن، بۆ ئەوەی لە ڕووی پرۆتۆکۆڵییەوە مامەڵەی بەرپرسی پایەبلند بۆ ئەندامانی پەرلەمان بکرێت.

«لە سیستمی پەرلەمانیدا، نابێت هێزی چەکدار سەر بە سەرۆکی وڵات بێت»

# لە پرۆژەکەی حکومەتدا، دەزگاکانی ئاسایشو هەواڵگریی، لەنێوان یەکێتیو پارتیدا دابەش دەکرێن

راپۆرتی: رۆژنامە

**ئەنجومەنی وەزیران، پرۆژەیاسای ئەنجومەنی ئاسایشی پەسەند کرد، کە راستەوخۆ سەر بە سەرۆکی هەرێم دەبێت، بەڵام لەنێویدا دەزگاکانی ئاسایش کە بەشێکن لەو ئەنجومەنە سەر بە ئەنجومەنی وەزیران دەبێت، کە بە بڕوای شارەزایان ئەمە بەریەککەوتنی دەسەڵاتەکانی لێدەکەوێتەوە**

### بەریەککەوتنی دەسەڵاتەکان

هەفتەی رابردوو ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێم پرۆژەیاسای ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستانی پەسەند کرد، کە بەپێی پرۆژەیاساکە ئەنجومەنی ناوبراو سەر بە سەرۆکی هەرێم دەبێتو دەزگای ئاسایشی هەرێمو بەڕێوەبەرێتی گشتیی هەواڵگریی سەربازییو ئاژانسی پاراستنو دەزگای زانیاریی دەگرێتە خۆی.

هەر لەو کۆبوونەوەیەی هەفتەی رابردوودا، ئەنجومەنی وەزیران دوای تاوتوێکردنی، پرۆژەیاسای دەزگای ئاسایشی هەرێمی پەسەند کرد، کە بە گوێرەی ئەو پرۆژەیاسایە، دەبێت لە هەرێمدا یەک دەزگای ئاسایش هەبێت، کە سەر بە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بێت.

ئەوەی جێگەی تێبینیو رەخنەی شارەزایانە، ئەوەیە، کە بەپێی پرۆژەیاسای ئەنجومەنی ئاسایش، ئەو ئەنجومەنە سەر بە سەرۆکایەتی هەرێم دەبێت، هاوکات بەپێی پرۆژەیاسای دەزگای ئاسایش کە بەشێکە لە ئەنجومەنەکە سەر بە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران دەبێت.

د.زانا رەئووف، ئەندامی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان لەو بارەیەوە بە رۆژنامەی راگەیاند: ئەنجومەنی وەزیرانو سەرۆکایەتی هەرێم هەردووکیان دوو بەشی دەسەڵاتێکن، کە پێی دەوترێت (دەسـەڵاتـی جێبەجێکردن)، هەربۆیە پێویستە لەکاتی گفتوگۆدا لەسەر ئەو دوو پرۆژەیاسایە لە پەرلەمان قسە لەسەر ئەوە بکرێت کە ئایا سەر بە ئەنجومەنی وەزیران بن، یان سەرۆکایەتی هەرێم؟

بەپێی یاسای ژمارە (١ی ساڵی ٢٠٠٥)ی سەرۆکایەتی هەرێم، سەرۆکی هەرێم فەرماندەی هێزە چەکدارەکانی هەرێم دەبێت، کە بە بڕوای ئەو ئەندامەی لیژنەی یاسایی ئەوە جیاوازە لە شێوازی سیستمی پەرلەمانی، کە تیایدا سەرکردایەتیکردنی هێزی چەکدار لە دەسەڵاتی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیراندایە، هەر وەک لە عێراقیش پیادە دەکرێت.

وتیشی: «هـەسـت دەکـەم کارێکی تەندروستە، ئەگەر ئەو هێزانە لە دەسەڵاتی ئەنجومەنی وەزیراندا بێت، چونکە ئەوکاتە ملکەچ دەبێت بۆ چاودێریکردنی لەلایەن لیژنەکانی پەرلەمانەوە، ئەمەش هەنگاوێکی باشە، چونکە ئەگەر سەر بە حکومەت نەبێت، ئەوا پەرلەمان ناتوانێت چاودێریی بکات، هۆکاریش بۆ ئەمە نەبوونی پەیوەندییەکی ئەوتۆیە لەنێوان پەرلەمانو سەرۆکایەتی هەرێمداو هەریەکەیان بە هەڵبژاردنی راستەوخۆ دادەنرێن».

بەڵام بۆچوونێکیش هەیە لەسەر ئەوەی کە تێکەڵکردنی ئەو دەزگا ئەمنیانە لە دۆخی ئێستادا رەنگە کارێکی ئەوەندە ئاسان نەبێت، بۆیە ئەنجومەنی وەزیران بیری لە چارەسەرێکی لەو جۆرە کردووەتەوە.

د.سـەرهـەنـگ حەمید، مامۆستای زانستی سیاسیی پێیوایە؛ کە لەبەر ئەوەی هێشتا دەزگا ئەمنییەکان تێکەڵ نەبوون، بۆیە ئەنجومەنی وەزیـران بەو شێوەیە پرۆژەکەی داڕشتووە، «مەسەلەی ئەو تێکەڵکردنە ماوەیەکی زۆری دەوێـت، رەنگە بۆ سەقامگیریی هەرێم هەنگاوەکان بە تەدریجی بکرێن، راستە رەنگە تا داهاتوویەکی دوور نەتوانرێت وا بکرێت کە ئەو دەزگایانە سەر بە یەک سەرۆکایەتی بن، بەڵام دەبێت بە واقیعی بیربکەینەوە، کە ئەگەر دەستبەجێ ئـەو دەزگایانە تێکەڵ بکرێن رەنگە دەرەنجامی خراپی لێبکەوێتەوە».

لە ساڵی (٢٠٠٤) پرۆژەیاسایەک بۆ یەکگرتنەوەی هەردوو دەزگای ئاسایشی سلێمانیو هەولێر لە پەرلەمان پەسەند کرا، بەڵام کاری پێنەکرا، کە بە بڕوای چاودێرانی سیاسیی هۆکاری ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵێک کێشەی نێوان یەکێتیو پارتی، هەربۆیە دواتـر ئەو دامودەزگایانە لە ئاژانسی پاراستنی هەرێمدا کۆکرانەوە کە راستەوخۆ لەگەڵ سەرۆکایەتی هەرێم پەیوەندیدار بوو، بەڵام ئەمجارەش یەکێتی ئەو پرسەی جێبەجێ نەکرد، هاوکات وەک دەرکـەوت لە بودجەی (٢٠١٠)دا ئاسایشی گشتییو دەزگـای پاراستن لە هەولێر یەک بودجەیان بۆ دانرا، کە چەند جارێک لە بودجەی ئاسایشی سلێمانی زیاتر بوو، لە ئێستاشداو لە سەروبەندی بە دامەزراوەییکردنی ئەو دوو دەزگایە ترسێک لە دووبارەبوونەوەی ئەزموونی رابردوو هەیە.

کاروان ساڵح، ئەندامی لیژنەی ناوخۆو ئاسایش لە پەرلەمانی کوردستان لەو بارەیەوە بە رۆژنامەی راگەیاند: ئەگەر ئەو دامودەزگایانە بە دامەزراوەیی نەکرێنو حکومەت خۆی راستەوخۆ سەرپەرشتیان نەکات، کە پەرلەمان وەک وەزارەتەکان بتوانێت چاودێرییان بکات، هەرچۆنێک بێت مۆرکی حیزبایەتیان پێوە دیار دەبێتو جۆرێک گرفت دروست دەکات لەوەی کە دەزگایەکمان هەیە پێیدەڵێن، ئاسایشو دەزگایەکی ترمان هەیە پێیدەڵێن، هەواڵگریی، ئەگەر سەر بە دوو شوێنی جیاوازبن، ئەوە جۆرێک لە گرفت دروسـت دەکات بۆ حکومەت لەسەر چۆنێتی ئەنجامدانی بەڕێوەبردنی ئەو دامودەزگایە، چونکە ئەو دامودەزگایانە لە رووی ناوەڕۆکەوە یەک جۆرە کاری تێکهەڵکێشیان هەیە لەگەڵ یەکتری، بۆیە کۆکردنەوەی هەموو ئەو دامودەزگایانە لە یەک دامەزراوەی دوور لە دەستی حیزب، راستەوخۆ حکومەت سەرپەرشتی بکات، باشتر خزمەت بە ئەزموونی هەرێم دەکات».

جیاکردنەوەی دەزگـای ئاسایش لە هەواڵگریی بە شێوەیەک کە هەر یەکێکیان سەر بە دوو سەرۆکایەتی جیاواز بن، بە بڕوای پسپۆڕێکی کارگێڕیی بەریەککەوتنی دەسەڵات دروست دەکات.

د.کاوە قەرەداخی، پسپۆڕی کارگێڕیی پێیوایە؛ کە پێویستە ئەو دەزگایانە سەر بە یەک دەسـەڵات بن «بۆ ئەوەی بەپێی هەیکەلی رێکخراوی کارگێڕیی دەسەڵاتو بەرپرسیارێتییان بۆ دابـنـرێـت، تاکو بەریەککەوتنی دەسەڵاتەکان لەنێوان دەزگاکانو سەرۆکایەتییەکانیشدا دروست نەبێت».

ئەو مامۆستایەی زانکۆ پێیوایە؛ کە پێویستە پەرلەمان مافی لێپێچینەوەی لە سەرۆکایەتی هەرێمیش هەبێت، «لەبەر ئـەوە پەرلەمان دەبێت بۆی هەبێت کە بەدواداچوون بۆ کارەکانی سەرۆکایەتی هەرێمیش بکات، بەتایبەتیش دەزگاکانی ئاسایشو هەواڵگریی ئەگەر سـەر بە سەرۆکایەتی هەرێم بوون».

مانەوەی دوو ئیدارەیی تائێستاش لە کوردستانداو بە تایبەتیش لە هێزی چەکدارو هێزەکانی ئاسایشدا بۆچوونێکی ترە سەبارەت بە دابەشکردنی دەزگاکانی ئاسایشو هەواڵگریی بەسەر سەرۆکی هەرێمو سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران کە سەر بە هـەردوو حیزبی حاکمن لە کوردستاندا.

ئـاریـان محەمەد، پسپۆڕی یاسای فیدراڵیی ئـەو بـۆچـوونـە زیـاتـر تۆخ دەکاتەوەو دەڵێت: «ئەو بڕیارە زیاتر لەژێر رۆشنایی دوو ئیدارەییدا رەنگیداوەتەوە، بەوپێیەی لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمدا، سەرۆک خۆی فەرماندەی هێزی چەکدارە، کەواتە دەبێت هەموو ئەو دەزگا ئەمنییانە بچێتەوە ژێر دەسەڵاتی ئەو، بەڵام لێرەدا فرسەتێک دراوە بەوەی کە بەشێک لەو دەسەڵاتە ئەمنییە بگەڕێتەوە ژێر دەسەڵاتی ئەنجومەنی وەزیـران بە حوکمی ئەو کابینەیەی ئێستا هەیە، کە دیارە سەر بە چ لایەنێکەو سەرۆکایەتی هەرێمیش سەر بە چ لایەنێکە».

### وڵات بەرەو سیستمی سەرۆکایەتی دەبات

کۆنترۆڵکردنی جیهازی ئەمنیی لەلایەن سەرۆکایەتی هـەرێـمـەوە، بە بـڕوای شارەزایان رەنگە وڵات بەرەو سیستمی سەرۆکایەتی ببات، لەکاتێکدا لە کوردستان سیستمی پەرلەمانی پەیڕەو دەکرێت.

د.زانا، ئاماژە بەوە دەکات؛ کە بە حوکمی ئەوەی سیستمی پەرلەمانیی لە کوردستاندا تائێستا ناجێگیرەو بنەمای جیاکردنەوەی دەسـەڵاتـەکـان لە هەرێمدا پشتبەست بە پلەبەندی دەسـەڵاتـەکـان هـاتـووە، بۆیە ئەوە یەکلایی نەبووەتەوە کە ئایا دەسەڵاتی جێبەجێکردن لەپێش دەسەڵاتی یاسادانانەوەیە، یان بە پێچەوانەوە؟ وتیشی: «ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە ئەو سیستمە پەرلەمانییەی کە لە کوردستاندا پەیڕەوی لێدەکرێت، تائێستا نەیتوانیوە پەیوەندییەکی تەندروست دروست بکات لەنێوان هەردوو بەشی یەک دەسەڵاتدا، کە ئەویش ئەنجومەنی وەزیـرانو سەرۆکایەتی هەرێمە، کە بە بڕوای من ئەم ناتەندروستییە لە دۆخەکەدا، تا ئایندەیەکی دوورتریش هەر بەردەوام دەبێت، بۆیە رۆڵ دابەشکردنەکانیش بە هەمان شێوە جـۆرە ناتەندروستییەک بـەخـۆیـەوە دەبینێت، هـەتـاوەکـو ئەو پێگانەی کە هەن لە حوکمڕانیی هەرێمدا دەبن بە دامەزراوەیی، چونکە تائێستاش کەسایەتییەکان زۆرتر رەنگدانەوەی رۆڵیان هەیە لەناو دامەزراوەکاندا».

وەکـو قۆناغی یەکەم ئەندامەکەی لیژنەی یاسایی پێکهێنانی ئەو ئەنجومەنە بە کارێکی باش دەزانێت «بەشێوەیەک کە بتوانێت ئاسایش لە چنگی حیزب بێنێتە دەرەوە، بیکاتە ئاسایشی هەرێم، چونکە لە رابردوودا ئاسایشی نیشتمانیی نەبووە، بەڵکو ئاسایشی لایەنێک بـووە لەسەر بنەمای بەرژەوەندییەکانی حیزب کە خۆی خاوەنی دیالێکتی خۆی بووە».

هەربۆیە بە بڕوای د.سەرهەنگ، بەهۆی ئەوەی کە سەرۆکی هەرێم کەسایەتییەکە کە بە هەڵبژاردن هاتووەو یاساش مافی ئـەوەی پێداوە، کە سەرکردایەتی هێزە چەکدارەکان بکات، بۆیە رەنگە لەو رووەوە هیچ کێشەیەک دروست نەبێت، بەڵام ئەو دەزگایانە ئەگەر لەژێر فەرمانی ئەنجومەنی وەزیراندابن رەنگە بۆ چاودێریکردنیان لەلایەن پەرلەمانەوە باشتربێت.

وتیشی: «لە کورستاندا شتێک پەیڕەو دەکرێت، کە پێیدەڵێن؛ کۆنترۆلکردنی دامودەزگاسەربازییەکان لەلایەن دامودەزگا مەدەنییەکان، مـادام ئێمە سەرۆکێکی مەدەنیمان هەیە کە بە هەڵبژاردن هاتووە، بۆیە پێموانییە کێشە دروست ببێت، بەڵام بەستنەوەی ئەو دەزگایانە بە ئەنجومەنی وەزیرانەوە، باشترە».

بـەو پێیەی لە رابـــردوودا هـەردوو دەزگای پاراستنو زانیاریی، دوو دەزگای هەواڵگریی حیزبیی بوون لە ئێستادا بە حکومیکردنیان رەنگە گومان لای خەڵک دروســت بـکـات، بــەوەی کـە مەبەست لە کـۆکـردنـەوەیـان لــەو ئەنجومەنەدا هێشتنەوەیان بێت وەک خۆیان.

پەرلەمانتارەکەی لیژنەی ناوخۆ پێیوایە؛ کە بەهۆی ئەوەی هەردوو دەزگای ناوبراو حیزبین، پێویستە هەر کاری حیزبەکان بکەن، ئەویش بە یاسا رێکبخرێن، «راستتر وایـە کە حکومەتی هەرێم دەزگایەکی تایبەتمەند بە هەواڵگریی دابمەزرێنێت، بۆ کۆکردنەوەی زانیاریی لەسەر هەر بابەتێک مەبەستی بێت، نازانم دەزگای زانیارییو پاراستن لە رووی کارگێڕییەوە چۆن دەکەونە ژێر دەسەڵاتی دەزگایەکی نیشتمانییەوە لەکاتێکدا ئەو حیزب دروستی کـردوونو حیزب خولی بۆ پێگەیاندنی کارمەندەکانی کـردووەتـەوە، ئـەوان وا راهاتوون کە ئیش بۆ حیزب بکەن، ئێستا چۆن دەتوانن لە بوارێکی وا فراواندا کار بۆ نیشتمانێک بکەن، بۆیە دەبێت هەڵبووەشێنەوەو حکومەت خۆی دەزگای لەو جۆرەی هەبێت».

ئەمە جگە لەوەی کە بە بڕوای کاروان ساڵح، دەزگایەک کە دامەزراوەیی بێتو بە یاسا رێکبخرێت، کـاری حکومەتە کە سەرپەرشتی بکات، چونکە ئەوە پـەیـوەنـدیـدارە بـە وەزارەتـەکـانـەوە بەتایبەتیش وەزارەتی ناوخۆو پێشمەرگە، کە راستەوخۆ پەیوەندییان پێوەی هەیە.

هـەروەک ئاریان محەمەد، پێیوایە؛ کە دەبـوو لە کوردستانیش سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیـران فەرماندەی هێزە چەکدارەکان بوایە، چونکە سیستمی هەرێم سیستمێکی پەرلەمانییە، نەک سەرۆکایەتی، «بەڵام لە کوردستان بەشی زۆری دەزگا ئەمنییەکان سەر بە سەرۆکی هەرێمە بە حوکمی ئەو پێگەیەی کە هەیەتی ئەوەش بە یاسا چەسپاوە، ئەمەش وایکردووە کە دامەزراوەیەک نەبێت کە خەڵک لە ئەنجامی کارەکانی ئەو دەزگـا ئەمنییانە ئاگادار بکاتەوە».

## ئەرکەکانی ئۆپۆزسیۆن



شـوان رابـەر*

ئۆپۆزسیۆن، بە مانای دەنگی هـەقو دلـێـر، دەنگی نارازییو دژی دەسەڵات، دەنگی داکۆکیکار لـە مـافـەکـانـی خـەڵـک، دەنگی رێبەرایەتیکردنی خـەڵـک، دەنگی دژی بێدادییو ستەمو تاوانو قۆرخکردنو چەوساوەیی، دەنگی چاکو بەرهەڵستیکار، لە نێو هەموو گەلو وڵاتێکیشدا، شتێکی چاکو پێویستە بۆ بەرگریکردن لەو واتاو ماناو مەبەستانەی باسمانکردن، بۆ بەدیهێنانی خواستە چاکەکانی خەڵک، شتێکی زۆ چاکەو ئەم کارو ئەرکو لایەنە چاکانەی هەیە.

١- رێبەرایەتیکردنی خەڵک: بە گشتیی ئەرکی ئۆپۆزسیۆنە، لە هەموو روویـەکـەوە، لە سنووری کـارو دەسـەڵاتو چالاکیی خۆی، هەوساری گەل بگرێتەدەستو سەرکردایەتیو رێبەرایەتیی خەڵک بکات بۆ بـەرەو پێشەوەبردنی، بۆ بەدەستهێنانی ئامانجو مافەکانی.

٢- دەرخستنی راستییەکان: ئەرکی ئۆپۆزسیۆن بریتییە لە دەرخستنی هەڵەو تاوانو کەموکوڕییو راستییەکان، دەبێت بەخەم خەڵکەوە بێتو بـەدواداچـوون بۆ کێشەو پرسو گیروگرفتەکان بکات.

٣- خـسـتـنـەرووی راستییەکان: رۆڵو ئەرکی ئۆپـۆزسـیـۆن بریتییە لە دەرخستنو خستنەڕووی راستییەکان بـۆ خـەڵـکو حکومەت، بۆ رای گشتیو میدیاکان.

٤- بەرگریکردن: دەبێت ئۆپۆزسیۆن بەرگریی لە مافو داخوازیو ئامانجەکانی خەڵک بکاتو بەدەمیانەوە بچێت.

٥- راسـتـکـردنـەوەی دەسەڵات: زۆرجار دەسەڵات، لانـس وەردەگـــرێـــتو سنـوورەکـان دەبەزێنێتو بـــەرەو لـێـــوارو خـراپـەو هەڵدێر دەڕوات، بۆیە دەبێت ئۆپۆزسیۆن راستی بکاتەوە، پێشگیریی لێ بکات، بەرەو چاکەی ببات.

٦- بەرهەڵستیکردنی دەسەڵات: دەبێت ئۆپۆزسیۆن لـەسـەر هـەقو پێویست، بەرهەڵستیو دژایەتی ئیجابی دەســەڵات بکات، لایەنگری خـەڵـکو هـەق بـێـت، نابێت ماستاو بۆ دەسـەڵات بکات، ئۆپۆزسیۆن بۆیە ئۆپۆزسیۆنە، لە جیاتی خەڵک بخوێنێتو هەڵوێستی هەبێت.

٧- ئۆپۆزسیۆن، دەبێت چـەنـدان رۆڵو ئـەرکـی تر ببینێت، وەک: هـانـدانو بێدارکردنەوەی خەڵک لەسەر هـەق، بـەچـۆکـدانـەهـاتـنو رەچاوکردنی بەرژەوەندیی گشتیی.

ئیتر بەم جۆرە ئۆپۆزسیۆن، گەلو وڵات پێش دەخات، بۆیە ئۆپۆزسیۆن شتێکی پێویستەو لـە بـەرژەوەنـدیـی گـەلو وڵاتدایەو پێویستە لە کاتی چوونە سەر دەسەڵاتی خۆی، ئۆپۆزسیۆنی قبووڵ بێت.

*** ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان**

«گۆڕان زیاتر لە (٣٠) پرۆژەی بۆ خزمەتی هاوڵاتییان داوەتە پەرلەمان» 8

## نەریمان عەبدوڵڵا پەرلەمانتار لە لیژنەی ناوخۆ:

# دەسەڵات (٢١٠) هەزاری (دەرماڵە) نادات بەئاسایش‌و پۆلیس‌و پێشمەرگە

دیدار: سەنگەر جەمال

**نەریمان عەبدوڵڵا ئەندامی لیژنەی ناوخۆو ئەنجومەنە خۆجێییەکان لە پەرلەمانی کوردستان، پێیوایە؛ هێزی پێشمەرگە تائێستا هێزێکی سەرتاسەری نییە، تەنیا (٤) لیوا لە رێکخستنەوەو راهێناندان، ئەوەش لەنێوان دوو حیزبەکەدا دابەشکراوە، کە هەمان سیستمی دوو ئیدارەیی دگەیەنێت.**
**ئەو پەرلەمانتارە کە ئەندامی فراکسیۆنی گۆڕانیشە لەم دیدارەی رۆژنامەدا لەسەر کۆمەڵێک پرسی هەنووکەیی تایبەت بەپەرلەمان و لیژنەکەیان دەدوێت.**

**رۆژنامە: لە سەروبەندی پەسەندکردنی بودجەی ئەمساڵدا لە پەرلەمان، کاتتان دیاریکرد بۆ یەکگرتنەوەی دەزگای ئاسایشی هەولێرو سلێمانی، بەڵام تازە ئەنجومەنی وەزیـران پرۆژەیاسای ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان پەسەند دەکات، لەم ماوە زۆرەدا پەرلەمان بۆ لە بڕیارەکانی خۆی نەپرسیوەتەوە؟**

* ئـەوە لادانـە لە یاساو لاوازکـردنـی دەسەڵاتی یاساو وابەستەبوونە بە دوو ئیدارەییەوەو باشترین بەڵگەیە بۆ دوو ئیدارەیی، ئـەوەش لەگەڵ دروشمەکانی دەسەڵات ناگونجێت، چونکە ئەگەر وابوایە دەبـوو بەخێرایی ئـەو یەکگرتنەوانەیان ئەنجامبدایە.

حکومەت خۆی داوای لێکردین، کە ئەو ماوەیەیان بۆ دانێین بۆ یەکگرتنەوە، بەڵام بەداخەوە تائێستا نەک یەکنەخراونەتەوە، بگرە هیچ هەنگاوێک نەچووەتە پێشەوە.

بـەداخــەوە ئـەو دوو دەزگـایـە دوو سیستمی سیاسیی‌و ئەجێندای جیاواز هەڵیاندەسووڕێنێت، کە هەریەکەیان بۆ بەرژەوەندیی تایبەتی‌و تەسکی حیزبیی کاردەکەن، نەک بەرژەوەندیی نەتەوەیی‌و نیشتمانیی گەلی کوردستان.

پەرلەمانێک بـە مانا راستییەکەی خۆی دەبێت داکۆکیی لە جێبەجێکردنی بڕیارەکانی بکات، هەروەها لەکاتی سەرپێچی لە بڕیارەکانی دەسـەڵاتـی ئـەوەی هەیە لێپێچینەوە لە سەرپێچیکاران‌و ئەو کەسانە بکات، کە بڕیارەکانی جێبەجێ ناکات، بەڵام زۆر زەحمەتە پەرلەمانی کوردستان بەم تەشکیلەیەی ئێستایەوە بتوانێت لە حکومەت‌و دەزگاکان بپرسێتەوەو بەداخەوە خۆی بە وەجهی دووەمی حکومەت دەزانێت‌و لە خۆی رانابینێت، کە ئەو کارە بکات، دەنا ئەگەر بیەوێت بەپێی یاسا دەتوانێت هەموو بڕیارەکانی فەرز بکات‌و لە هەر کاتێکدا پلەو پایە لە بەرپرسان بسەنێتەوە، بەڵام ئەوەش بەشێکە لەو کێشە سیاسییەی لە هەرێمی کوردستان هەیە.

**رۆژنامە: لە کاتێکدا وەزارەتـی ناوخۆو ئاسایش‌و پۆلیس هەیە، بوونی دوو دەزگای وەک (زانیاری‌و پاراستن) زەرورەتـی هەیە، سەربەخۆیی ئەوان‌و کاری ئاسایش لەلایەکی تر، چ دژیەکییەکی تێدایە؟**

* بێگومان، فەلسەفەی بوونی حکومەت‌و یاسا لە هەموو وڵاتێکدا مەبەست لەوەیە هاوبەرنامەیی هەبێت‌و مەرجەعیەت دیاربێت‌و هەوڵەکان بە یەک ئاراستە بێت، هەر کاتێک ئەو شتانە بوو بە دووان‌و سیان حەتمەن تەنسیق نابێت‌و جیاوازیی دەبێت‌و تاوانبارو تیرۆریست لەو دۆخە سوود دەبینن‌و دەتوانن لەو نێوەندەدا گوزەر بکەن، هەروەها بوونی ئەوانە بەو شێوەیە خەلەلێکی زۆر گەورەیەو کاریگەریی خراپیان هەیە.

دەکرێت بۆ چارەسەری ئەوانەش هەموو ئەو دەزگایانە لە دەزگایەکی ئەمنی قەومی نیشتمانیی کۆبکەینەوەو هەموو هاوڵاتییەک بۆی هەبێت لەو دەزگایانە بەپێی لێهاتوویی‌و دڵسۆزیی‌و شارەزایی خۆی کار بکات، ئەو کاتەش دەتوانین بڵێین؛ خاوەنی سیستمێکی ئەمنیی بەهێزین‌و بۆشاییمان نەهێشتووەتەوە بۆ تاوانباران بیانەوێت کاریگەریی خراپ بخەنە سەر هەرێمی کوردستان.

**رۆژنامە: هەفتەی رابـردوو ئەنجومەنی وەزیـران هـەردوو پرۆژەیاسای ئەنجومەنی ئاسایش‌و دەزگـــای ئاسایشی هەرێمی کوردستانی پەسەندکرد، کە بەپێی پرۆژەکە ئەنجومەنی ئاسایش سەر بە سەرۆکایەتی هەرێم دەبێت‌و دەزگای ئاسایشیش سەر بە ئەنجومەنی وەزیران، بەوپێیە جیهازی ئەمنیی لەکوردستان دەکرێت بەدوو بەشەوە، رای ئێوە لەسەر پرۆژەکە چییە؟**

* لە زۆربەی وڵاتانی دنیاو پێشکەوتوودا دەزگای ئاسایش‌و هەوڵگری تایبەتمەندن‌و وەزارەتێکی تایبەتی بۆ دادەمەزرێنن بە ناوی وەزارەتی ئەمنی قەومی، بەڵام ئەوەی کوردستان بە دابەشبوونی ئەو دەزگایانە بە دوو شێوەی جیاو بەستنەوەیان بە دەزگای جیاوە، خۆی لەخۆیدا موراعاتی مانەوەی دوو ئیدارەییە، هەروەها مانەوەی ئەو دەزگایانە بە دوو شێوەو دوو مەرجەعیەتی جیاواز کاریگەریی خراپ‌و سلبی دەبێت.

هەرچەندە یەکگرتنەوەیان هەر باشە بەڵام کرچ‌و کاڵ دەبێت، چونکە دەزگـای ئەمنیی لە هەر وڵاتێکدا دەبێت لە سەرەتای کاری تا کۆتایی لێکۆڵینەوە پەیوەندیی بەیەکەوە هەبێت، بەڵام ئەگەر بەوشێوەیەی کوردستان بێت، ئاگایان لە یەک نابێت‌و لەوانەیە لە یەک

**«پەرلەمان خۆی بەوەجهی دووەمی حکومەت دەزانێت»**

تاواندا هەریەکەیان بە ئاراستەیەکی جیاواز لێکۆڵینەوەی لێبکەن.

**رۆژنـامـە: سیستمی سیاسیی هەرێم پەرلەمانییە، خستنە ژێرکۆنترۆڵی جیهازی ئەمنیش بۆ ژێر کۆنترۆڵی سەرۆکایەتی هەرێم سیستمەکە بەرەو سەرۆکایەتیی نابات؟**

* سیستمەکە بەناو پەرلەمانیە، بەڵام لە واقیعداو بەپێی ئەو دەستوورەی بە نیازن بەوشێوەیەی هەیە تێپەڕێنرێت، سیستمەکە زیاتر سەرۆکایەتییە تا پەرلەمانی، لەم خاڵەشدا زیاتر دەیسەلمێنێت کە دەسەڵاتی سیاسیی لەم هەرێمەدا هەنگاوەکانی بەرەو دەسەڵاتی سەرۆکایەتییە نەک پەرلەمانی، لەکاتێکدا پێویستە ئەو هێزانە بە سەرۆکایەتی هەرێمەوە نەبەستێنرێنەوەو پێویستە ئەو دەزگایانە سەر بە وەزارەتی ناوخۆ یان سەرۆکایەتی حکومەت بن، یان وەزارەتێکی تایبەت بە ئەمنی قەومی هەبێت، کە لە چوارچێوەی یەک وەزارەت‌و یاساو رێنماییدا کاربکەن. بۆیە ئەوە خاڵێکی لاوازە لەو یەکگرتنەوەیەو پێموایە کاریگەریی زۆری دەبێت لەسەر سەروەریی یاسا لەم هەرێمە.

**رۆژنامە: هێزەکانی پێشمەرگە کە سەر بە وەزارەتی پێشمەرگەن، ئایا وەک پێویست یەکیان گرتووەتەوە؟**

* ئەگەر پێوەری حکومڕانیی باس بکەین، ناکرێت دڵخۆش بین، بەڵام بەپێی بارودۆخی هەرێمی کوردستان جێی دڵخۆشییە کە ئەو وەزارەت‌و دەزگایانە یەکبگرنەوە، بەڵام بەو شێوە خاوەو پاشان بە دوو بەرنامەی جیاوازو قۆرخکردنی وەزارەتـەکـان لەلایەن دوو دەسەڵاتی حیزبەوە، جیاوازییەکی ئەوتۆی نامێنێت بۆ یەکگرتنەوەو وا دەردەکەوێت، کە هەمان شێوازی دوو ئیدارەییە تەنیا ناوەکەی دەگۆڕێت، دەنا ئەگەر پۆست‌و بەشەکان بە یەکسانیی دابەشبکرێن بەسەر خۆیاندا هەمان شتە.

بۆئەوەی بتوانین خاوەنی پرەنسیپ‌و بەرنامەیەکی تۆکمەو سەردەمیی بین، دەبێت خەڵکە پسپۆڕو شارەزاو کادیرەکان لەناو دەزگایەکی نیزامیدا کۆبکەینەوەو هەموو چین‌و توێژەکانی کوردستان تێیدا بەشدار بن، نەک مەرج بێت کەسە دیارەکان‌و خاوەن بڕیارەکانی هەر لەو دوو حیزبە بن، ئەگەر وابێت کەواتە حکومەتمان تێکەڵکردووەتەوە، بەڵام سیستمی دوو ئیدارەییمان چارەسەر نەکردووە.

**رۆژنامە: کەواتە هێشتا پێشمەرگە هێزێکی نیشتمانیی سەرتاسەریی نییە؟**

* نەخێر، تائێستا تەنیا (٤) لیوا لە رێکخستنەوەو راهێناندان ئەوەش لەنێوان دوو حیزبەکەدا دابەشکراوە، کە هەمان سیستمی دوو ئیدارەیی دەگەیەنێت، ئێمە تەمەننا دەکەین هێزێکی نیشتمانیمان هەبێت، نەک هێزێکی پارێزەری حیزب‌و ئایدیۆلۆژییەکانی سەرکردەکانی.

**رۆژنامە: زۆرجار لە کوردستان باس لە گرنگیی‌و سەروەرییەکانی پێشمەرگە دەکرێت، بەڵام چەند ساڵێکە وەک بەغدا مووچەو دەرماڵەیان پێنادرێت، هۆکارەکەی چییە؟**

* بەڵێ پێشمەرگە سیمبولی فەخریی ئەم وڵاتـەن، پێشمەرگە لە هەموو قۆناغەکاندا قوربانیی داوەو پێویستە گرنگییان پێبدرێت‌و خزمەتی ماڵ‌و منداڵ‌و خۆیان بکرێت‌و لە چوارچێوەی یاسادا کاریان رێکبخرێت.

بەڵام دەسەڵات‌و حکومەتی کوردی نەک ئـەوەی نەکردووە، گرنگیی بە ژیانیشیان نەداوە، پێشمەرگە هەیە مانگانە (٢٠٠و ٣٠٠) هـەزار دینار وەک مووچە وەردەگـرێـت، لەکاتێکدا ئەو پارەیە هیچ نییە بـەراورد بە ماندووبوونی ئەوان‌و بازاڕو هاوپیشەکانیان لە بەغدا، کە دوو هێندەی ئەمان مووچە وەردەگرن.

زۆرجار لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە ناویان دەهێنرێت‌و قسەی بریقەداریان بۆ دەکرێت، بەڵام وەک پێویست خزمەت ناکرێن، چونکە دەبێت ئەوانە هەمان ئیمتیازو پلەو پارەو دەسەڵاتەکانی هاوتاکانیان لە سوپای عێراق پێبدرێت‌و ژیانیان باش بکرێت.

**رۆژنامە: چەند ساڵێکە بەغدا ئامادە نییە بودجەی پێشمەرگە سەرف بکات، وەک بەشێک لە سیستمی بەرگریی عێراق، خوێندنەوەی ئێوە چییە بۆ ئەم کێشەیە کە چەند ساڵێکە هەیە لەنێوان هەولێرو بەغدا؟**

* ئێمە لەگەڵ وەزیرەکانی ناوخۆو دارایـی‌و پێشمەرگە کـۆبـوویـنـەوە بـۆ ئـەوەی



**پێویستە لە هەرێم وەزارەتێکی تایبەت بە بواری ئاسایش‌و هەواڵگریی دابمەزرێت**

مووچەو دەرماڵەی هێزەکانی پێشمەرگەو ناوخۆو پۆلیس‌و ئاسایش وەک هاوتاکانیان لێبکرێت لە بەغدا، باسیان لەوە کرد کە (٤) ساڵە بودجەی پێشمەرگە لە سیستمی بەرگریی عێراق بودجەیان بۆ سـەرف دەکرێت‌و ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق سەرفی دەکات، بەڵام حکومەتی عێراق نایداتە کوردستان‌و غەدرەکە خرایە ئەستۆی حکومەتی عێراقی.

هەرچەندە ئێمە دەزانین هەندێک لە ئەندامانی حکومەتی عێراقی کاریگەرییان لەسەرەو دەیانەوێت ئەو کارە نەکەن، بەڵام ئێمە ئەگەر نەتوانین هێزێکی نیشتمانیی نیزامیی خۆمان هەبێت لە چوارچێوەی ئەو یاسایانەی داڕێژراوە، حکومەتی عێراقی مافی خۆیەتی، کە بڵێت بودجە نادەم بە هێزێک کە سەر بە دوو حیزب بێت، بەڵکو بودجە دەدەمە هێزێک کە نیزامیی بێت‌و لە چوارچێوەی سیستمدا بێت.

ئـەوەی کێشەیە ئـەوەیـە، کە تائێستا نەتوانراوە ئەو هێزە لە کوردستان یەکبخرێت، بۆیە حکومەتی عێراقی دەتوانێت ئەو بیانووە بقۆزێتەوە بۆ ئەوەی مووچەو چەک نەداتە پێشمەرگە، ئێمەش داوامـان لە وەزارەتـی پێشمەرگە کردووە بەپێی ئەو چوارچێوەو سیستم‌و یاسایە هێزەکان رێکبخەنەوەو هەیکەلەکەی دابنێن، بۆئەوەی ئەو پاساوەیان نەمێنێت.

داواشمان کرد ئەگەر داوای کورد بۆ خواردنی ئەو بودجەیە یاساییە، بچن لە دادگای فیدراڵیی‌و دەستووریی داوای یاسایی تۆمار بکەن، بەڵام دیارە کەموکوڕیمان داوە بەدەستەوە، بۆیە پێموایە خەلەلی خۆمانی زۆر تێدایەو دەبێت ئەوە چارەسەر بکەین‌و ئەو بودجەیە بگەڕێنینەوە.

**رۆژنـامـە: دوای گۆڕانکارییەکان ئێستا مووچەو دەرماڵەی پێشمەرگە لە چ ئاستێکدایە؟**

* ئێمە وەک گـۆڕان، لە سەروبەندی پەسەندی بودجەی ئەمساڵدا ویستمان مووچەو دەرماڵەی هەموو هێزە چەکدارەکان بە پۆلیس‌و ئاسایش‌و پێشمەرگەوە وەک هاوتاکانیان لێبکرێت لە حکومەتی عێراقی، بەڵام ئەندامانی لیستی زۆرینە ئەوەیان رەتکردەوە.

دوای ئەوەش پرۆژە بڕیارێکمان پێشکەش بە پەرلەمان کردو خوێندنەوەی بۆ کرا، بەداخەوە دەستی دەستی پێکرا تا ئەو کاتەی لە لیژنەی ناوخۆ هێنامانە پێشەوەو داوامان کرد سەرۆکایەتیی هەرسێ وەزیری دارایی پێشمەرگەو ناوخۆ بانگ بکاتە پەرلەمان لەگەڵ نوێنەری سەرۆکایەتیی حکومەت بۆ باسی ئەو مەسەلەیە، بەڵام کە هاتن ماوەیەک بەسەر پەسەندی بودجەدا تێپەڕیبوو وتیان ناتوانین ئەو (٦) مانگەی دواتـر بدەین تا لەسەر ئەوە رێککەوتین بۆ (٤) مانگ (٢١٠) هەزار دیناری دەرماڵەی خۆراکەکە بدەن‌و لە بودجەی ساڵی (٢٠١١)ش مووچەکانیان بەو شێوەیەبێت، کە هیچ جیاوازییەکی نەبێت لەگەڵ هاوتاکانیان لە حکومەتی عێراقی‌و بەڵێنی ئەوەیان دا.

بەڵام بەداخەوە تائێستا (٢١٠) هەزار دینارەکە خەرج نەکراوەو وەک خۆی جێبەجێ ناکرێت، ئەوەش کێشەی پەرلەمانە کە بەدوای بڕیارەکانیدا ناچێت، کاتێک جێبەجێ ناکرێن.

**رۆژنـامـە: دوای ئـەوەی لیژنەکەتان بەدواداچوونی بۆ کێشەی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی کردو راپۆرتتان بۆ سەرۆکایەتیی بەرزکردەوە، وردەکاریی بەدواداچوونەکەتان چی بوو؟**

* ئـەوەش پەیوەندیی بە کارابوون‌و نەبوونی لیژنەکەی ئێمە هەیەو یەکێکە لە نموونەکان، چونکە ئێمە بە باشی بەدواداچوونمان بۆ ئەو کێشەیە کردو لایەنەکانمان بینی، پاش گفتوگۆو تاوتوێکردن بۆمان دەرکەوت ئەو پێشنیازەی ئەنجومەنی پارێزگا کـردوویـەتـی، بـەوەی یاسایان لەبەردەست نییە، ماف‌و داوای خۆیانە، بۆ ئەوەی کارەکانیان رێکبخرێت‌و دەسەڵاتەکان دیاریی بکرێت لەنێوان پارێزگاو ئەواندا.

ئێمە پشتیوانیی راکەی ئەوانمان کرد، چونکە بۆمان دەرکـەوت ئـەوان لەسەر هەقن‌و پرۆژەیاسای ژمـارە (٣)ی ساڵی (٢٠٠٨) تایبەت بە ئەنجومەنی پارێزگاکان، کە دەرکراوە یەک بەندی تێدایە، کە ئێمە رایبگرین بۆ ئەوەی کاری پێبکەین لەبەر ئەوەی ئەو بەندە بەستوویەتییەوەو بۆ ئەنجومەنی داهاتوو جێبەجێ دەکرێت.

ئێمە (٦) مانگ لەمەوبەر راپۆرت‌و رای خۆمان بـەرزکـردەوە بۆ سەرۆکایەتیی پەرلەمان، بەڵام گوێی لێ نەگیراو نەخرایە بەرنامەی کـارەوە، پاشان رووبـەڕووی لیژنەی یاسایی کرایەوە، دواتر شتی سیاسیی تێکەڵکراو ئەوە پێشنیار کرا کە بگەڕێنەوە بۆ یاسای ساڵی (١٩٥٩)، ئێمە لە داواکاریشمان بۆ دروستکردنی کۆدەنگیی بە ئامادەبوونی سەرۆکایەتی پەرلەمان‌و لیژنەی یاسایی لەگەڵ ئەنجومەنی پارێزگاکان کۆبووینەوە، راکەی ئێمە بەرگریی لێکرا، تەنیا سەرۆکی لیژنەی یاسایی نەبێت پێچەوانەی بوو.

هەموو لایەنە بەشدارەکان کۆدەنگ بووین لەسەر ئەوەی ئەو یاسایەی ساڵی (٢٠٠٨) کاری پێبکرێت‌و حکومەت کۆبوونەوەیەک لەو بارەیەوە بکات، بەڵام تائێستا هیچ لەو بارەیەوە نەکراوەو لەگەڵ ئەوەشدا سەرۆکی لیژنەی یاسایی هەر دەستی دەستی پێکردو ئامادەنەبوو راپۆرتێک لەسەر لیژنەو کۆبوونەوەکە بەرزبکاتەوە، پێشموایە ئەوە مەبەستی سیاسیی لە پشتەوەیە.



(٤) لیوا نوێیەکە لەنێوان یەکێتیو پارتیدا دابەشکراون
فۆتۆ: ئەلەند مەحوی

# ١٢ ملیار دیناری پرۆژەی پاککردنەوەی کەرکوک بێسەرو شوێنە

**ڕاپۆرتی: ڕێباز محەمەد- کەرکوک**

(١٢) ملیار دیناری پرۆژەی پاککردنەوەی کەرکوک بێسەرو شوێنە، لە کاتێکدا ماوەی (٨) مانگە ژمارەیەک کۆمپانیا چاوەڕوانی وەرگرتنی تەندەری پرۆژەکەن.

شارەزایانی بـواری ژینگە پێیانوایە؛ مانەوەی ئەو زبڵو خۆڵو خاشاکە ئەگەری مەترسیی نەخۆشیی کوشندەی لێدەکرێتو سەرچاوەیەکی پارێزگاری کەرکوکیش ڕایگەیاند؛ گەندەڵیی لە پرۆژەکەدا کراوەو تەندەری کۆمپانیاکان بۆ وەرگرتنی ئەو پرۆژەیە دەستکاریی کراوە.

بەپێی ئەو بەڵگەنامانەی دەست ڕۆژنامە کەوتوون، دوای نەخشەی شارەوانی کەرکوک بۆ ئەو پرۆژەیە لە ٢٠١٠/٣/٢ داواکرابوو، ئەو کۆمپانیانەی ناسنامەی بەڵێندەریان بە پلەی یەکەم (تصنیف مقاولین- درجە اولی) هەیە لە وەزارەتی پلاندانانی عێراق ئامادەیی نیشان بدەن بۆ وەرگرتنی ئەو پرۆژەیەو ماوەی (١٦) ڕۆژیش وەک دوامۆڵەت دانرابوو بۆ دووەمجاریش لە ٢٠١٠/٤/٢٨ بانگهێشت بۆ هەمان پرۆژە کرابووەوە.

ئەندازیار، ئەحمەد عەسکەری، ئەندامی لیژنەی خزمەتگوزارییو پـرۆژەکـان لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «ئەو بودجەیەی بەناوی پەرەپێدانی هەرێمەکان بۆ کەرکوک تەرخان دەکرێت، پـارەی پاککردنەوەی تێدانییەو بۆ پرۆژە دادەنـرێـت، بـەڵام داوامـانـکـردووە ساڵانە پارەیەکمان بۆ تەرخان بکەن بۆ پاککردنەوەی کەرکوک، لە مانگی چـوارەوە ڕەزامەندیی وەرگیراوە، کە سەرەتا (٤) ملیار بوو دواتر کرا بە (١٢) ملیار دینار، بەڵام بەداخەوە دوای (٨) مانگ پارێزگار خەریکەو ئەنجامی نییە».

عـەسـکـەری، لایـەنـی جێبەجێکار بە بەرپرسیار دەزانێت لە جێبەجێ نەکردنی ئەو پرۆژەیە.

بەپێی زانیارییەکانی ڕۆژنـامـە (١٤) کۆمپانیا لە چاوەڕوانیی وەرگرتنی پرۆژەی پاککردنەوەی شاری کەرکوکن، بەڵام بەهۆی گەندەڵییو ئاڵوگۆڕکردنی پۆلێنی بەڵێندەرەکان لە کاتی پێداچوونەوەی تەندەرەکان، ئەو پرۆژەیە دواخراوە.

سەرچاوەیەک لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «لە کاتی کردنەوەی تەندەری بەڵێندەرەکان ئاڵوگۆڕ بە تەندەرەکان کرابوو، بەتایبەت ئەوراقی کۆمپانیای (ئـۆرانـۆس)و (سمو العراق) جێگۆڕکێی پێکرابوو»، ئەوەشی بە گەندەڵیی زانی لە پارێزگای کەرکوکدا.

ئەو سەرچاوەیە، وتیشی: «کۆمپانیای ئەڵتاشی تورکی سوور بوو لەسەر وەرگرتنی پرۆژەی پاککردنەوەی کەرکوک، بەڵام بەهۆی ئەوەی ئەویش دواکەوت لە گرەنتی خەواندنی پارەکەی (ضمان) ئەویش نەیتوانی ئەو پرۆژەیە وەربگرێت».

بەپێی ئەو دۆکیۆمێنتانەی دەست ڕۆژنامە کەوتوون، دوای تێپەڕبوونی چوار مانگی یەکەم لە ڕاگەیەنراوەکەی پارێزگای کەرکوک، دوو لیژنەی (فتح)و دوو لیژنەی (تحلیل) دروست بوو، لیژنەی فەتح (١٠) کەسو لیژنەی تەحلیل (١١) کەس بوون، بەڵام بەهۆی زۆریی ئەندامانی لیژنەکە نەگەیشتنە هیچ ئەنجامێک، بەو هۆیەوە بە تەواویی پرۆژەی پاککردنەوەی کەرکوک دواخرا.

لەو بارەیەوە ڕێبوار تاڵەبانی، جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک بە ڕۆژنامەی وت: ئێمە لیژنەی چاودێرییو تانەلێدانمان هەیە لە پارێزگاو دوای بەدواچوونی گلەییەکان لەوبارەیەوەو ڕەوانەکردنی بۆ لیژنەی تانەلێدان، تائێستا دەرەنجامی تانەکان ڕانەگەیەنراون، ئەمە جگە لـەوەی دوای ئیحالەکردنی پرۆژەکە چەند کۆمپانیایەک، تانەیان لە شێوەی ئیحالەکە داوە»

تاڵەبانی هۆکاری دواکەوتنی پرۆژەکانی کەرکوکو لە ناویاندا پرۆژەی پاککردنەوەی کەرکوک دەخاتە ئەستۆی ڕێنماییەکانی وەزارەتـــی پلاندانانی عـێـراق: «هۆکاری دواکەوتنی ئەو پرۆژانە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕێنماییانەی وەزارەتـی پیلاندانانی عێراق، کە ئەنجومەنی پارێزگاکانو پارێزگاکانی بەستووەتەوە بە کۆمەڵێک ڕێنمایی لاوەکیی، هەروەها ئەو کۆمپانیایانەی لە کەرکوک کاردەکەن لەو ئاستەدا نین، کە بچنە پێشبڕکێی وەرگرتنی پرۆژە گرنگو ستراتیژییەکانەوە».

لە بەرامبەردا عەبدولڕەحمان مستەفا، پارێزگاری کەرکوک تۆمەتبارکردنی ئیدارەی کەرکوکو پارێزگارەکەی بە کاری شەخسیو دژ بە ئیدارەی کەرکوک زانیو سەبارەت بە دواکەوتنی پرۆژەکەش ئەوەی ڕەتکردەوە، کە بودجەکەی بگەڕێتەوە بۆ خەزێنەی بەغداو بە ڕۆژنامەی وت: «هەرکاتێک پرۆژەکە کەوتە بواری جێبەجێکردنەوە، لەو بەروارەوە ئەژمار دەکرێت، بەڵام لە ئێستادا ژمارەیەک کۆمپانیا تانەیان لە ئیحالەکردنی پرۆژەکە داوە، تا یەکلاییبوونەوەی ئەو تانانەش ناتوانرێت پرۆژەکە بدرێتە هیچ کۆمپانیایەک».

وتیشی: «بۆ پـرۆژەی پاککردنەوەی کەرکوک لیژنەیەکی هاوبەش لە ئەنجومەنی پارێزگاو پارێزگای کەرکوک پێکهاتووەو سەڵاحیاتی زیاتریش دراوەتـە ئەنجومەنو زیاتر دەسەڵاتی پـرۆژەی پاککردنەوەی کەرکوک لای ئەنجومەنی پارێزگایە».

بـەڵام ئەحمەد عـەسـکـەری، لایەنی جێبەجێکار لە پارێزگای کەرکوک بە هۆکار دەزانێت بۆ دواکەوتنی پرۆژەی پاککردنەوەی کەرکوکو ئاماژە بە گەندەڵیی لە پارێزگا دەکاتو دەڵێت: «(٨) مانگی ئەمساڵ ڕۆیشتووە تائێستا بەڵێندەرەکەی دیاریی نەکراوە، گومانم هەیە لەو ماوە کەمەی کەماوەتەوە کە دوا ڕۆژی سەرفکردنی بودجە ٢٠١٠/١٢/١٥یـە، ئەو پرۆژەیە بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە، ئەگەرنا داوای لێپرسینەوە لەو کەسانە دەکەین، چونکە گەندەڵیی بەشێک بووە بۆ دواکەوتنی ئەو پرۆژەیە».

بـە وتـەی بەرپرسانی ئەنجومەنی پارێزگاش، ئەگەر ئەو پرۆژەیە لە ماوەی (٤٥) ڕۆژی دیکەدا نەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە، دەسەڵاتی تەنفیزی لە پارێزگای کەرکوک مافی داواکردنی ئەو بودجەی نامێنێتو پارەکە دەگەڕێتەوە بەغدا.

لەو بارەیەوە ڕێبوار تاڵەبانی، ئەوەی بۆ ڕۆژنامە خستەڕوو: ئەگەر ئەو بڕە پارەیەی بۆ پاککردنەوەی کەرکوک دانراوە لە ماوەی ئەمساڵدا نەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە، ئەو بودجەیە دەگەڕێنرێتەوە بۆ بەغدا».

پسپۆڕانی بواری ژینگە بڕوایان وایە، مانەوەی خاشاک بەو شێوەیە، ئەگەری بـڵاوبـوونـەوەی نەخۆشیی کوشندەی لێدەکرێت، ئەمە لە کاتێکدایە خاشاک شارەکەی داپۆشیوە.

ئاروین حەمەجان، پسپۆڕی بواری ژینگە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «پیسبوونی ژینگەو مانەوەی پاشەڕۆ لە خۆڵو خاشاک مەترسیی دروسـت دەکـات لەسەر دانیشتووانی ئەو ناوچەیە، چونکە مرۆڤ پێویستی بە هەوای پاکە، کە بەشێوەیەکی زانستی هەر تاکێک ڕۆژانە پێویستی بە (١،٥) کگم خواردنو (٢) کگم ئاو هەیە، بەڵام ڕۆژانە پێویستی بە (١٥) کگم هەوای پاک هەیە».

ئەو پسپۆڕەی بواری ژینگە، ئاماژە بە مەترسییەکانی بڵاوبوونەوەی نەخۆشیی شێرپەنجە دەکاتو دەڵێت: «پیسبوونی ژینگە یەکێکە لە هۆکارەکانی تووشبوون بە نەخۆشیی شێرپەنجە».

پرۆژەی پاککردنەوەی کەرکوک دوای دیاریکردنی (١٢) ملیار دینار بۆ ئەو پرۆژەیە، کە (١١) ملیار دینار بۆ کۆکردنەوەو (١) ملیار دینار بۆ گواستنەوەو چارەسەر دیاریی کراوە، بەوپێیەی ڕۆژانە (٨٠٠-١٠٠٠) تەن زبڵ کۆبکرێتەوە، کە لە سەرەتای پرۆسەی ئازادیی عێراقەوە هێزەکانی ئەمریکا دوو شوێنیان بۆ نەهێشتنی خاشاک لە کەرکوک دروستکردووە.

لە ئێستادا کەرکوک لەلایەن شارەوانیی کەرکوکەوە بە (٨٠٠) کرێکارو (٦٠) دایەناو (٥٠) کابیسە پاک دەکرێتەوە، ئـەوەش لە ئاستی گەورەیی شارەکەو ئەو خاشاکانەدا نییە، کە ڕۆژانە لە کۆڵانو بازاڕو شەقامەکانی کورکوکدا کۆدەبنەوە.



دیمەنێک لە شاری کەرکوک

# دیالە لە کورد خاڵیی دەکرێتەوە

## نەجم عەبدوڵڵا: ئەم بارودۆخە بەردەوامبێت، ئەو ناوچانەمان لەدەست دەچێت

**پشتیوان سەعدوڵڵا**

نەجم عەبدوڵڵا، چاودێری سیاسییو هەڵسووڕاوی بزووتنەوەی گۆڕان لە سنووری پارێزگای دیالە، هاتنی عەرەب بۆ ناوچەکانی پارێزگای دیالەو کۆچکردنی کوردەکان، بە مەترسیدار وەسفدەکاتو پێیوایە؛ لە حاڵەتی بەردەوامبوونی ئەو بارودۆخە، ئەو ناوچانە لە دەستی کورد دەچن.

ناوبراو کە یەکێکە لە کاندیدەکانی گۆڕان لە پارێزگای دیالە لە هەڵبژاردنی (٣/٧) ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، کە نزیکەی (٣) هەزار دەنگی بەدەستهێنا، بە پێویستی دەزانێت: بۆ ڕێگریرکردن لە کوشتنو بڕینی کوردەکانی سنوورەکە، حکومەتی هەرێم تەداخول بکات.

سنووری ئیداریی پارێزگای دیالە، کە دەکەوێتە سنووری مـادەی (١٤٠)ی دەستووری عێراقەوە، لە قەزاکانی (بەعقوبە، میقدادیە، خانەقین، بەلەدروز، خالس، کفری)و (١٥) ناحیە پێکهاتووە، تێکڕای دانیشتووانەکەی بە (١) ملیۆنو (٤٢٤) هەزارو (٤٠٠) کەس دەخەملێنرێت، ناوچە کوردنشینەکانی بە تایبەتی ناحیەکانی: (جەلەولا، سەعدییە، قەرەتەپە، جەبارە) بە بارودۆخێکی زۆر مەترسیداردا تێدەپەڕنو عەرەبەکان بەلێشاو ڕووی تێ دەکەنو کوردەکانیش ناوچەکانیان چۆڵ دەکەن.

بە بڕوای نەجم عەبدوڵڵا، کورد هەر لە سەرەتاوە سیاسەتێکی نادروستی پیادەکردو دەسەڵاتدارانی کورد لەو ناوچانە وێنەیەکی ناشرینیان پیشانداو ئـەوەش بـووە هۆی بێئومێدبوونی دانیشتووانی ناوچەکە لە دەسەڵاتی کوردیی، حکومەتی هەرێم ئەو ناوچانەی پێشتگوێخستووەو هیچ گرنگییەک بە خەڵکی ئەو ناوچانە نـاداتو پێموایە؛ حکومەتی هەرێم ئەو ناوچانە بە خاکی کوردستان حساب ناکاتو تائێستا حکومەتی هەرێم شتێکی نەکردووە کە ببینرێت.



نەجم عەبدوڵڵا

وتیشی: «کوردەکان هەست بەبێ کەسیی دەکـەنو هیچ لایەنێک نییە سـەرو ماڵیان بپارێزێت، تەنانەت گەیشتووەتە ڕادەیەک کە کوردەکان ناوێرن باسی کوردبوونیان بکەن، شەپۆلی کۆچکردنی کـوردەکـان دەستپێکردووەو ئـەوەشـی کە کۆچی نـەکـردووە، تەنیا بەهۆی خراپیی لایەنی داراییەوە بووە.

تێکچوونی ڕەوشـی دیالە لەو کاتەوە تەشەنەی سەند، کە ساڵی (٢٠٠٨) بەپێی ڕێکەوتنی هەرێمو بەغدا هێزە ئەمنییەکانی کوردستان (ئاسایش، پۆلیسی گەرمیان، لیوای ٣٤ی پێشمەرگە) لەو ناوچانە پاشەکشەیان کردو سوپای عێراقی شوێنیان گرتنەوەو دواتریش تەواوی هێزە ئەمنییەکان بە عەرەب پڕکرانەوەو لە کورد خاڵی کرانەوە، جگە لەوەش لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا چەند هێزێکی عەرەبی بەناو ئەمنیی پێکهێنرانو مەترسییەکە گەیشتووەتە ڕادەی بەعەرەبکردنی ئەو ناوچانە.

ئەو چاودێرە سیاسییە ئەوە دەخاتەڕوو؛ بارودۆخی ناوچەکانی دیالە بەتایبەتی لە ناحیەکانی (جەلەولا، سەعدییە، قەرەتەپە، جەبارە) زۆر مەترسیدارنو گرەنتی ژیانی تێدا نەماوەو کوردەکانی لەژێر هەڕەشەی مەرگدانو گرووپە تیرۆریستییەکان زۆر تەشەنەیان کـردووەو هێزە ئەمنییەکانی ناوچەکەش لە بری پاراستن، هەڕەشەی کوشتن لە کوردەکان دەکـەنو خۆیشیان توانای پاراستنی سەروماڵی خۆیان نییە.

وتیشی: «پێشتر هێزی ئەمنیی کورد لەو ناوچانە هەبوو تاڕادەیەک ژیانی کوردەکان پارێزرابوو، بەداخەوە بە ڕێکەوتن لەگەڵ حکومەتی عێراقدا حکومەتی هەرێم هێزەکانی لەو ناوچانە کشاندەوەو ژیانی کوردەکانی تەسلیمی دەستی هێزە شۆڤینیو گرووپە تیرۆریستییەکان کرد، بۆیە بە پلەی یەکەم حکومەتی هەرێم بەرپرسیارە لەو بارودۆخەی کە کوردەکانی ناوچەکەی تێکەوتووە.

ناحیەی جەلەولا، کە یەکێکە لە ناحیە گەورەکانی پارێزگای دیالە، کە لە کۆی (١٤) هەزار خێزان، (٣٥٠٠) خێزانی کوردە، لە ئێستادا بە مەترسیدارترین بارودۆخدا تێدەپەڕێتو لە ماوەی ئەمساڵدا نزیکەی (٤) هەزار خێزانی عەرەب ڕوویان تێکردووەو بە وتەی بەرپرسانی ناوچەکە نزیکەی (٧٠٠) خێزانی کورد ناوچەکەیان جێهێشتووەو ڕۆژانە (٢) خێزانی کورد جەلەولا جێدەهێڵن.

نەجم عەبدوڵڵا، ئاشکرای دەکـات: «لە ئێستادا لە باشووری دیالەوە بەلێشاو عەرەب دێـتو لە باکووریشەوە کوردەکان بەرەو کەلارو کفریو خانەقین کۆچ دەکەن، بۆنموونە لە ئێستادا سەعدییە لە کورد خاڵیی کراوەتەوەو لەدەستمان چـووە، هـەروەهـا بەشێک لە ناوچە کوردنشینەکانی جەبارەو جەلەولاو قەرەتەپە کوردی تێدا نەماوەو عەرەب تێیاندا نیشتەجێبوون.

مەترسیی خۆیشی نەشاردەوە لەوەی «ئەگەر بارودۆخەکە بەمشێوەیە بەردەوام بێتو حکومەتی هەرێمو نوێنەرانی کورد تەداخول نەکەن، ئەو ناوچانەمان لەدەست دەچێت».

سەبارەت بە هەڵوێستی نوێنەرانی کورد ڕایدەگەیەنێت: نوێنەرانی کورد لە حکومەتو پەرلەمانو تەنانەت ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگای دیالە، زۆر کەمتەرخەمبوون لە ئاستی کێشەی ئەو ناوچانەو تائێستا هیچ هەڵویستێکیان نەبووەو خەڵکی ناوچەکەش بە نوێنەری خۆیانی نازانن، نوێنەرانی کورد تەنیا بۆ بەرژەوەندییە شەخسییەکانی خۆیان هەوڵیانداوە، لە چوار ساڵی ڕابردوودا هیچیان نەکردووەو تەنیا بە دروشم کاریان کردووەو خەڵکی ناوچەکەش هیچ باوەڕێکیان بەو دروشمانە نەماوە.

ئەو هەڵسووڕاوەی گۆڕان بە پێویستی دەزانێت: بۆ ڕێگریکردن لە کۆچی کوردو پاراستنی گیانی کوردەکان، جارێکی تر هێزی ئەمنیی کوردی بۆ سنوورەکە بگەڕێتەوەو چیتر ڕێگە بە کوشتنو بڕینی کوردەکان نەدات، پێویستە نوێنەرانی ئێستا کورد لە بەغدا جێی متمانەی خەڵک بنو لە ئاستی بەرپرسیارێتیدا بنو دەبێت هەمان ڕێچکەی نوێنەرەکانی چوار ساڵی ڕابردوو نەگرنو هەڵەکانی ئەوان دووبارە نەکەوە، بەتایبەتی فراکسیۆنی گۆڕان دەیتوانی لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا هەڵوێستی لەسەر بارودۆخی کورد لە ناوچەدابڕێنراوەکان هەبوایەو لە ئێستاشدا ئەرکی سەرشانیەتی، کە پێداگریی زۆر لەسەر کێشەی ئەو ناوچانە بکات.

سه‌حوه‌و قاعیده‌ ده‌بنه‌ هاوپه‌یمان 10

# كه‌سوكاری قوربانییان ناوی (٣٠٠) داواكراو ده‌ده‌نه‌ په‌رله‌مانی كوردستان

## «داواده‌كه‌ین په‌ند له‌ ده‌ركردنی (قاسم ئاغا) و ئازادكردنی (تاریق ره‌مه‌زان) وه‌ربگرن»

راپۆرتی: سه‌نگه‌ر جه‌مال

**له‌ چه‌ند ناوچه‌یه‌كی كوردستانه‌وه‌ كه‌مپه‌ینی پشتگیریی له‌ كه‌سوكاری ئه‌نفالكراوانی كۆیه‌و ده‌ڤه‌ری پشده‌ر به‌ڕێوه‌ده‌چێت‌و داوای به‌ دادگا گه‌یاندنی «جاشه‌ ئه‌نفالچییه‌كان» ده‌كرێت، ئه‌وه‌ش دوای «ده‌ركردنی» قاسم ئاغا، له‌ شاری هه‌ولێر.**



لایه‌نێك له‌ كه‌مپه‌ینه‌كه‌ — فۆتۆ: سه‌نگه‌ر

جیهاد محه‌مه‌د، ئه‌ندامی ده‌سته‌ی به‌ڕێوه‌به‌ری ناوه‌ندی چاك (ناوه‌ندی هه‌ڵه‌بجه‌ دژ به‌ جینۆسایدی گه‌لی كورد)، كه‌ سه‌ره‌تای ئه‌م هه‌فته‌یه‌ كه‌مپه‌ینه‌كه‌یان له‌ سلێمانی‌و هه‌ڵه‌بجه‌و گۆپته‌په‌ ده‌ستی به‌ كاره‌كانی كرد بۆ پشتگیریی له‌ داوای كه‌سوكاری ئه‌نفالكراوانی كۆیه‌و ده‌ڤـه‌ری پشده‌ر، بۆ رۆژنامه‌ وتی: «كه‌مپه‌ینه‌كه‌مان بۆ پشتگیرییه‌ له‌ داوای كه‌سوكاری شه‌هیدان‌و ئه‌نفالكراوان، بۆ به‌دادگا گه‌یاندنی ئه‌و سـه‌دان كه‌سه‌ی تۆمه‌تبارو گومانلێكراون به‌وه‌ی ده‌ستیان هه‌بووه‌ له‌ كوشتن‌و بڕین‌و ماڵوێرانكردن‌و ئه‌نفالكردنی خه‌ڵكی كوردستاندا».

له‌و كه‌مپه‌ینه‌دا كه‌ شه‌ممه‌ی رابردوو له‌ سه‌كۆی ئازاد له‌ پاركی ئازادیی شاری سلێمانی ساز كرا، ئه‌و ره‌خنه‌ی گرت به‌وه‌ی ده‌سه‌ڵاتی دادوه‌ریـی له‌ هه‌رێمی كوردستان له‌بری ئه‌وه‌ی رێز له‌ ئه‌ركی یاسایی خۆی بگرێت‌و گوێ له‌ داوای ره‌وای خه‌ڵك بگرن، پاساو بۆ داڵده‌دان ده‌هێننه‌وه‌و «زۆرن ئه‌وانه‌ی به‌ تاوانی گه‌وره‌ له‌ بن باڵی حیزبه‌كانی كوردستان شاردراونه‌ته‌وه‌و ناشكرێت ئه‌و ناڕه‌زاییه‌ دژی تاكه‌ تۆمه‌تبارێك بكرێت، جیهاد محه‌مه‌د وتیشی: «داوا له‌ حیزبه‌كان ده‌كه‌ین په‌ند له‌ ئازادكردنی (تاریق ره‌مـه‌زان)و ده‌ركردنی (قاسم ئاغا) وه‌ربگرن‌و رێز له‌ مومارەسه‌ی ده‌وڵه‌تداریی‌و ده‌سه‌ڵاتی سیاسیی خۆیان بگرن‌و چیتر له‌ به‌رخاتری چه‌ند تۆمه‌تبارێك بێباكانه‌ مامه‌ڵه‌ له‌گه‌ڵ یاسا نه‌كه‌ن، كاتی ئه‌وه‌ هاتووه‌ له‌ هه‌موو تۆمه‌تباره‌كان‌و دیارده‌ی جاشایه‌تی بپرسرێته‌وه‌».

سالار مه‌حمود، سه‌رۆكی لیژنه‌ی مافی مرۆڤ له‌ په‌رله‌مانی كوردستان، سازكردنی كه‌مپه‌ینه‌كه‌ی به‌ پێویست زانی‌و پێیوایه‌؛ به‌شێكه‌ له‌ داوایه‌كی بچووك بۆ جێبه‌جێكردنی بڕیاری دادگای باڵای تاوانه‌كان له‌ كه‌یسی ئه‌نفال‌و كیمیاباران‌و داوای خه‌ڵكی كوردستان‌و كه‌سوكاری قوربانییان‌و شه‌هیدانه‌، وتی: «یاداشتمان داوه‌ته‌ سه‌رۆكایه‌تی په‌رله‌مان كه‌ مه‌سه‌له‌ی قاسم ئاغاو هاوشێوه‌كانی، ئه‌وانه‌ی له‌ دادگاكانی لێكۆڵینه‌وه‌ی تایبه‌ت‌و باڵای تاوانه‌كان سكاڵایان له‌سه‌ر تۆماركراوه‌، داوا بكات ئه‌و كه‌یسانه‌ بجووڵێنرێت»، له‌و بڕوایه‌شدایه‌ ئه‌وه‌ به‌شێكه‌ له‌ چه‌سپاندنی سه‌روه‌ریی یاسا.

وروژانـــدنـــی كـه‌یـسی «جاشـه‌ ئه‌نفالچییه‌كان»، دوای ئه‌و ناڕه‌زایه‌تییه‌ هات، كه‌ كه‌سوكاری به‌شێكی شه‌هیدان‌و ئه‌نفالكراوان دژ به‌ مانه‌وه‌ی قاسم ئاغای كۆیه‌، له‌ هه‌ولێر ده‌ریانبڕی‌و دواتر وه‌ك پارێزگاری هه‌ولێر وتی، ده‌ریانكردووه‌.

بـه‌ڵام له‌ ئێستادا به‌شێكی به‌رچاوی هاوڵاتییان‌و رێكخراوه‌كان داواده‌كه‌ن جگه‌ له‌ قاسم ئاغا، سه‌رجه‌می ئه‌و جاشه‌ ئه‌نفالچییانه‌ به‌ دادگا بگه‌یه‌نرێن، كه‌ راسته‌وخۆ ده‌ستیان له‌ خوێن‌و شه‌هیدكردنی كورده‌كاندا هه‌بووه‌و تائێستا لێپێچینه‌وه‌ی یاساییان به‌رامبه‌ر نه‌كراوه‌، ئـه‌وه‌ش دوای ئه‌و لێبووردنه‌ی به‌ره‌ی كوردستانیی له‌ ساڵی (١٩٩٢) بۆی ده‌ركردوون.

هه‌روه‌ك دوێنێ كه‌سوكاری شه‌هیدان‌و ئه‌نفالكراوان‌و رێكخراوی‌كوردۆساید،له‌به‌رده‌م په‌رله‌مانی كوردستان خۆپیشاندانێكیان سازكردو داوایان له‌ حكومه‌ت‌و په‌رله‌مان كرد ئه‌و تاوانبارانه‌ی ده‌ستیان هه‌بووه‌ له‌ ئه‌نفالدا بدرێنه‌ دادگا، به‌تایبه‌ت ئه‌وانه‌ی له‌ دادگای باڵای تاوانه‌كان فه‌رمانی ده‌ستگیركردنیان ده‌رچووه‌، هه‌ر بۆ ئه‌و مه‌به‌سته‌ش كه‌سوكاری ئه‌نفالكراوان یاداشتێكیان پێشكه‌شی په‌رله‌مان كرد كه‌ تێیدا ناوی «تاوانباری» له‌خۆگرتووه‌ كه‌ له‌لایه‌ن دادگای باڵای تاوانه‌كانه‌وه‌ فه‌رمانی ده‌ستگیركردنیان ده‌رچووه‌.

جیهاد محه‌مه‌د، لـه‌و بـاره‌یـه‌وه‌ وتی: «داوا له‌ حیزبه‌كانی كوردستان ده‌كه‌ین رێز له‌ یاسا بگرن‌و مل بده‌ن كه‌ لێبووردنه‌ گشتییه‌كانی بـه‌ره‌ی كوردستانیی ته‌نیا لێبووردنی سیاسییه‌و یاسای ژماره‌ (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥)و برگه‌كانی (١٢و ١٣)و ماده‌ی (٢٧) له‌ دادگای نێوده‌وڵه‌تیی وه‌رگیراوه‌و له‌ ده‌ستووری عێراقدا چه‌سپێنراوه‌، كه‌ به‌وپێیه‌ هیچ تۆمه‌تبارو گومانلێكراوێكی گه‌لی كورد هیچ لێبووردنێك نایگرێته‌وه‌، ئه‌گه‌ر سیاسیی‌و یاساییش بێت، كه‌واته‌ تۆمه‌تبارانی ئه‌نفال هیچ حه‌سانه‌یه‌كی ناوخۆیی‌و نێوده‌وڵه‌تیی نایانگرێته‌وه‌و هیچ پۆستێكی سیادیش توانای پاراستن‌و داڵده‌دانیانی نییه‌».

له‌لایه‌كی دیكه‌وه‌، پارێزه‌ر به‌كر حه‌مه‌ سدیق، په‌رله‌مانتاری عێراق كه‌ به‌شداریی مه‌راسیمی كه‌مپه‌ینه‌كه‌ بوو له‌ سلێمانی باسی له‌وه‌ كرد؛ ئه‌و جاشه‌ ئه‌نفالچییانه‌ له‌ هه‌رێمی كوردستاندا هه‌ندێكیان سكاڵاپان له‌سه‌ر تۆمار كراوه‌، كه‌ ده‌توانرێت له‌ خاڵه‌كانی پشكنیندا بگیرێن، به‌ڵام پێیوایه‌؛ هۆكاری راسته‌قینه‌ی ده‌ستگیرنه‌كردنی جاش‌و موسته‌شاره‌كان «به‌تایبه‌ت ئه‌وانه‌ی ده‌ستیان به‌ خوێنی كوردستان سووره‌، په‌یوه‌ندیی راسته‌وخۆی به‌ بڕیاری سیاسییه‌وه‌ هه‌یه‌، كه‌ له‌ رۆژی لێبووردنه‌كه‌ی بـه‌ره‌ی كوردستانییه‌وه‌ تا ئه‌مڕۆ هیچ لێپێچینه‌وه‌یه‌كیان به‌رامبه‌ر ئه‌و تۆمه‌تبارانه‌ نه‌كردووه‌».

له‌و بڕوایه‌شدایه‌ مانه‌وه‌ی مسته‌شاره‌ ئه‌نفالچییه‌كان رووخـسـاری ده‌سه‌ڵاتی كوردیان ئه‌وه‌نده‌یتر ناشرین كردووه‌».

وتیشی: «دادگایی نه‌كردنی ئه‌و تۆمه‌تبارانه‌ دوو ئه‌نجامی خراپیان هه‌یه‌، یه‌كێكیان: ئه‌وه‌یه‌ جیاوازیی نێوان جوامێریی‌و ناپیاویی‌و خیانه‌ت كاڵده‌كاته‌وه‌و شه‌رعیه‌ت ده‌دات به‌ خۆفرۆشیی، دووه‌میان: ده‌بێت ده‌رفه‌ت بده‌ین به‌ دادپه‌روه‌ریی‌و ئه‌وانه‌ی خیانه‌تیان كردووه‌ به‌ دادگاییكردنێكی عادیلانه‌ سزابدرێن‌و ئه‌وانه‌ش دادگا بێ گوناهیان ده‌كات خه‌ڵك لێیان بێده‌نگ ده‌بێت».

# «گۆڕان زیاتر له‌ (٣٠) پرۆژه‌ی بۆ خزمه‌تی هاوڵاتییان داوه‌ته‌ په‌رله‌مان»

سازدانی: دلێر عه‌بدولخالق

**له‌ چاوپێكه‌وتنێكی رۆژنامه‌دا، بورهان ره‌شید گوله‌، ئه‌ندامی فراكسیۆنی گۆڕان‌و لیژنه‌ی یاسایی په‌رله‌مانی كوردستان له‌م چاوپێكه‌وتنه‌ی رۆژنامه‌دا، له‌سه‌ر كۆمه‌ڵێك باسی هه‌نووكه‌یی په‌رله‌مان ده‌دوێت.**



بورهان ره‌شید

**رۆژنامه‌: فراكسیۆنه‌كه‌تان ژماره‌یه‌كی به‌رچاو پرۆژه‌یاسای پێشكه‌شكردووه‌، له‌سه‌ر چ بنه‌مایه‌ك پێشكه‌ش كراون، بۆ بـه‌رژه‌وه‌نـدیـی گشتیی، یـان وه‌ك به‌رامبه‌ره‌كانتان ده‌ڵێن: «بۆ هات‌و هاواری راگه‌یاندن‌و پرۆژه‌ی وه‌همین؟**

* زیـاتـر لـه‌ (٣٠) پـرۆژه‌مـان پێشكه‌شكردووه‌، هه‌ر پرۆژه‌یه‌كیش له‌ ئه‌نجامی جۆرێك له‌ كه‌موكورتی بووه‌ له‌ ئیداره‌كردنی كاروباری هه‌رێمدا، له‌و چوارچێوه‌یه‌شدا چه‌ندین پرۆژه‌یاسای گـرنـگ‌و پـه‌یـوه‌سـت بـه‌ ژیـانـی خه‌ڵك پێشكه‌شكراوه‌، بۆ نموونه‌ پرۆژه‌ی بودجه‌ی حیزبه‌كان چه‌ندین مانگه‌ له‌ لیژنه‌ی یاسایی ماوه‌ته‌وه‌و خوێندنه‌وه‌ی بۆ نه‌كراوه‌، پرۆژه‌ی قه‌ده‌غه‌كردنی رێكخستنی حیزبیی له‌ناو هێزه‌كانی چه‌كدار، خوێندنه‌وه‌ی یه‌كه‌می بۆ كراوه‌و راپۆرته‌كان نه‌گه‌ڕاونه‌ته‌وه‌، پرۆژه‌ی ئامێری داواكاریی گشتیی، واته‌ ده‌زگای داواكاری گشتیی یاسای تایبه‌ت به‌خۆی هه‌بێت وه‌ك دامه‌زراوه‌یه‌كی سه‌ربه‌خۆ له‌ده‌ره‌وه‌ی ده‌سه‌ڵاتی جێبه‌جێكردنه‌، كه‌ ئێستا له‌ هه‌رێم به‌شێكه‌ له‌ وه‌زاره‌تی دادو ئه‌ویش به‌شێكه‌ له‌ حكومه‌ت، له‌كاتێكدا له‌ عێراقدا ئه‌و ده‌زگایه‌ جیاكراوه‌ته‌وه‌و به‌پێی ده‌ستووریش ده‌بێت ئه‌و ده‌سته‌یه‌ له‌ ده‌سه‌ڵاتی جێبه‌جێكردن جیابێت، یـان پـرۆژه‌ی ته‌ملیككردنی خانووه‌ ته‌جاوه‌زه‌كان، كه‌ زۆربه‌ی شارو شارۆچكه‌كانی هه‌رێم كێشه‌ی تاپۆیان هه‌یه‌، ئایا ئه‌وه‌ بۆ خزمه‌تی خه‌ڵك‌و چاره‌سه‌ری ئه‌و كێشه‌یه‌یه‌، یان هه‌رای ئیعلامیی؟ ئه‌مه‌ چه‌ند نموونه‌یه‌كه‌ كه‌ پێویست ده‌كات، خه‌ڵك حوكم له‌سه‌ر ئیشه‌كانمان بدات، نه‌ك لایه‌نێكی تر به‌ئاره‌زووی خۆی بیخوێنێته‌وه‌.

**رۆژنـامـه‌: لـه‌ چـوارچـێـوه‌ی ئه‌و ململانێیه‌ی له‌سه‌ر پرۆژه‌یاساكان له‌نێوان ده‌سـه‌ڵات‌و ئۆپۆزسیۆن هـه‌یـه‌، ئایا سه‌رۆكایه‌تی په‌رله‌مان سه‌ربه‌خۆیی خۆی پاراستووه‌، یان ئه‌وانیش به‌شێك بوون له‌ كێشه‌كه‌؟**

* سه‌رۆكی په‌رله‌مان به‌ نوێنه‌رایه‌تی پارتی دیموكراتی كوردستان له‌ په‌رله‌مانه‌، سكرتێره‌كه‌شی به‌ هه‌مان شێوه‌، جێگری سه‌رۆكی په‌رله‌مانیش نوێنه‌ری یه‌كێتیی نیشتمانیی كوردستانه‌، واته‌ به‌رژه‌وه‌ندییان هه‌یه‌و به‌رگریشی لێده‌كه‌ن.

ئه‌گه‌ر موزایه‌ده‌ به‌سه‌ر یه‌كتردا نه‌كه‌ین هه‌موومان بۆ خزمه‌تی خه‌ڵك له‌وێین، به‌ڵام پێویستده‌كات سه‌رۆكی په‌رله‌مان‌و جێگره‌كه‌ی بێلایه‌نی خۆیان بپارێزن‌و رۆڵی حه‌كیمانه‌ی خۆیان بگێڕن، واته‌ به‌ یه‌ك چاو سه‌یری پرۆژه‌ی یاسای هه‌موو فراكسیۆنه‌كان بكه‌ن‌و به‌پێی ریزبه‌ندیی مێژووی بخرێته‌ به‌نارمه‌ی كارو خوێندنه‌وه‌ی یه‌كه‌می بۆ بكرێت‌و دواتر لیژنه‌كان كاری تێدا بكه‌ن، نه‌ك حساباتی تر.

بۆ نموونه‌: له‌ مانگی (١١)ی ساڵی پار پـرۆژه‌ی گرنگیدان به‌ گه‌نجانمان پێشكه‌شكردووه‌و كه‌ تێدا ئاماژه‌ به‌وه‌ كراوه‌ به‌و توانا داراییه‌ی حكومه‌ت هه‌یه‌تی خزمه‌تی گه‌نجان بكرێت، كه‌چی هه‌ندێ په‌رله‌مانتار ئه‌وكات ده‌یانوت؛ به‌و پرۆژه‌ ده‌یانه‌وێت حكومه‌ت ئیفلاس بكه‌ن، به‌ڵام كاتێك حكومه‌ت له‌ مانگی (٣)ی ئه‌مساڵ پرۆژه‌ی تواناسازیی لاوانی پێشكه‌شكرد، كه‌وتنه‌ ریكلامكردن‌و بۆ ئه‌و پرۆژه‌یه‌، كه‌ پێشتر ئێمه‌ ناوه‌ڕۆكێكی له‌و شێوه‌یه‌مان پێشكه‌شكردووه‌، كه‌چی پرۆژه‌كه‌ی ئێمه‌یان كرده‌ قوربانیی.

**رۆژنامه‌: مه‌به‌سته‌ بڵێیت، ناوه‌رۆكی پرۆژه‌ی تواناسازیی لاوان هی ئۆپۆزسیۆن بووه‌؟**

* پێشئه‌وه‌ی پـرۆژه‌ی تواناسازیی لاوان له‌ بودجه‌دا بێته‌ ئاراوه‌، ناوه‌ڕۆكی ئه‌و پرۆژه‌یه‌ به‌شێك بووه‌ له‌ پرۆژه‌ی گرنگیدان به‌ گه‌نجان‌و پشتگیریی داراییان بۆ ناردنه‌ ده‌ره‌وه‌و كارئاسانیی بۆ سه‌فه‌رو هه‌وڵی حكومه‌ت بۆ رێكخستنی گرێبه‌ستی كاركردن له‌گه‌ڵ وڵاتانی تر.

> **سازش له‌سه‌ر پرسی راگه‌یاندن ناكه‌ین له‌ په‌رله‌مان**

**رۆژنامه‌: بۆچی بیر له‌ جۆرێك پرۆژه‌ی هاوبه‌ش نه‌كراوه‌ته‌وه‌ له‌ پێشكه‌شكردنی پرۆژه‌یاساكان، بۆ نموونه‌ فراكسیۆنی كوردستانی به‌جیاو ئۆپۆزسیۆنیش به‌ته‌نیا ئاماده‌ی ده‌كه‌ن، هۆكاری دروستنه‌بوونی ئه‌م نه‌ریته‌ چییه‌؟**

* له‌ناو په‌رله‌مان ته‌شه‌نوجێكی سیاسیی زۆر هه‌یه‌، به‌ڵام ئێمه‌ وه‌ك گـۆڕان دژی پرۆژه‌ی هاوبه‌ش نین، دژی ئه‌وه‌نین ئیمزا له‌سه‌ر پرۆژه‌ی ئه‌وان بكه‌ین‌و ئه‌وانیش هی ئێمه‌، به‌تایبه‌ت ئه‌گه‌ر بۆ خزمه‌تی خه‌ڵك بێت، خۆم چه‌ند پرۆژه‌یه‌كم ئیمزاكردووه‌ هی چه‌ند ئه‌ندامێكی كوردستانیی بووه‌، چونكه‌ قه‌ناعه‌تم پێی هه‌بووه‌، بۆیه‌ كاری هاوبه‌ش به‌ پێویست ده‌زانـم، به‌تایبه‌ت پـرۆژه‌ نیشتمانییه‌كان پێویستیان به‌ چێككردنی هه‌موو لایه‌نه‌كان هه‌یه‌.

**رۆژنـامـه‌: له‌باره‌ی ده‌سته‌ی باڵای هه‌ڵبژاردنه‌كانی هه‌رێم، هۆكاری ناكۆكیی ئۆپۆزسیۆن‌و كوردستانیی له‌سه‌ر ئه‌و پرۆژه‌یاسایه‌ بۆ گه‌یشته‌ ئه‌و ئاسته‌ی ئێوه‌ كارتی كشانه‌وه‌ له‌ ئیئتیلافه‌ كوردییه‌كه‌ی به‌غدا رابكێشن؟**

* ئێمه‌ دژی ئه‌و پـرۆژه‌ نیشتمانییه‌ نین، به‌ڵام ترسمان هه‌یه‌، هه‌ندێ پرۆژه‌ هه‌یه‌ پێویستی به‌ ته‌وافوقه‌، له‌كاتێكدا ئه‌وان كۆمسیۆنێكی باڵای هه‌ڵبژاردن دروستده‌كه‌ن، پێشتر بۆ یه‌ككگرتنه‌وه‌ی ده‌زگای چاودێری دارایی له‌ (٢٠٠٨)ه‌وه‌ یاسای بۆ ده‌رچووه‌، بـه‌ڵام ئه‌مساڵ خه‌ریكه‌ یه‌كده‌گرێته‌وه‌، ئاسایش‌و پێشمه‌رگه‌یه‌كی نه‌گرتووه‌ته‌وه‌، تۆ پرۆژه‌یه‌ك دێنیت له‌كاتێكدا ده‌زگایه‌كی به‌دیلیی له‌ عێراق هه‌یه‌، ده‌ته‌وێت وه‌ك خۆت ده‌ته‌وێت دروستی بكه‌یت، نه‌ك به‌ ئیجماع دروستبكرێت، هـه‌روه‌ك چۆن زۆربـه‌ی شته‌كان به‌ حیزبی كراون‌و ده‌یانه‌وێت ئه‌و كۆمسیۆنه‌ش به‌هه‌مان شێوه‌ بێت، ئه‌وه‌ش لای ئێمه‌ قبووڵ نییه‌، چونكه‌ ئه‌و ده‌سته‌یه‌ زۆر گرنگه‌و شه‌رعیه‌ت ده‌دات به‌ راپرسی پـرۆژه‌ی ده‌ستوورو به‌ هه‌ڵبژاردنه‌كانی هه‌رێم، به‌ حكومه‌ت‌و دامه‌زراوه‌كان، ئێمه‌ داوای دامه‌زراندنی ده‌سته‌یه‌كی بێلایه‌ن ده‌كه‌ین، نه‌ك به‌ پشكی حیزبی پێكبهێندرێت.

**رۆژنامه‌: له‌ باره‌ی پرسی راگه‌یاندن، ئێوه‌ ده‌تانه‌وێت په‌رله‌مان ماڵی له‌ شووشه‌ بێت‌و راگه‌یاندنه‌كان ته‌واوی جموجولی ناو ماڵه‌كه‌ بگوازنه‌وه‌، له‌ به‌رامبه‌ردا ئاراسته‌یه‌ك هه‌یه‌ هه‌وڵی شاردنه‌وه‌ی جموجوله‌كانی ئه‌و ماڵه‌ ده‌دات؟**

* ئه‌م كێشه‌یه‌، ره‌هه‌ندی یاسایی‌و سیاسیی هه‌یه‌، له‌ یاسای ژمـاره‌ی (١)ی (١٩٩٢) هاتووه‌: كۆبوونه‌وه‌كانی په‌رله‌مان ئاشكرایه‌، پـه‌یـڕه‌وی نـاوخـۆش جه‌خت ده‌كاته‌وه‌، ئاشكراش واته‌ بڵاوكردنه‌وه‌ی بۆ خه‌ڵك له‌ رێی راگه‌یاندنه‌وه‌، كه‌ یاسا رێگه‌ی دابێت راگه‌یاندنكاره‌كان مافی خۆیانه‌ بیگوازنه‌وه‌، چونكه‌ ئه‌وان چاوی خه‌ڵكن، هه‌روه‌ك یاسای كاری رۆژنامه‌گه‌ریی هاتووه‌ هه‌ر شتێك په‌یوه‌ندیی به‌ ژیانی خه‌ڵكه‌وه‌ هه‌بێت پێویسته‌ راگه‌یاندنه‌كان بیگوازنه‌وه‌ بێ هیچ سانسۆرێك، بۆیه‌ ئه‌و پرسه‌ له‌لایه‌ن فراكسیۆنی گۆڕانه‌وه‌ جێگه‌ی دانوستان نییه‌، چونكه‌ یاسایه‌و ده‌بێت جێبه‌جێ بكرێت، نه‌ك ته‌فسیری بۆ دابتاشرێت، بۆیه‌ سازش له‌سه‌ر پرسی راگه‌یاندن ناكه‌ین له‌ په‌رله‌مان.

له‌ رووی سیاسییه‌وه‌ ده‌مانه‌وێت خه‌ڵك بزانێت نوێنه‌ره‌كانیان چی ده‌كه‌ن‌و له‌ په‌رله‌مان چ باسه‌، ده‌نگه‌ ده‌نگ‌و گفتوگۆكان‌و هه‌تا ئه‌گه‌ر لایه‌نێك هه‌ڵه‌ بكات خه‌ڵك بۆی ئاشكرابێت.

**رۆژنامه‌: له‌سه‌ر ئیمتیازاتی ئێوه‌، وه‌ك له‌ راگه‌یاندنه‌كان باسكرا ته‌نیا چوار په‌رله‌مانتار له‌ناو فراكسیۆنی گۆڕان ئوتۆمبێلیان وه‌رگرت، یه‌كێك له‌وان تۆبوویت؟**

* هه‌رچه‌نده‌ وه‌رگرتنی ئۆتومبێل به‌ ماف‌و ئیمتیازاتی په‌رله‌مانتاری ده‌زانم، چونكه‌ بۆ چوار ساڵه‌و بۆ هاتوچۆو ئیشوكاره‌، نه‌ك ره‌شووه‌و به‌رتیل، به‌ڵام ئه‌وه‌ پڕوپاگه‌نده‌یه‌ كه‌ وتیان بورهان ئۆتۆمبێلی وه‌رگرتووه‌، چونكه‌ ئه‌و رۆژه‌ی (٢١) په‌رله‌مانتاره‌كه‌ی ئێمه‌ واژویـان كردبوو بۆ وه‌رنه‌گرتنی ئۆتۆمبێل، من له‌ هه‌ولێر نه‌بووم‌و بۆ كارێكی تایبه‌ت له‌ سلێمانی بووم، بۆیه‌ به‌دڵنیاییه‌وه‌ وه‌رمنه‌گرتووه‌.




## دۆکیۆمێنتەکانی (ویکی لیکس) هەڵایەکی گەورەی نایەوە

# لایەنە عێراقییەکان وەک کارتێک دژ بەیەک بەکاریدێنن

ئا: شاڵاو فەتاح

**ویکی لیکس بە بڵاوکردنەوەی نزیکەی (٤٠٠) هەزار دۆکیۆمێنتی تایبەت بە جەنگی عێراق بووە یەکەمین ڕێکخراو لە مێژوودا، کە زۆرترین دۆکیۆمێنتی موخابەراتی لە یەک کاتدا بڵاوبکاتەوە**

ئەم ڕێکخراوە ناسراوە بە بڵاوکردنەوەی دۆکیۆمێنتی شـــەڕ دەربـــارەی جەنگی ئەفغانستان، کە زیاتر لە (٧٧) هـــەزار دۆکیۆمێنتی موخابەراتی بـــوون، بەڵام بەمدواییانە ویکی لیکس (٣٩١) هەزارو (٨٣٢) دۆکیۆمێنتی دا بە ڕۆژنامە بەناوبانگەکانی وەک: نیۆیۆرک تایمزی ئەمریکی، گاردیانی بەریتانی، لۆمۆندی فەرەنسیو دێرشپیگلی ئەلمانی، بۆئەوەی ئەم ڕۆژنامانە پۆلێنی دۆکیۆمێنتە هەژێنەرەکان بکەن.

ئەم دزەکردنە؛ دەنگدانەوەیەکی زۆری دروستکردو پنتاگۆن بە ئاشکرا نارەزایی دەربـڕیو تەنانەت بە «دەست تێکەڵکردن لە خوێن»ی سەربازو خەڵکدا لەقەڵەمیان دا، بەڵام جولیان ئاسانجی، دامەزرێنەری ئەو ڕێکخراوە ڕۆژی شەممە بەرگریی لەو هەنگاوە کردو وتی: دۆکیۆمێنتەکان واقیعی عێراقییان خستووەتە بەرچاو.


جولیان ئاسانجی

### (١٥) هەزار قوربانیی ڕانەگەیەنراوە

(ژمێرەری لاشەی عێراقی) کە گرووپێکی تایبەتە بە ژماردنی ئەو کەسانەی کە لە عێراقو بەهۆی شەڕەوە کـوژراون، لە لێدوانێکیدا ئاماژەی بەوە کرد: دۆکیۆمێنتەکان مەرگی (١٥) هەزار کەس دەردەخەن کە پێشتر لە هیچ شوێنێکدا باس نەکراون، هەر بەپێی ئەم دۆکیۆمێنتانە لە ساڵی (٢٠٠٣)وە تائێستا زیاتر لە (١٠٩) هەزار کەس کوژراونو (٦٠٪) یان هاوڵاتییانی مەدەنی بوون.

بەپێی ڕۆژنـامـەی نیویۆرک تایمزی ئەمریکی، دۆکیۆمێنتەکان ئەوە دەردەخەن کـە هاوڵاتییانی مـەدەنـی زۆر زیاتر کوژراون لەوەی لە ڕاپۆرتەکاندا باسکراوە. دۆکیۆمێنتەکان باس لەو هاوڵاتییانەش دەکەن کە لەلایەن سەربازە ئەمریکییەکانەوە کـــوژراون، لـە خـالـی پشکنین، بەهۆی هێلیکۆپتەرەوە. ئـەم جـۆرە لە کوشتن هۆکاری سەرەکی یاخیبوونی عێراقییەکان بوو لە ئەمریکاو دۆخێکی خولقاند کە ئێستا لە ئەفغانستان دووبارە دەبێتەوە.

ڕاپـۆرتـەکـان لانیکەم چـوار کەیسی کوشتنی هاوڵاتییانی مەدەنی لەلایەن کۆپتەرە ئەمریکییەکانەوە تێدایە، خوێناویترینیان ئەوەی ڕۆژی (٢٠٠٧/٧/١٦)ە، کە بووەهۆی کوشتنی (٢٦) عێراقیو نیوەیان هاوڵاتیی مەدەنی بـوون، لە دوایەمین بڵاوکراوەی پنتاگۆندا دەربـارەی ژمـارەی هاوڵاتییو هێزە ئەمنییە کوژراوەکان، باس لە کوژرانی (٧٦) هەزارو (٩٣٩) کەس دەکرێت، بەڵام ئەم ژمارەیە کەمترە لەوەی لە ڕاپۆرتەکاندا هاتووە.

لەمبارەیەوە، پنتاگۆن ئامادە نەبوو وەڵامی پرسیاری نیویۆرک تایمز بداتەوە دەربـارەی یاسای بەکارهێنانی کۆپتەری سەربازیی ئەمریکی لە عێراق.

### ئەشکەنجەدانی بێ لێکۆڵینەوە

دۆکیۆمێنتەکانی ویکی لیکس ئاماژە بە سزادانو ئەشکەنجەی هەرەمەکی دەکەن کە هەندێکجار ژنو منداڵیش بوونەتە قوربانیی. بەگوێرەی ڕۆژنامەی گاردیانی بەریتانی، دۆکیۆمێنتەکان ئەوە دەردەخەن، کە ئەمریکا شکستی هێناوە لەوەی لێکۆڵینەوە بۆ سەدان ڕاپۆرتی ئەشکەنجەو کوشتنو دەستدرێژیکردن بکات، کە لەلایەن پۆلیسی عێراقیو سەربازەکانەوە ئەنجامدراونو پێدەچێت سیستماتیک بووبن، بەڵام بەهیچ سزایەک نەگەیەنراون. تەنانەت شەش لە ڕاپۆرتەکان باس لە مردنی دەستگیرکراوەکان دەکەن بەهۆی سزادانەوە.

ڕاپـۆرتـەکـان بـاس لـەوە دەکـەن، کە هاوپەیمانان سیاسەتێکی ڕەسمییان هەبووە بـۆ فەرامۆشکردنی کەیسی کوشتنی لەوجۆرەو بە «توێژینەوە پێویست نییە»، وەڵامیان داوەتەوە.

### مەترسی لەسەر مانەوەی مالیکی

بڵاوکردنەوەی ئەو دۆکیۆمێنتانەی باس لە ئەشکەنجەدان دەکەن لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە داهاتووی نوری مالیکی وەک سـەرۆک وەزیـران دەخەنە مەترسییەوە. لیستی ئەلعێراقییە پێیوایە؛ ئەم دۆکیۆمێنتانە لەوە دڵنیایان دەکەنەوە کە نابێت بهێڵن نوری مالیکی پۆستی سـەرۆک وەزیـران وەربگرێتەوە.

لەمبارەیەوەمەیسون دەمەلۆجی،وتەبێژی ئەلعێراقییە، وتی: «ئەمجۆرە لە مومارەسەو پێشێلکاریی لەلایەن مالیکییەوە وامان لێدەکات کە سووربین لەسەر بەشداریکردن لە بڕیار دروستکردندا، مالیکی دەیەوێت هەموو دەسەڵاتەکان لەدەستی خۆیدا بێت». ئەوەی کە مەترسییەکە توندتر دەکات ئەوەیە، زۆرینەی ئەوانەی ئەشکەنجەدراون باوەڕ وایە سوننی بووبن.

بەڵام عەلی دەباغ، وتەبێژی حکومەتی عێراق، ئامادە نەبوو هیچ لێدوانێک بدات لەسەر دۆکیۆمێنتەکانی ویکی لیکس، بەو پاساوەی کە هێشتا دۆکیۆمێنتەکانی نەبینیوە.

### UN داوای لێکۆڵینەوە لە ئەمریکا دەکات

ڕێـکـخـراوی نەتەوەیەکگرتووەکان داوا لە ئەمریکا دەکـات، کە توێژینەوە لە کەیسی ئەشکەنجەدا بکات کە لەناو ڕاپۆرتە دزەپێکراوەکانی ویکی لیکسدا هاتوون.

مانفرێد نـۆواک، ڕیپۆرتەری سەرەکی یوئێن لەسەر کەیسی ئەشکەنجە بە (بی.بی.سی) ڕاگەیاند: باراک ئۆبامای سەرۆکی ئەمریکا «ناچارە» توێژینەوەی بابەتییو سەربەخۆ لەسەر کەیسی ئەشکەنجەدان دوای توێژینەوەکان بکات، ئیدی ئەوە دادگا بـڕیـاردەدات کە کێ جەللادەو چۆن سزای بدات.

### ئێران گازی کیمیایی دەدات بە عێراق

دۆکیۆمێنتەکانی ویکی لیکس، تەنیا باس لە کاری ئەمریکا یان سیاسەتوانە عێراقییەکان ناکات، بەڵکو ئێرانیش دەگرێتەوە. بەگوێرەی ئەم دۆکیۆمێنتانە، ئێران موشەکی لە جۆری هەڵگری «نیرۆپاراڵێتیک» کە دەبێتە هۆی تێکچوونی سیستمی دەماریی، بە یاخیبووە عێراقییەکان فرۆشتووە.

لە یەکێک لە دۆکیۆمێنتەکاندا هاتووە؛ کە ڕۆژی (٢٠٠٦/١/١٧) گرووپێک لە میلیشیا عێراقییەکان توانیویانە (٥٠) موشەکی لەوجۆرە لە قاچاخچییەکانی سەر سنوور بکرن. هەرچەندە نەتوانراوە شوناسی ئەو گرووپە دیاریی بکرێت، بەڵام دۆکیۆمێنتەکە ئەوە دەردەخات کە موشەکەکان لە ئێرانەوەو بە ڕێگەی بەسرەدا هاتوون.

بەپێی دۆکیۆمێنتێکی تر ئاژانسە ئێرانییەکان ویستوویانە بەهۆی ئۆتۆمبێلێکی بۆمبڕێژکراو بە بۆمبی کیمیایی لە ناوچەی سەوزی شاری بەغدا بتەقێننەوە.

### سێ ئەمریکییەکە ئاگادارکراونەتەوە

گیرانی سێ «گەشتیار»ی ئەمریکی لە تەمموزی ٢٠٠٩و بە پاساوی تێپەڕکردنی سنووری ئێران بووە هۆی درووستبوونی قەیرانێکی دبلۆماسی لەنێوان ئێرانو ئەمریکادا. ڕۆژنامەی نیۆیۆرک تایمزی ئەمریکی لە دۆکیۆمێنتەکانی ویکلی لیکسەوە ئاماژە بەوە دەدات کە سێ ئەمریکییەکە پێدەچێت لەناو خاکی عـێـراقو پێش تێپەڕکردنی سنووری ئێران دەستگیرکرابن. بەپێی دۆکیۆمێنتێک سووپای ئەمریکا پێشتر ئەو گەشتیارانەی ئاگادارکردووەتەوە لـە بـوونـی مەترسی لـەو نـاوچـەیـەدا. ئەمەش ئەوە دەردەخـات کە سووپا نەک هەر بە بوونی ئەوانی زانیوە بەڵکو لە مەترسییەکانی بەردەمیشیان ئاگاداربووە. بەپێی ڕاپۆرتێکی سووپای ئەمریکا کە لە هەمان ڕۆژی دەستگیرکردنی سێ گەشتیارەکەدا نووسراوە، ئەو سێ کەسە ئاگادارکراونەتەوەو تەنانەت لە ڕاپۆرتەکەدا باس لە تۆمەتی جاسووسیکردن دەکرێت، وەک دواتر ئێران دایە پاڵیان.

بـوونـی کەیسی فرۆشتنی گـازی کیمیاویو گەشتیارە ئەمریکییەکان وایکرد ڕۆژنامەی نیۆیۆرک تایمز بەشی تایبەت بە ئێران بە گرنگترین بەشی دۆکیۆمێنتەکان وەسفبکات.

### کاردانەوەی ئەمریکا

هیلاری کلینتۆن، وەزیـری دەرەوەی ئەمریکا، بەتوندی ئیدانەی بڵاوکردنەوەی دۆکیۆمێنتەکانی کردو وتی: «بەڕوونییو ڕەوانیی ئەو دۆکیۆمێنتانە ئەمریکا دەخەنە مەترسییەوە».

پنتاگۆنیش پێشتر هۆشداریی ئەوەی دابـوو، کە بڵاوکردنەوەی دۆکیۆمێنتی هەواڵگری سەربازیی، گیانی سەربازانی ئەمریکا دەخاتە بەر مەترسی. جیۆف مۆرێلی وتەبێژی پنتاگۆن لە لێدوانێکدا مەترسی ئـــەوەی خـســتـەڕوو کـە ئەم دۆکیۆمێنتانە دەبنە سەرچاوەیەک بۆ دوژمنانی ئەمریکا، وەک چۆن (٧٧) هەزار دۆکیۆمێنتەکەی ئەفغانستانی ویکی لیکس بوو بە سەرچاوەیەک بۆ دوژمنانی ئەمریکا لەو وڵاتە. «بەخستنەڕووی ئەو زانیارییە هەستیارانە، ویکی لیکس بەردەوامدەبێت لە ریسککردن بە گیانی سەربازەکانمان، هاوپەیمانو ئەو عێراقییو ئەفغانییانەی کە کارمان لەگەڵدا دەکەن».

پێشترو لە لێدوانێکی دیکەدا مایک مولەن، فەرماندەی هێزەکانی ئەمریکا، بـڵاوکـردنـەوەی زانـیـاریـیـەکـانـی بە «دەستخوێناویکردن» لەقەڵەم دا، «بەڕێز ئاسانج دەتوانێت هەر شتێک دەیەوێت بیڵێت دەربارەی ئامانجی بڵاوکردنەوەی ئەو دۆکیۆمێنتانە، بەڵام ئەم بڵاوکردنەوانە دەست خوێناویکردنە».

بەڵام جولیان ئاسانجی دامەزرێنەرو بەڕێوەبەری ئەو ڕێکخراوە بەرگریی لەو هەنگاوە کردو پێیوایە؛ بڵاوکردنەوەی دۆکیۆمێنتەکان «دەربـــارەی واقیعە»و ئـەوەشـی خـسـتـەڕوو کـە دەیـانـەوێت کاریگەرییەکی سیاسیی ئێجگار گەورە دروست بکەن. لە کۆنفرانسێکدا لە لەندەنی پایتەختی بەریتانیا، جولیان ئاسانج وتی: «هیوادارین بتوانین بڕێک لەو هێرشانە بوەستێنین کە دەکرانە سەر ڕاستییو واقیع بەر لە جەنگی عێراقو لەکاتی جەنگو لە ئێستاشدا، کە هەر بەردەوامە. دواتر ئاسانج وتی: «هەرچەندە هێشتا نازانم توانیومانە گەورەترین کاریگەریی سیاسیی دروست بکەین یان نا، بەڵام نزیکبووینەتەوە لەوە».

### دزەکردنی دۆکیۆمێنتەکان

هەرچەندە ویکی لیکس سەرچاوەی دزەکردنی ئەو دۆکیۆمێنتانەی ئاشکرا نەکردووە، بەڵام گومان لە شیکاروانی موخابەراتی عەسکەریی، برادلی مانینگ دەکـرێـت، کە ئێستا لە گرتووخانەی سەربازییدایە. مانینگ تەمەنی تەنیا (٢٣) ساڵەو لە (٢٠١٠/٧/٥)دا بە تۆمەتی بـڵاوکـردنـەوەی ڤیدیۆیەک، کە تێیدا وێنەی کۆپتەرێکی ئەمریکی گیراوە لە ساڵی (٢٠٠٧)داو لەکاتی تەقەکردن لە عێراقییەکان.

برادلی مانینگ، تەنیا بە بڵاوکردنەوەی دۆکیۆمێنتی شـەڕی عێراق تۆمەتبار نییە، بەڵکو تۆمەتی بـڵاوکـردنـەوەی دۆکیۆمێنتەکانی شەڕی ئەفغانستانیشی دەدرێـتـە پـاڵ، پێشترو مانینگ لە فەیسبووکەکەی خۆیدا چەندین یاداشتی نهێنی شـەڕی دانابوو وەک دەربڕینی تووڕەیی خۆی بەرامبەر سوپای ئەمریکاو «کۆمەڵگە بەگشتیی».

»

پێدەچێت سێ ئەمریکییەکە لەناو خاکی عێراقو پێش تێپەڕکردنی سنووری ئێران دەستگیرکرابن

«

»

لە ساڵی (٢٠٠٣)وە تائێستا زیاتر لە (١٠٩) هەزار کەس کوژراونو (٦٠٪)یان هاوڵاتییانی مەدەنی بوون

«

### شارەزایەکی سیاسیی: دروستکردنی کوتلەی تازە دیاردەیەکی دیموکراسییە

# دواکەوتنی حکومەت، فراکسیۆنەکان لێک هەڵدەوەشێنێت

کاروان عومەر

**دواکەوتنی پێکهێنانی حکومەتی عێراقی، کوتلەو لایەن‌و دەستەی نوێ لەنێو لیستە گەورەکاندا دروستدەکات‌و لیستە بچووکەکانیش لەیەکتری نزیک دەبنەوە، هاوکات پسپۆڕێکی سیاسیش ئەو دیاردەیە بە دیموکراسی لە قەڵەم دەدات‌و دەیبەستێتەوە بە بەرژەوەندیی لیستەکانەوە.**



ڕێکنەکەوتنی لایەنە عێراقییەکان بۆ پێکهێنانی حکومەت وای کردووە هاوکێشەی هاوپەیمانێتییەکانیش لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا گۆڕانکاریی بەسەردا بێت‌و لەنێو ئیئتیلافە گەورەکاندا فراکسیۆنی بچووک جیا ببنەوەو لیستە بچووکەکانیش لێک نزیک ببنەوە.

فراکسیۆنی عێراقییە بە شیاوترین ئیئتیلاف دادەنرا بۆ لێک هەڵوەشاندنەوەو یەکەم لیست بوو، کە ئەو دیاردەیەی تیا دەرکەوت.

عێراقییە پێکدێت لە پارتی ویفاقی نیشتمانیی بە سەرۆکایەتی ئەیاد عەلاوی، خاوەن (٢٤) کورسی‌و بەرەی دیالۆکی نیشتمانیی بە سەرۆکایەتی ساڵح موتڵەگ، (٢٠) کورسی‌و لیستی عێراقییون بە سەرۆکایەتی ئوسامە نوجەیفی، کە (١٩) کورسی هەیەو بزووتنەوەی چارەسەر بە سەرۆکایەتی جەمال کەربوولیش، (١٢) کورسی لە عێراقییەدا هەیەو لیستی نوێبوونەوە بە سەرۆکایەتی تارق هاشمی، خاوەن (٦) کورسییەو ڕەوتی ئایندە بە سەرۆکایەتی سەلام زەوبەعی، (٤) کورسی هەیەو گردبوونەوەی عەرەبی (یەک) کورسی‌و (پێنج) کورسیش سەر بە بەرەی تورکمانین، بەڵام ڕەوتێکی نوێ لەناو عێراقییەدا پێکهات بە ناوی ڕەوتی نیشتمانیی میانڕەو، کە خاوەن (٣٠) کورسییە، ئەوەش پاش ئەوەی لیستی عیراقییون بە سەرۆکایەتی ئوسامە نوجەیفی، (١٢) کەس لێی جیابوونەوەو لیستێکیان بەناوی (قرویون) پێکهێنا، ئەو لیستە لەگەڵ لیستەکەی جەمال کەربولی، کە خاوەن (١٢) کورسی‌و (٦) پەرلەمانتاری پارتی ویفاقە سەر بە ئەیاد عەلاوی، یەکیانگرت‌و ئەم ڕەوتە بە سەرۆکایەتی تەلال زەوبەعی، سەرۆکایەتی دەکات.

ئیئتیلافی نیشتمانیش، کە خۆی بە خاوەن مافی دەستووری پێکهێنانی حکومەت دەزانێت لەسەر کاندیدکردنەوەی نوری مالیکی، بۆ پۆستی سەرۆک وەزیران، کێشەی تێکەوت‌و بوون بە دوو بەرەوە.

ئیئتیلافی نیشتمانیش پێکدێت لە (٧٠) کورسیی لە ڕەوتی سەدر، کە خاوەن (٣٩) کورسییەو ئەنجومەنی باڵای ئیسلامیی (١٨) کورسی‌و ڕێکخراوی بەدر، خاوەن (دوو) کورسییەو حزبووڵلای عێراقی، (یەک) کورسی هەیەو هەردووکیان هاوپەیمانن لەگەڵ ئەنجومەنی باڵای ئیسلامیی‌و حیزبی فەزیلەش لەو هاوپەیمانێتییەدا خاوەنی (٧) کورسییەو ڕەوتی ئیسلاح، (یەک) کورسی هەیەو کۆنگرەی نیشتمانیش بە سەرۆکایەتی ئەحمەد چەلەبی، خاوەنی (کورسییەکە)، ئەمە جگە لەوەی یەک ئەندامی سەربەخۆش لەو هاوپەیمانێتییەدا هەیە.

بەڵام سەباح ساعدی، کە لەسەر کوتلەی فەزیلە پەرلەمانتار بوو، جیابوونەوەی خۆی لە حیزبەکەی ڕاگەیاندو وەکو ئەندامێکی سەربەخۆ لە ئیئتیلافی نیشتمانیی مایەوەو دواتر ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی‌و هاوپەیمانەکانی‌و حیزبی فەزیلەو سەربەخۆکان جیابوونەوەو عادل عەبدول مەهدیان، وەک پاڵێوراوی خۆیان بۆ پۆستی سەرۆک وەزیران دیاریی کرد.

لەبەرامبەردا کوتلەی ئەحرار (سەدرییەکان)و ڕەوتی چاکسازیی‌و کۆنگرەی نیشتمانیی وەک پشتگیریکەرێکی نوری مالیکی مانەوە، ئەمە لە کاتێکدایە هەردوو بەرەکەش جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە پابەندن بە هاوپەیمانی نیشتمانییەوە کە لەدوای هەڵبژاردنەکان بۆ دروستکردنی حکومەت پێکیان هێنا، هاوکات کەناڵەکانی ڕاگەیاندن ئاماژەیان بۆ ئەوە کرد؛ کە هادی عامری، سەرۆکی ڕێکخراوی بەدر چووەتە پاڵ ڕەوتی سەدر، بەڵام کەریم علێوی مەحمەداوی، پەرلەمانتاری ڕێکخراوی بەدر لە وتەیەکیدا بۆ ڕۆژنامە ئەوەی ڕەتکردەوە؛ کە ناوبراو جیابووەتەوە لە ڕێکخراوی بەدرو ئاشکراشی کرد، کە هێشتا ناوبراو پابەندە بە بڕیارو سیاسەتەکانی ڕێکخراوی بەدرو ئەنجومەنی باڵای ئیسلامیی‌و هێشتا ناوبراو وەکو سەرۆکی ڕێکخراوی بەدر ماوەتەوە.

هاوکات فراکسیۆنە بچووکەکانیش لە ڕووی بەدەستهێنانی کورسییەوە بۆ بەهێزکردنی پێگەی خۆیان لە هاوکێشەی پێکهێنانی حکومەتدا لێک نزیک دەبنەوە، لەو چوارچێوەیەشدا هەریەکە لە بەرەی تەوافقی نیشتمانیی خاوەن (٦) کورسی‌و ئیئتیلافی یەکێتیی عێراق بە سەرۆکایەتی جواد بۆڵانی، کە خاوەن (٤) کورسییە یەکیانگرت لەژێر ناوی هاوپەیمانیی وەسەت‌و دوای ئەو یەکگرتنەش باس لەوە دەکرێت، کە ئەو هاوپەیمانێتییە نوێیە پشتگیرییان لە نوری مالیکی، کردووە تا بێتەوە بە سەرۆک وەزیران، بەڵام شێخ شەعلان ئەکرەم، پەلەمانتاری لیستی یەکێتیی عێراق لە وتەیەکیدا بۆ ڕۆژنامە ئەوەی ڕەتکردەوە؛ کە ئەوان لایەنگریی هیچ لایەنێک، یان پشتگیرییان بۆ نوری مالیکی، ڕاگەیاندبێت.

لەلایەکی ترەوە، گرووپە نەتەوەیی‌و ناوچەییەکانیش لە هەوڵی بەهێزکردنی خۆیادان لە ڕێگەی ئەنجامدانی هاوپەیمانێتییەوە، لەپاش ئەوەی چوار لایەنەکەی هەرێمی کوردستان کە کورسییان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بەدەستهێنا، ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکانیان پێکهێنا.

بڕیارە بەمزووانە فراکسیۆنێکی تورکمانی لە ئەنجومەنی نوێنەران پێکبهێنرێت، کە لە (١٠) پەرلەمانتاری تورکمانی لیستەکانی عێراقییەو دەوڵەتی یاساو هاوپەیمانی نیشتمانیی پێکدێن‌و چەند داواکارییەکی گرنگی وەک: وەرگرتنی پۆستی جێگری سەرۆک کۆمار، پۆستێکی سیادی، بە پارێزگارکردنی قەزای تەلەعفەری زۆرینە تورکمانی موسڵ پێشکەش بکەن، هاوکات گرووپێکی تری پەرلەمانتارە شیعەکان لە لیستە جیاوازەکان بەنیازن کوتلەیەکی نوێ بۆ ناوچە شیعەنشینەکانی ناوەڕاست‌و باشووری عێراق لە پەرلەمانی عێراق دروست بکەن.

لەلایەکی ترەوە، پسپۆڕانی سیاسیی دیاردەی دروستکردنی کوتلەی نوێ لەنێو لیستەکاندا بە دیاردەیەکی دیموکراسی دەزانن.

لەوبارەیەوە حەمید فازل، لێکۆڵەرەوەی سیاسیی ئاماژەی بۆ ئەوە کرد؛ دیاردەی جیابوونەوە لە لیستە سیاسییەکان بۆ لاوازیی ئەو پەیوەندییەی نێوان پێکهاتەو لیستە سیاسییەکان دەگەڕێتەوە، کە بە مەبەستی بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکان دروستبووە، تایبەت بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «ئەو پەیوەندییە لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی دروستبووە، نەک لەسەر بنەمای ئایدیۆلۆژی، یان نەتەوەیی، یان ئایینیی، یان مەزهەبی».

ئەو لێکۆڵەرە سیاسییە ئاماژە بە هۆکارێکی تری جیابوونەوەی کوتلەکان دەکات لە فراکسیۆنە گەورەکان‌و پێیوایە؛ ئەو دیاردەیە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە درێژبوونەوەی ماوەی وتوێژەکانی نێوان لایەنەکان‌و دواکەتنی پێکهێنانی حکومەت، ئەمەش ڕێگە خۆشکەر بووە کە جیابوونەوەی لایەنەکان‌و پەرلەمانتارەکان لەژێر فشاری پۆست‌و بەرژەوەندیی شەخسی، بەڵام وتیشی: ئەو دیاردەیە دژی دیموکراسییەت نییە، چونکە هەموو کەسێک ئازادە لە دەستنیشانکردنی ئەو لایەنانەی کە دەچێتە ناوی».

### حکومەت (٢٩٠) هەزارو قاعیدە (٣٠٠) دۆلاریان دەداتێ

# سەحوەو قاعیدە، دەبنە هاوپەیمان

ڕۆژنامە

**کێشەی دارایی‌و دانەمەزراندنیان، چەکدارانی سەحوە لە ڕێکخراوی قاعیدە نزیک دەکاتەوەو سەرۆکی ئەنجومەنی سەحوەی ئەنباریش دەڵێت: «بڵاوکردنەوەی ئەو دەنگۆیانە بۆ ئەوەیە حکومەت گرنگیی زیاترمان پێبدات».**

وەزارەتی بەرگریی عێراق لە بەیاننامەیەکدا ناوەڕۆکی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمزی ئەمەریکی ڕەتکردەوە، کە باس لە پەیوەندیکردنی چەکدارانی سەحوە دەکات بە ڕێکخراوی قاعیدەوە، وەزارەتی بەرگریی ئاماژە بەوە دەکات؛ کە حکومەت پەیوەستە بە چەکدارانی سەحوەوەو ئەگەر چەکدارێکی ئەو ئەنجومەنانەش کاری نایاسایی کردبێت، مامەڵەی یاسایی لەگەڵ دەکرێت، ئاشکرای دەکات، کە بە هەمئاهەنگیی لەگەڵ لیژنەی ئاشتەوایی نیشتمانیی ناوو ژمارەو پێگەی کارکردنی چەکدارانی سەحوە دیاریی دەکرێت.

ڕۆژنامە ئەمریکییەکە ئاماژەی بەوە داوە؛ کە سەدان چەکداری سەحوە بەهۆی بێزاربوونیان لە مامەڵەکردنی حکومەت لەگەڵیانداو پشتگوێخستنیان، پەیوەندییان بە ڕێکخراوی قاعیدەوە کردووە، هەندێکیشیان هێشتا وەک لایەنگری حکومەت ماون‌و بە نهێنیی کار بۆ قاعیدە دەکەن، ئەحمەد ئەبو ڕیشە، سەرۆکی ئەنجومەنەکانی سەحوەی ئەنبار ئەوەی ڕەتکردەوە؛ کە هیچ ئەندامێکی سەحوەکان چووبنە ناو ڕێکخراوی قاعیدەوەو تایبەت بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «ئەو هەواڵانە هەوڵێکە لە لایەن هەندێک لایەنەوە بۆ ئەوەی حکومەتی عێراقی زیاتر بایەخ بدات بە ئەنجومەنەکانی سەحوە، بەڵام ئەوە شێوازێکی سلبییە بۆ چاوخشاندنەوەی بە دۆسییەی سەحوەکاندا».

ئەبو ڕیشە، جەختی لەسەر ئەوەش کردەوە؛ کە جیاوازیی زۆر هەیە لە ڕووی ئایدیۆلۆژییەوە لەنێوان ڕێکخراوی قاعیدەو ئەنجومەنەکانی سەحوە، ئەمەش ڕێگرە لەبەردەم ئەندامانی سەحوە، کە بچنە ڕیزەکانی قاعیدە، بەڵام دانی بەوەدا نا کە سستی هەیە لە کارەکانی حکومەت بەرامبەر بە چەکدارانی سەحوە».

هاوکات، لەگەڵ پێکهێنانی ئەنجومەنی سەحوە (رابوون) لە عێراقدا ئەنجومەنی ئیسناد لەلایەن حکومەتەوە لە کۆتایی ساڵی (٢٠٠٦)دا دروستکران، بەشێوەیەک کە سەحوە لە ناوچە سوننە نشینەکان‌و ئیسنادیش لەو ناوچانە پێکهێنران، کە شیعەی تێدا بوو، ئامانجی سەرەکیش لێی شەڕکردنی قاعیدەو هاوکاریکردنی هەواڵگریی حکومەت بوو لەو بارەیەوە، ئەمە لە کاتێکدایە مووچەی مانگانەی چەکدارانی سەحوە (٢٩٠) هەزار دینارە، بەڵام هاوتاکانیان لە ئەنجومەنی ئیسناددا (٣٠٠) هەزار دینارە، هەربۆیە ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز لە ئاماژە بەوە دەکات، کە ڕێکخراوی قاعیدە بۆ ڕاکێشانی ئەندامانی سەحوە جەنگی دارایی لەگەڵ حکومەت دەستپێکردووەو بۆ پەیوەندیکردن بە ریزەکانیەوە مانگانە (٣٠٠) دۆلاری ئەمریکیان دەداتێ، کە دەکاتە (٣٥٧) هەزار دینار.

هاوکات عامر فەواز، بەرپرسی سەحوەکانی باکووری بەغدا، حکومەتی تۆمەتبار کرد بە فەرامۆشکردنی سەحوەکان لە ڕووی مووچەو دامەزراندن‌و دابینکردنی پێداویستیی، بەڵام بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «هەواڵی پەیوەندیکردنی ئەندامانی سەحوە بە قاعیدەوە، پڕوپاگەندەیە».

هاوکات لایەنی حکومیش ئەوە ڕەتدەکاتەوە؛ کە چەکدارانی سەحوەیان پشتگوێخستبێت‌و لەوبارەیەوە ئەحمەد خەفاجی، بریکاری وەزارەتی ناوخۆ بۆ کاروباری هێزە پاڵپشتەکان بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «حکومەتی سەحوەی فەرامۆش نەکردووەو هەنگاوی باشیش لەوبارەیەوە نراوە».

بەڵام سەرکردەیەکی ئیئتیلافی دەوڵەتی یاسا، کە نوری مالیکی، سەرۆک وەزیران سەرکردایەتی دەکات، ئاماژە بە بوونی هۆکاری پەیوەندیکردنی سەحوە دەکات بە ڕێکخراوی قاعیدەوە.

عەلی ئەدیب، سەرکردەی حیزبی دەعوە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «هۆکاری چوونی ئەندامانی سەحوە بۆ ناو قاعیدە، بۆ هۆکاری دارایی‌و ترس لە تۆڵەسەندنەوە دەگەڕێتەوە».

بە وتەی ئەدیب: «حکومەتی عێراق هەوڵدەدات وردبینیی ناو ئەندامانی ئەو ئەنجومەنانە بکات، چونکە پاش وەرگرتنەوەی دۆسیەی ئەنجومەنەکانی سەحوە لە هێزەکانی ئەمریکا، ژمارەیەکی زۆر لە ناوی وەهمیی‌و کەسانێک کە مووچەی تریان هەیە، بوونیان هەبووە.

هاوکات د.عامر حەسەن فەیاز، لێکۆڵەرەوەی سیاسیی هۆکاری پەیوەندیکردنی چەکدارانی سەحوەی بە قاعیدەوە بۆ ڕۆژنامە ڕوونکردەوەو وتی: «هۆکاری فەرامۆشکردنی ئەنجومەنەکانی سەحوە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە کێشەی سەحوە لە عێراق کێشەیەکی سەرەکی نییە، بەڵکو دەیان کێشەی تر هەیە، کە لە چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە گرنگترن».






وانە سوودمەند بە لە :
وەنی هێڵێکی ئینتەرنێتی بێبەرامبەر لە شوێنە گشتییەکاندا
وە0535111000 یان بە ناردنی نامەیەك بۆ info@gorannet . net )


www.gorannet.net
بە کرینی هێلێکی ئینتەرنێتی گۆران نێت تەنها بە 15000دینار
دەبیتە خاوەنی خێرایيەکی بێ رکابەر... 512 کیلۆبیت !!
دابەزاندنی کرێی مانگانە بۆ تەنها 40000 دینار
ببە بە خاوەنی هێلێک و بەم ز
Gnet Hotspot بەشداربووانی کۆن و نوێی گۆران نێت دەبنە خا
بۆ زانیاری زیاتر پەیوندیی بکەن بە : (لە نۆرماڵەوە 5111000 لە مۆبایلە

## نەوزاد هادی، پارێزگاری هەولێر:

# ڕەنگە سەرۆکی حکومەت بیەوێت، لە ماوەی ئەم یەک دوو ساڵەدا، چەند پرۆژەیەک لە سلێمانی جێبەجێبکرێن

سازدانی: نووسینگەی هەولێر

**پارێزگاری هەولێر ئەوە ڕەتدەکاتەوە کە جیاوازی لەنێوان ناو شاری هەولێرو دەرەوەی شاردا کرابێت.
نەوزاد هادی جەختیش لەوە دەکاتەوە کە پشکی بودجە لەنێوان سلێمانیو هەولێردا «وەک یەک» دابەشکراوە، هەروەک ڕەخنە لە گۆڕانکارییەکانی پارێزگای سلێمانی دەگرێت.**

**ڕۆژنامە: لە ماوەی ڕابردوودا، هەندێک گەڕەکی شاری هەولێرتان تێکدا، بەهۆی ئەوەی تەجاوز بوونو لەگەڵ ماستەرپلانی شاری هەولێردا نەدەگونجانو خەڵکیش لەو قەرەبووە ڕازی نەبوون کە کراونەتەوە، چیتان بۆ ئەوە کردووە؟**

* لە کاتی شەڕی ناوخۆی کوردستانداو بەهۆی جێگۆڕکێی هاوڵاتییانو دروستبوونی قەرەباڵغی لەناو شارەکاندا، خەڵک پەنای بۆ کردنەوەی خانووی تەجاوز دەبردو لە شوێنە حکومییەکانیشدا نیشتەجێ دەبوون، دوای ئەوەی ڕەوشەکە ئارام بووەوە، ژیانی هاوڵاتییان باشتر بوو، حکومەتی هەرێم بیری لەوە کردەوە کە شارەکان بەشێوەی یاسایی ڕێکبخرێنو کاربکرێت بۆ باشترکردنی ژیانو گوزەرانی خەڵک، حکومەت ئەو خانووانەی تێکدا کە تەجاوزبوون، بۆئەوەی لەجێگایەکی تر و بەشێوەیەکی یاسایی خانوو بکەنەوەو قەرەبووکرانەوە، سەرەتا چەند گەڕەکێکمان تێکداو لەجێگەیەکی تردا زەویمان پێدانو ئەوانیش زەوییەکانیان کرد بە خانوو، خەڵکەکەشی نیشتەجێ بوون، ئێستاش ئەو گەڕەکانە بەشێکن لە گەڕەکەکانی هەولێرو خزمەتگوزارییەکی باشیان بۆ کراوە، ئەوانەش کە ناڕازینو خۆپیشاندان دەکەن، هەوڵدەدەن دەستکەوتی زیاتریان دەستبکەوێت لەوەی کە حکومەت پێیاندەدات، بەڵام ئێمە ئەوەی حکومەتی هەرێم دیاریکردووە، وەک پارچەیەک زەویو پێشینەی خانووبەرە، ناتوانین هیچی تر زیاد بکەین.

**ڕۆژنامە: کێشەی دانیشتووانی بیرکۆت، بەچی گەیشتووە کە لەماوەی ڕابردوودا چەندجارێک خۆپیشاندانیان کرد و ناڕازیی بوون بەو قەرەبووەی کراونەتەوە؟**

* (٨٠٪)ی ئەو گەڕەکە تێکدراوەو قەرەبوو کراونەتەوە، بەڵام ئەوەی ماوە، داوای ئەوە دەکەن کە لەگەڵ ئەو پارچە زەوییەی کە پێیاندەدرێت، بڕێک پارەشیان پێبدرێت، یان ئەو خێزانانەی لەوێ نیشتەجێ بوون، ئێستا زیادیکردووە لەوەی کە لەپێشتر لێی بووە، یان ئەوانەی ئێستا ماون، پلەیەکی عەسکەریو حیزبییان هەیەو ئەو پلانەیان بەکاردەهێنن بۆ ئەوەی دەستکەوتی زیاتریان دەستبکەوێت، بەڵام ئێمە ناتوانین بۆ بەشێکیان جۆرێک لە قەرەبووبکەینەوەو بۆ بەشێکی تریشیان جۆرێکی تر قەرەبوویان پێبدەین، لەبەرئەوەی ئەو بڕیارەی کە بۆ گەڕەکی بیرکۆت دەرچووە، بۆ هەر خێزانێک (٢٠٠) مەتر زەوی پێدەدرێتو دەتوانێت پێشینەی خانووبەرەش وەربگرێت، ئەوانەشی کرێچی بوون، (١٠٠)مەتر زەوییان پێدراوە لەگەڵ پێشینەی خانووبەرە، لەوە زیاتر، ناتوانین هیچی تر بکەین، بۆیە هەوڵەکانیان بێسوودن.

**ڕۆژنامە: دەڵێن، ئێوە لە ڕووی خزمەتگوزارییەوە، ئەوەندەی بایەخ بەسەنتەری شار دەدەن، بایەخ بە گەڕەکەکانی چواردەوری هەولێر نادەنو خزمەتگوزاریی کەمتریان بۆ کراوە؟**

* بە پێچەوانەوە، هەموو هەولێر بۆ ئێمە وەکیەک وایە، هەر بۆ نموونە، ئەگەر مامزئاواو قەتەوییو باداوەو گوێمەدەیەو هەندێک شوێنی تر کە ئەمانە هەندێک گەڕەکی هەژارنشینو بچووک بوونو خزمەتگوزاریشیان بۆ نەکرابوو، بەڵام ئێستا سەیریان بکە، زۆرترین خزمەتگوزارییان پێشکەشکراوەو بوونەتە گەڕەکێکی گەورەی شاری هەولێر، بۆیە هەر گەڕەکێک لەشاری هەولێر خزمەتگوزاریی پێویست بووبێت، بەبێ ئەوەی حساب بکرێت ئەو گەڕەکە هەژارنشینە، یان دەوڵەمەندە، خزمەتگوزاریی بۆ کراوە، بەڵام لەوەدەچێت کە ناو سەنتەری شار، خزمەتگوزارییو جوانکاریی زیاتری بۆ کرابێت، ئەویش تەنیا لەبەرئەوەی کە شار جوان بێت، هەولێر کە ئێستا پایتەختی کوردستانەو خەڵکێکی زۆریش سەردانی دەکەن، بۆیە دەبێت بایەخی زیاتری پێبدرێت، هیچ کات حکومەتی هەرێم گەڕەکێک نۆژەن ناکاتەوەو گەڕەکێکی تر پشگوێ بخات، بەرنامەی ئێمە وایە، لە حاجی ئۆمەرانەوە هەتا مەخمور، خزمەتگوزاریی پێشکەش بکەین.

**ڕۆژنامە: هاوڵاتییان وای دەبینن کە قورسایی کارکردنی حکومەتی هەرێم لە کابینەی شەش، گوازراوەتەوە بۆ پارێزگای سلێمانیو هەولێر پشگوێخراوە، بۆچی؟**

* وا نییە، تا ئێستاش پارە لەنێوان پارێزگای هەولێرو سلێمانیدا دابەشە، واتە وەکیەک پارەیان بۆ تەرخانکراوە بۆ خزمەتگوزاریی، نەمزانیوە سلێمانی پرۆژەیەکی لە پارێزگای هەولێر زیاتر بێت، واتە جیاوازیی کرابێت، ئەوەی کە لە ڕاگەیاندنەکانەوە دەبینرێت، زۆربەی کات سەرۆکی حکومەت سەردانی پرۆژەکانی پارێزگای سلێمانی دەکات، مانای وابێت قورسایی کارکردنی حکومەتی هەرێم گوازرابێتەوە بۆ سلێمانی، هۆکارەکەی ئەوەیە کە لە چوار ساڵی ڕابردوودا، ئەو گەشەکردنەی هەولێر لە ڕووی خزمەتگوزارییەوە بەخۆیەوە بینیوە، لەوانەیە لە سلێمانی نەبووبێت، ئەویش لە بەرئەوەی لەسلێمانی، لەبەر ململانێی سیاسیی، ئەو گەشەکردنە نەبووە، جا بۆیە ئاساییە سەرۆکی حکومەتی هەرێم، تەرکیزی زیاتر بخاتەسەر پارێزگای سلێمانی، بۆ ئەوەی کارەکان بە باشی بەڕێوەبچنو هیچ نەبێت لەماوەی ئەم یەک دوو ساڵەدا، لە پارێزگای سلێمانی کۆمەڵێک پرۆژە جێبەجێو تەواو بکرێن، بۆیە لەوەدەچێت کە لە پارێزگای هەولێر، پێویست نەکات کە بەو شێوەیە تەرکیزی بخرێتەسەر، چونکە کارەکان بەباشی دەڕۆنو بەپێی پلانی حکومەت، لەبودجەی ساڵی (٢٠١٠)دا پارە بۆ هەرسێ پارێزگاکەی کوردستان دابینکراوەو پەرلەمانیش پەسەندی کردووە، تاکە کەسێک ناتوانێت بە ئارەزووی خۆی پارە تەخان بکات بۆ پارێزگایەک، ئەگەر ئەو کەسانەی لە حکومەت کار دەکەن ڕەزامەندییان لەسەری نەدابێت، بۆیە پێموایە، ئەو پارەیەی بۆ پارێزگای سلێمانی تەرخانکراوە، هیچی زیاتر نییە لەوپارەیەی بۆ پارێزگای هەولێر تەرخانکراوە.

**ڕۆژنامە: لە ماوەی ڕابردوودا و لە سنووری پارێزگای سلێمانی، هەندێک بەڕێوەبەر گۆڕدران بە بیانووی کاراکردنی دامودەزگاکانی حکومەت، ئەو گۆڕانکارییە سنووری پارێزگای هەولێریش دەگرێتەوە؟**

* گۆڕانکاریی دەبێت لەسەر بنەمایەک بێت، نەک تەنیا لەبەرئەوەی بڵێین، گۆڕین بکەینو هەندێک بەڕێوەبەر بگۆڕین. ئەوانەی کە گۆڕاون، فەرمانبەری حکومەت بوون، لەوەدەچێت کاری زۆرباشیان کردبێتو لە هەمانکاتیشدا کەموکووڕییان هەبووبێت، بەڵام دەبوو هەڵسەنگاندن هەبووایە، گۆڕانکاریی لەو پۆستانەدا، پێویستە دەوریی بێت، واتە ئەو کات بگۆڕدرێت کە هەڵبژاردنەوەی پارێزگاکان ئەنجامدەدرێتو پارێزگاری نوێ دادەنرێت، ئەوکات لەدەسەڵاتی ئەو پارێزگارەیە کە ئەو گۆڕانکارییە دەکات، یان نا، لەلای هاوڵاتییانیش ئاسایی دەبێت، چونکە دەورەی کارکردنی خۆی ئەنجامداوە. لە سنووری پارێزگای هەولێر، هیچ کێشەو گرفتێک نییە تا لە بەڕێوەبەرێتییەکاندا گۆڕانکاریی بکرێتو بەبڕوای من، پارێزگای سلێمانی تایبەتمەندیی خۆی هەیەو ئەو ململانێی سیاسییەش وایکردووە کە کاریگەریی هەبێت لە سەر دامودەزگاکانی حکومەت، بۆیە دەبێت گۆڕانکارییەکان لە سەر بنەمایەک بووبن، عاتفیو تەنیا بۆ بەرچاوی میدیاکان نەبووبن.

**ڕۆژنامە : هۆکار چییە کە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی چالاکترو بەرچاوترن بەراورد بە ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر، ئایا ئێوە ڕێگربوون لە بەردەم کارەکانیاندا؟**

* ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی هۆکارەکە چالاکی نییە، هۆکاری سیاسییەو ململانێیە لە نێوان ئەنجومەنو پارێزگاردا، چونکە لەماوەی ڕابردوودا، پارێزگاری سلێمانی گۆڕدراو هەندێک لە ئەندامانی ئەنجومەن لێی بێئاگابوون، بەڵام لە هەولێر، ئەو گرفتە نییە لە نێوان منو ئەنجومەندا، هەموومان پابەندی بڕیارە یاساییەکانی هەرێم دەبینو ئەنجومەنی پارێزگای هەولێریش، داوایکردووە کە کاربکاتو بە تەجمیدی نەمێنێتەوە، بەڵام لە خوولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان، بە یاسا، ئەنجومەنی پارێزگاکانی تەجمید کرد، تا هەڵبژاردنەوەی پارێزگاکانو دانانی ئەنجومەنێکی نوێ، بۆیە کارانەبوون، یان کارابوونیان، پەیوەندیی بە یاساکەوە هەیە، نەک حیزبو پارێزگارەکان.



نەوزاد هادی، پارێزگاری هەولێر

فۆتۆ: ڕۆژنامە

> ئەوانەی کە گۆڕاون، فەرمانبەری حکومەت بوون، لەوەدەچێت کاری زۆرباشیان کردبێتو لە هەمانکاتیشدا کەموکووڕییان هەبوبێت، بەڵام دەبوو هەڵسەنگاندن هەبووایە

> ئاساییە سەرۆکی حکومەتی هەرێم، تەرکیزی زیاتر بخاتە سەر پارێزگای سلێمانی، بۆ ئەوەی کارەکان بەباشی بەڕێوەبچنو هیچ نەبێت لەماوەی ئەم یەک دوو ساڵەدا، لە پارێزگای سلێمانی کۆمەڵێک پرۆژە جێبەجێو تەواوبکرێن

# پێویستە کۆمەڵەی پاراستنی بەکاربەر کارا بکرێت



پشتیوان ئەحمەد

هەروەک چۆن دامەزراندنی دەستەی ناوەندی بۆ پێوانەو کۆنترۆڵی چۆنایەتی **(هيئة التقيس والسيطرة النوعية)** پێویستە، چونکە ڕۆڵی گرنگ لەدانانی بنەما تەندروستییەکانو چاودێریی زانستیو مەدەنیو حکومیی دەبینێت بە مەبەستی کۆنترۆڵکردنی بەرهەمە خۆراکییەکان، ئیتر چ ئەوانەی لەناوەوەی هەرێم بەرهەمدەهێنرێن، یان ئەوانەی لەدەرەوە هاوردە دەکرێنو تەندروستی هاوڵاتییان دەخەنە مەترسییەوە، جیهانگیریش وەک دیاردەیەکی جیهانیو ئاکامەکانی لە ئەنجامی پێشکەوتنی تەکنەلۆژی، دەرهاویشتەی سلبیو خراپی هەیەو لە ئەنجامی سنووربەزاندنی بابەتیو خۆڕسکی نێوان دەوڵەتانو نەشونمای بازرگانیی ئازادو فراوانبوونو بڵاوبوونەوەی کۆمپانیاکانی فرەڕەگەز، هەلی دزەکردنی بەرهەمی خۆراکی ناتەندروستو ساختە بۆ بازارەکانی جیهان، زیادی کرد، بەتایبەتی بازاڕی وڵاتانی دواکەوتوو، هەروەها هەلی بۆ هەندێک لەکۆمپانیا سەرمایەدارە چاوچنۆکەکان ڕەخساند کە لە هەوڵی بەدەستهێنانی قازانجی خێرادان، چەندین جۆری کەرەسەی خۆراکیو لەقوتونراوو میوەو شیرەمەنی بەرهەم بهێنن، سەرەڕای مادەی پارێزەر **(المواد الحافظة)**، یان ئەوەی بەتەواوکەر ناودەبرێتو بریتییە لە مادەی کیمیاییو هیچ یەکەیەکی خۆراکی تێدا نییە، یان ئەگەر تیاشیدا بێت، زۆر کەمە، جگە لەوەی زەنگێکی سەرنجڕاکێشو فریودەر دەداتە کەرەستەکە، کە بەهۆیەوە هاوڵاتیی بەکاربەر لە خشتەدەبرێت، ئەگەرچی ئەم مادانە خواردنەکان لەخراپبوونی ئەندامی دەپارێزن، بەڵام دەبنە هۆی پیسبوونی کیمیایی کە دەبێتە هۆی توشبوون بە نەخۆشییەکانی دڵو جگەرو گورچیلەکانو هەندێک جاریش شێرپەنجە. لێرەوە بایەخی فەرمانگە حکومیو مىللییەکان لە وڵاتانی جیهاندا لە ئاکتیڤکردنی چاودێریی زانستیو هەمەجۆرکردنی دەردەکەوێتو ڕۆڵی گەورە لەکۆنترۆڵکردنی بارە مەترسیدارەکاندا دەبینن.

کاراکردنی کۆمەڵەی پاراستنی بەکاربەر **(جمعية حماية المستهلك)** گرنگی خۆی هەیەو لەزۆر وڵاتیشدا، ڕۆڵی گەورەی لە پاراستنی ژیانی بەکاربەر بینیوە، ئێمەش دەتوانین لە کوردستان جێبەجێی بکەین، ئەویش بە کاراکردنی (کۆمەڵەی پاراستنی بەکاربەر)و ئەندامەکانی لە کەسانی پسپۆڕو ڕۆشنبیری خۆبەخش پێکهاتبێت، ئەوانەی بەرژەوەندیی کۆمەڵگەو پێشکەوتنی کۆمەڵ لەبەرچاودەگرنو ئەم کۆمەڵەیە خاوەن ماکێکی نیشتمانیو دیموکراتی دەبێتو هاوکاری لە حکومەتی هەرێم وەردەگرێتو هەماهەنگیی لەگەڵ ڕێکخراوەکانی هاوشێوەی خۆی دەکات، تەواو دوور دەبێت لە دەستتێوەردانی حیزبیی بەرتەسک کە کۆمەڵەکە لە ڕاستەڕێی زانستیو کۆمەڵایەتیو تەندروستییەکانی دەربکات.

میکانیزمی کارکردنی ئەم کۆمەڵەیە، وەک هاریکارێک وایە بۆ حکومەتی هەرێم بەگشتیو دەزگا تەندروستییەکان بەتایبەتیو هەوڵەکانی بە هەماهەنگیی لەگەڵ لایەنە فەرمییەکانی کەرتی تەندروستی پەیوەست بەم لایەنە دەخاتەگەڕو بەهەمان شێوە هەماهەنگیی تەواو لەگەڵ هۆیەکانی ڕاگەیاندن دەکات، بە مەبەستی بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی تەندروستیو کردنەوەی خولو وۆرکشۆپ بۆ هاوڵاتییان، بۆ ئەوەی هەریەک لەلای خۆیەوە بەشێک لە لێپرسراوێتی ئەم بوارە لەئەستۆ بگرێت.

ئەو کۆمەڵی مەدەنییەش، هەموومان خوازیارین بێتە ئاراوە، لەچەند هەنگاوێکی هاوشێوەی دروستکردنی ئەم کۆمەڵانەوە دروستدەبێت، چونکە دەبێتە هۆی بەشداریی کەرتە جیاجیاکانی کۆمەڵ لە بەڕێوەبردنی وڵاتداو دواجار بەرفراوانبوونی دیموکراتی لێدەکەوێتەوە، ئەمەش لەلای خۆیەوە سنوورەکانی بیرۆکراتییەتو ڕۆتینی بێزارکەرو گەندەڵییو بەرتیلدان کەمدەکاتەوە.

* ئەندامی پێشووی پەرلەمانی عێراق

خوێندنی باڵا ڕووبەڕووی شەپۆلێکی ناڕەزایی دەبێتەوە 16

ڕاڤەی بودجە

## حیزب وەک بارگرانیی



عەلی حەمەساڵح

لە دونیای نوێدا، حیزب کە بەشێکە لە ڕێکخراوی مەدەنی، فاکتەرە بۆ گەیشتنی خەڵک بە خۆشگوزەرانی، بەڵام لە کوردستان و بەتایبەت لەپاش ڕاپەڕینەوە، زۆرێک لە ئێمە پێمانوایە، حیزب بووە بە بارگرانییەک بەسەر خەڵکەوە، بەتایبەت لە ڕوانگە ئابوورییەکەیەوە، بەشێکی زۆر داهاتی خەڵک، لەبری ئەوەی بخرێتە خزمەتی خەڵکەوە، خراوەتە خزمەتی حیزبەکانەوە.

لە نووسینی پێشووتردا، باسمان لەو پارانە کرد کە حیزب لە ساڵانی ڕابردوودا، لە بودجەی گشتیی بردوویەتی و کۆمەڵێک کەلێنی یاسایی و ئابووریشمان لەو نێوەندەدا خستەڕوو، ئایا ئەوەی کە ساڵانی ڕابردوو ڕوویدا، ئێستا ماوە؟ ئەگەر ماوە، بەپێی یاسایە؟

ئاگامان لێ بوو، کابینەی شەشەمی حکومەت بڕیاریدا کە ئەمساڵ بودجەی حیزبەکان ڕێکبخاتەوە، بۆ ئەمەش کۆمەڵێک هەنگاوی هەڵگرت کە دیارترینیان لە چوارچێوەی یاسای بودجەدا بوو، ئایا حکومەت لەم هەنگاوەیدا، سەرکەوتوو بوو؟

بەپێی مادەی(١٩) لە یاسای بودجەی ساڵی(٢٠١٠)، حکومەت (٩٠)ملیار دیناری تەرخانکردووە بۆ هاوکاریکردنی حیزب و ڕێکخراوەکان، ئەگەر حکومەت توانیبای لەمساڵدا تەنیا ئەم (٩٠)ملیار دینارە بداتە حیزبەکان، بە بۆچوونی من، سەرکەوتنێکی گەورەبوو بۆ کابینەی شەشەم و سەرۆکی حکومەت، بەڵام ئایا توانیی؟

بەپێی ئەو ژمارە فەرمییانەش کە بە پشتبەستن بە زانیارییەکانی وەزارەتی دارایی کۆکراونەتەوە، جگە لەپارتی و یەکێتی، حیزبەکانی دیکە تا (٢٠١٠/٦/٣١)، مانگانە (٢)ملیارو (٨٣٠)ملیۆن دینار وەردەگرن و ئێستاش بزووتنەوەی گۆڕان مانگانە (٥٩٢)ملیۆن دینار وەردەگرێت، سەرچاوەیەکی ئاگاداریش لە ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش، ئەوەی خستەڕوو کە مانگانە (٤٢٦) ڕێکخراو و سەنتەر، ملیارێک و (٤٥٦)ملیۆن دینار وەردەگرن، بە پێی وتەی کە سێکی نزیکی سەرۆکی حکومەتیش، ئێستا مانگانە یەکێتی و پارتی، هەریەکەو (٥)ملیۆن دۆلار وەردەگرن کە (٥)ملیارو (٩٠٠)ملیۆن دینار دەکات و بەپێی ئەم ژمارانەش، حکومەتی هەرێمی کوردستان لە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا، (٩٧)ملیاری داوەتە حیزبەکان و لە شەش مانگی پاشتریشدا کە ئێستا چوار مانگی ڕۆیشتووە، (١٠٠)ملیارو (٥٥٢)ملیۆن دینار دەدات بە حیزب و ڕێکخراوەکان.

ئەوەی جێگای سەرنجە، حکومەت یان لە ماتماتیک و ژمێریارییدا زۆر خراپە، یان ویستوویەتی خەڵک چەواشە بکات، بۆ؟

ئەم حکومەتە لە یاسای بودجەدا، خۆی جێگیری کردووە کە (٩٠)ملیار دیناری تەرخانکردووە بۆ ئەوەی بیداتە حیزب و ڕێکخراوەکان، دەبێت ئەم پارەیە بەشێوەیەک دابەش بکات بەسەر حیزب و ڕێکخراوەکاندا، بەشی یەک ساڵ بکات، ئەگەر حکومەت دەیزانی ئەو (٩٠) ملیار دینارەی تەرخانی کردووە، بەشی ساڵێک ناکات، با ئەو ژمارەیەی لە بودجەدا جێگیر بکردایە کە خۆی پێیوابوو، پێویستە یان بودجەی حیزبەکانی بەشێوەیەک ڕێکبخستایە کە ئەو (٩٠)ملیار دینارە بەشی بکردایە.

حکومەت بۆ ئەمساڵ، لە بری (٩٠)ملیار، دینار (١٩٧,٥) ملیار دینار دەداتە حیزب و ڕێکخراوەکان، واتە (١٠٧,٥) ملیار دینار زیادەڕۆیی کردووە لە پێدانی پارە بەحیزب و ڕێکخراوەکان، ئایا لە کوێی دونیادا هەبووە، ژمارەی ئەو حیزبانەی پارە وەردەگرن، بە پەنجەی دەست بژمێردرێن و ئەو پارەیەش دیاربێت کە دەیاندرێتێ، بەڵام حکومەت نەزانێت لە ساڵێکدا چەندیان پێویستە؟!

دەکرێت حکومەت(٥٪ - ١٠٪) پارەی تەرخانکراو زیاتر خەرجبکات، بەڵام ئایا دەکرێت حکومەت زیاتر لە دوو ئەوەندەی پارەی تەرخانکراو، بداتە حیزبەکان.

زەرەرمەندی یەکەم لەم زیادەڕەوییکردنەی حکومەت، تەنیا هاوڵاتییانی کوردستانن، چونکە ئەم پارەیەی کە دەدرێتە حیزبەکان، دەبێتە مایەی ئەوەی کە ئەو پڕۆژانەی بڕیارە بکرێن، ناکرێن و پارەکەیان دەچێتە باخەڵی حیزبەکانەوە، وەک چۆن ساڵی ڕابردوو (٧٠٤)ملیار دیناری پارەی تەرخانکراو بۆ پڕۆژەکان کە پارەی دروستکردنی (٤٤٠)قوتابخانەی (١٨)پۆلیی هاوچەرخ بوو، دینارێکی لێ خەرج نەکراو، هیچ کەسێکیش بە بەرپرسێکی حکومەتی نەوت، بەری چاوت کلی پێوەیە. گرفتەکە لەوەدایە کە بەهەدەردانی پارە لەم مەملەکەتەی ئێمەدا، ئەوەندە ئاسایی بووەتەوە، ئەگەر لە ساڵێکدا پارەی (٤٤٠)قوتابخانەی (١٨)پۆلیی هاوچەرخ کە پەرلەمان لە یاسای بودجەدا پەسەندی کردبێت، خەرج نەکرێت، کەس لێپرسینەوەی لەگەڵ ناکرێت لەسەری و وەک ئەوە وایە، هیچ ڕووی نەدابێت.

# کارگەی ئاسنی بانی مەقان، خراپترین مەترسی بۆ سەر ناوچەکە دروستدەکات

ئەمین جاف



کارگەی ئاسن لە چەمچەماڵ وەک باسی لێدەکرێت، دەبێت مانگانە بە هەزاران تەن ئاسنی کۆنی لەناوەڕاست و خوارووی عێراقەوە بۆ بگوێزرێتەوە، بۆیە دامەزراندنی ئەو کارگەیەو هەر کارگەیەکی لەو جۆرە لە ناوچەکەدا، کارێکی زۆر مەترسیدارە لەسەر ژیانی هاوڵاتییان و شێواندنی تایبەتمەندێتیی ئەو ناوچەیە، وەک ناوچەیەکی کشتوکالی و گەشتوگوزاری لەلایەک و لەلایەکیتریشەوە، مەترسییە سەرەکییەکە لە ژەهراویبووندایە (التلوث)، بەتایبەت ژەهراویی بە تیشکی یورانیۆم، چونکە هەموو پسپۆڕانی شارەزا لە بواری چەکە کۆکوژەکاندا، ئەو ڕاستییەیان سەلماندووە کە خواروو ناوەڕاستی عێراق، ژەهراوییە (متلوث) بە دەیەها جۆر لە ماددە ترسناکەکان، بە تایبەت ئەو ئاسنانەی پاشماوەی سوپای عێراق، ئەم بابەت جێگای ئەو باسە نییە، لە ڕووی زانستییەوە پێکهاتەی جیۆلۆجی خاکەکەی بانی مەقان، پێکهاتەیەکی فشەڵەو لە تێکەڵەیەکی ناچوونیەک پێکهاتووە، بە قووڵایی سەدەها مەتر بەو شێوەیەیە، بۆیە هەر چەورییەک، یاخود هەر پیسییەکی سەر ڕووی ئەو زەوییە، بەهۆی بارانەوە لەماوەی چەند چرکەیەکدا دادەبەزێتە ژێر زەوییەکەو دەڕواتە خوارەوە، تا دەگاتە قووڵایی سەر چینە ئاوپیەکان، ئەمە جگە لەوەی کە هەموو دووکەڵەکەش، هەرچەندە کەمبێت، ژەهراوییەو بەسەر ئەو شارەو باخەکاندا بڵاودەبێتەوە، لەبەرئەوە دانانی هەر کارگەیەکی لەو جۆرە، هەر کارگەیەک کە کەمترین پیسایی لێبکەوێتەوە، کارێکی مەترسیدارە، چونکە لەو ناوچەیەدا هاوڵاتییان بە دەیان بیری ئاویان لێداوەو لە هەموو ئەوانەش گرنگتر، مەترسیی سەرچاوەی بیرەکانی ئاوی چەمچەماڵە کە لە بانی مەقاندایە، ئەمە خۆی لە خۆیدا کارەساتێکی ژینگەییە.

لێرەدا، دەبێت وەزارەتی ژینگە ئەو ڕاستییە بزانێت کە ئەو کەسانەی پشتگیریی لەو کارگەیە دەکەن، هەرگیز لە یاساو ڕێنماییەکانی ژینگەپارێزیی گەورەتر نین!

خەڵکی دێهاتەکانی دەوروبەری بانی مەقان، بەتەمای ئەوەبوون کە ناوچەکە بکرێت بە باخ و ڕەز، بە هیوای پڕۆژەی ڕوواندنی هەموو بانی مەقان بوون بە زەیتوون، کە لەلایەن کۆمپانیایەکی ئیماراتییەوە جێبەجێبکرێت، کەچی باس لە کارگەی ئاسن دەکرێت!

ئاوەدانکردنەوە، نەک هەر پێویستە، بەڵکو ئەرکی سەرشانی حکومەتەو هەموو لایەک دەبێت پشتگیریی لێبکەن، بەڵام نەک بە پێچەوانەوە، کارگەیەک ببێتە هۆی شێواندنی دەیان پڕۆژە.

بووژاندنەوەی ژێرخانی ئابووریی وڵات گرنگەو لەمێژەوە خەڵکی ناوچە دابڕێنراوەکان داوای پشتگیریی لە حکومەت دەکەن و وتیان دەبێت، گرنگی بەو ناوچانە بدرێت، کە پێشتر بە هۆی سیاسەتەکانی بەعسەوە پشکی شێریان لە کاولکاریی بەرکەوتووە، وتیان دەبێت، حکومەت زۆربەی تواناو وزەکانی بۆ ناوچە دابڕاوەکان تەرخان بکات و وتیان، تەنیا بە مادەی(١٤٠) ناوچە دابڕێنراوەکان ناگەڕێتەوە وتیان و وتیان، دەبێت کاری جدیی بۆ گەیشتنی خزمەتگوزاریی بۆ ئەو ناوچانە بکرێت، کەچی وەڵامی ئەو داخوازییانە بە گوێرەی پێویست نەبوون!! ئێستا وا دەبینین، پڕۆژەو کارەکان بە پێچەوانەی خواست و هەستی دانیشتووانی ئەو ناوچانەوەیە.

حەوت ساڵ لەمەوبەر، هێزەکانی بەعس سنوورێکی کەوانەییان دروستکردبوو بەم شێوەیە: لە جەلەولاو بۆ جەبارە- خۆرئاوای کفری- قادرکەرەم- بان جەباری-بانی مەقان- حەسار- قەراج- بەردەڕەش شێخان- سنجار، لە حەوت ساڵی ڕابردوودا، هیچ پڕۆژەیەکی گرنگ (گرنگ، مەبەست ستراتیژییە، نەک خزمەتگوزاریی)، لەو ناوچانەدا جێبەجێ نەکراوە، بە بیانووی ئەوەی کە بارودۆخی سیاسیی بوار نادات، باشە ئەمڕۆ چی لە وەزعەکە گۆڕاوە لە بانی مەقان، ئەو پڕۆژەیە جێبەجێ دەکرێت؟، ئەی خۆ کاتی خۆی دەیانوت، نابێت هیچ پڕۆژەیەکی ستراتیژیی لە بانی مەقان بەولاوە جێبەجێبکرێت، لەبەرئەوە پاڵاوتگەی بازیان و کارەباکەی چەمچەماڵ لە بازیان و گورگەیی دانرا.

لەکاتی دەسەڵاتی بەعسدا، زەوییەکانی بانی مەقان لە لایەن سوپاکەی سەدامەوە کۆنترۆڵکرابوون و کەس بۆی نەبوو بستێک لەو ناوچەوە نزیک ببێتەوە، کەسیش بۆی نەبوو کە بڵێت، من خاوەنی ئەو زەوییانەم، باشە ئێستا کە جوتیاران و خەڵکی ناوچەکە کە گرنگترین ڕۆڵیان بینیی بۆ ڕاونانی سوپای بەعس، بۆ دەبێت ئەمڕۆ کارگەیەکی پیشەسازیی لە جیاتی باخ و ڕەزو زەیتوون لەو ناوچە گەشتوگوزارییەدا دروستبکرێت و کارگەی ئاسن لەناو ئەو باخ و دارستانەدا جێبەجێبکرێت، کە بەپێچەوانەی هەموو ڕێنماییەکانی ژینگەو شارستانییەتە، ئەی وەزارەتی ژینگە، کاری چییە؟ چۆن دەبێت لەناو ئەو باخانەدا کە خاوەنەکانیان چەندەها ساڵە بە کوێرەوەریی خزمەتی دەکەن، ئێستا کارگەی ئاسنی تێدا دابمەزرێت؟

دڵنیاین لەوەی کە بەڕێوەبەرێتیی ژینگە، ناتوانێت ڕێگا لەو پڕۆژەیە بگرێت، چونکە ڕێگای لە پاڵاوتگەی بازیان نەگرت، ئەی چۆن ڕەزامەندیی لەسەر فەرمانگەی دادگای سلێمانی دەربڕی لەناو ئەو جەنجاڵییەدا، لەناو ناوچەی پیشەسازییدا، پاڵاوتگەی نەوت، بەنزینخانە، ئاڵۆزیی مرور، ئەگەر ئەو وەزارەتە ناتوانێت، ڕێگریی لەو سەرپێچییانە بکات، ئەوا خەڵک پەنا بۆ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان دەبات، وەک (UN)و دەبێت وەزارەت بە ئاشکرا دان بەوەدا بنێت کە ناتوانێت ڕێگا لەو کارە بگرێت، بە واتای ئەوەی کە ناتوانێت، ئەرکەکانی خۆی جێبەجێبکات.

**تێبینی: لەم ڕۆژانەداو لە یەکێک لە ڕۆژنامەکاندا، هەواڵێکم بەرچاو کەوت کە دانیشتووانی شاری چەمچەماڵ، ناڕەزاییان دەربڕیوە بەرامبەر بە دامەزراندنی کارگەیەکی ئاسن لە بانی مەقان، بۆیە وەک بەشدارییەکی هاوڵاتییانی ئەو ناوچەیە، بە باشمان زانی کە ئاماژەیەک بۆ ئەم پڕۆژەیە بکەین.**



پێویستە حکومەت پلانی شیاوی بۆ شوێنی شیاو هەبێت

# ٧ ساڵی دیکە کوردستان بستە بەرهەمدەهێنێت

ئاکام ئەبوبەکر

لە هەرێمی کوردستان (١٠٠) باخی بستە لەبواری جێبەجێکردندایەو بۆ هەر پارێزگایەکیش (٢٥) باخ دروستدەکرێت لە جۆری (دامغان)و (بادەم).

حەسەن حەمەکەریم، بەڕێوەبەری گشتی دارستان و ڕەزگەریی و پاوان لە وەزارەتی کشتوکاڵ بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: (١٠٠) باخی بستە لەبواری جێبەجێکردندان، بۆ هەر پارێزگایەکیش (٢٥) باخ دروستدەکرێت و ئیدارەی گەرمیانیش وەک پارێزگا دانراوە لە دروستکردنی باخی بستەو (٢٥) باخی بۆ دروستدەکرێت.

وتیشی: «ساڵی (٢٠١١) کۆتایی بە پڕۆژەکە دەهێنین و بۆ بەڕێوەبردنی پڕۆژەکەش گرێبەستێکمان لەگەڵ تیمێکی ئێرانی ئیمزا کردووەو ئێستا پڕۆژەکە بەشێوەیەکی باش بەڕێوەچووە، بەتایبەتی لە پارێزگای دهۆک زۆربەی کارەکان تەواوبووە».

سەبارەت بە بایەخی بستە وتی: «بەهایەکی ئابووریی و خۆراکی هەیەو بە نموونەی ئێران و تورکیاو زۆرێک وڵاتی دیکە، کە سوودیان لەو بەرهەمە وەرگرتووە وەک سەرچاوەیەکی ئابووریی».

پڕۆژەی بستە، پڕۆژەیەکی درێژخایەنی ستراتیژییەو ماوەیەکی زۆری دەوێت تا بەرهەمی دەبێت لەچاو میوەکانی تردا.

بەڕێوەبەری دارستان و ڕەزگەڕیی وتیشی: «بەپێی گرێبەست و کۆمەڵێک مەرج کار لەگەڵ جوتیارەکان دەکەین و پێویستە جوتیار (١٠) دۆنم زەوی و ئاوی باشی هەبێت و (١٠٪)ی تێچوونی پڕۆژەکە لە جوتیاران وەردەگرینەوەو بە بەردەوامیی سەرپەرشتی پڕۆژەکە دەکەین و دوو مامۆستای زانکۆمان لەگەڵدایە ڕێنمایی دەدەینە جوتیارەکان لە شێوازی بەخێوکردن و پاکڕاگرتنی باخەکە لە گژوگیای زیانبەخش، بەپێی گرێبەستی پڕۆژەکە هەر باخێک بفەوتێت بەهۆی کەمتەرخەمی جووتیارەکەوە، نەک کارەساتی سرووشتی، بڕی تێچوونەکەی لەجوتیارەکە وەردەگرینەوە».

لە ئێستادا باخەکانی بستە لەئامادەکردندان و نەمامەکان نێژراون و تیمێکی تایبەت سەرقاڵی موتوربەکردنن و کە موتوربەکان لە دەرەوەی وڵات دەهێنرێن.

حەسەن حەمەکەریم، ئاشکراشیکرد: «کاری موتوربەکردن لە دهۆک تەواوبووەو دواتر تیمەکە دەچنە سلێمانی و ساڵی (٢٠١١) گرێبەستی حکومەت لەگەڵ تیمە ئێرانییەکە تەواودەبێت و ئەگەر گرفت نەیەتە ڕێ، (٧) ساڵی دیکە باخە بستەکان بە بەرهەم دێن».



دەبێت گرنگیی بە هەموو جۆرەکانی باخ بدرێت

# نەخۆشخانەی گشتیی پێنجوێن بێ پزیشکە

**خالید مەحمود- پێنجوێن**

نەخۆشخانەی گشتیی پێنجوێن کێشەی نەبوونی پزیشکی پسپۆڕو پزیشکی ئافرەتانی هەیە، سەرەڕای ئەوەی هیچ نەشتەرگەرییەکی تێدا ئەنجام نادرێت.

نەخۆشخانەی شەهیدانی پێنجوێن، کە نەخۆشخانەیەکی (٥٠) قەرەوێڵەییەو لە ٢٠٠٨/٤/٢ کراوەتەوە، بڕی (٣) ملیارو (٤٦٤) ملیۆن دیناری تێچووە، پێکهاتووە لە (٢٢) بەشو هۆبەو زیاتر لە (١١٠) کارمەندی تەندروستی کاری تێدا دەکەن.

هاوڵاتییانی پێنجوێن گلەییان لە کەموکورتی نەخۆشخانەکە هەیەو بە ناچاریی زۆربەیان روو لە دەرمانخانەو کلینیکی پزیشکی دەکەنو بەڕێوەبەری نەخۆشخانەکەش ئاماژە بەوە دەکات؛ کە پزیشکو کارمەندیان لە چاو ئەو نەخۆشخانە گەورەیەدا کەمەوە «زیاد لە پێویستو واجبی خۆیان کار دەکەن».

مەعسومە کەریم، (٤٢)ساڵ باسی لەوە کرد؛ زۆر بە کەمیی دەڕواتە نەخۆشخانەکەو وتی: «کە دەڕۆمە نەخۆشخانە، دکتۆرەکان دەڵێن، دوای دەوام وەرە بۆ عیادە».

ئەحمەد فازیل، (٤٦)ساڵ هاوڵاتییەکی تری گەڕەکی ئەلیاسەفرەیە، وتی: «منداڵەکەم برد بۆ نەخۆشخانە بۆیان نووسیم بۆ فەحس، بەڵام ژووری فەحس کەسی لێ نەبوو ناچار بردمان بۆ دەرمانخانەیەکو دەرزییەکیان لێدا، جارێکی دیکە چووینە لای دکتۆری ددانو پێیوتین وەرن بۆ عەیادەکەی خۆم».

ئەو هاوڵاتییە باسی لە کەمییو نەبوونی ئافرەت کرد لە نەخۆشخانەکەو وتی: «پزیشکی ئافرەتانمان نییە بەتایبەت بۆ هەندێک نەشتەرگەریی پێویست، کە ئافرەت لەڕووی نایەت بڕواتە بەردەستی پیاو لەڕووی کۆمەڵایەتیو کلتوورەوە حەز ناکەن، کە پیاو نەشتەرگەرییان بۆ بکات».

عومەر حەمەلاونادر، هاوڵاتییەکی دیکەیەو باسی لە جوانییو خاوێنی نەخۆشخانەکە کرد، بەڵام وتی: «زۆر نەشتەرگەریی کە لە پێنجوێن ناکرێت ناچار دەڕۆینە سلێمانی کە تەکلیفی ئوتێلو خواردن دەکەوێتە سەرنەخۆشو کەسوکاری، لەکاتێکدا نەخۆشخانەی گەورەمان هەیە».

لە بەرامبەردا د.خالید عەبدوڵڵا فەرەج، بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی شەهیدان لە پێنجوێن بە رۆژنامەی وت: «(٩٥٪)ی خەڵکی پێنجوێن خۆیان بە نەخۆشخانەوە گرتووە، رۆژ هەیە (٣٠٠-٥٠٠) سەردانیکەر هەیە، بۆیە ناتوانین فریا بکەوین جگە لەوەی نەخۆش هەیە کاتی زۆری پێویستە بۆ دیاریکردنی نەخۆشییەکەی، نەخۆش هەبووە (١٨) فەحسی پێ بووە چۆن لە نەخۆشخانە بۆی روونده‌کرێتەوە، لەکاتێکدا بەردەرگا قەرەباڵغ بێتو چاوەڕوانی لای دکتۆر بن، بۆیە پزیشک ناچارە بڵێت؛ سەردانی عیادەکەم بکە، بەڵام ڕێگە نادەین بکرێتە رۆتین بۆ هەموو نەخۆشێک، لەکاتێکدا پسووڵەی نەخۆش بینین بە حەوت هەزارە، پێموانییە لە هیچ قەزایەک بەو هەرزانییە نەخۆش ببینرێت».

سەبارەت بە موقیمی دەوریی نەخۆشخانە، ئاماژەی بەوەدا؛ کە تەنیا دوو پزیشکیان هەیە لە مانگێکدا: «زۆرماندوو دەبنو خەڵکیش بێ تەحەمولە، خەفەریاتی شەویش بۆ حاڵەتی کتوپڕە، نەک هەیە دێت بۆ تەداویکردن، یان دەڵێت؛ بزانم نەخۆشیم هەیە، یان نا».

سەبارەت بە بەشی سۆنەریش وتی: «ئەو بەشە تەنیا دوو پزیشکی هەبووە، یەکێکیان لە خوێندنی باڵا وەرگیراوە، تەنیا یەک پزیشکی لێیە، هەفتەی چوار رۆژ کار دەکات»، ئاماژەی بەوەشکرد؛ نەخۆشخانەکەیان کێشەی کەمیی پزیشکی پسپۆڕی هەیەو گرفتی بۆ کاری رۆژانەیان دروستکردووە».



نەخۆشخانەی شەهیدانی پێنجوێن

فۆتۆ: خالید

## لە ئاستی کۆنییو خراپیی سیستمی تەندروستی هەرێمدا نییە

# ئامادەکارییەکانی کۆنگرەی تەندروستی، رووبەڕووی رەخنە دەبنەوە

**راپۆرتی: چاوان عەلی**

کۆنگرەی تەندروستی کە زیاتر لە (٥)ساڵە نەبەستراوە، بڕیاروایە لە سەرەتای مانگی شوباتی داهاتوودا، لە هەولێری پایتەختو بە بەشداریی نزیکەی (٢٠٠)کەس ببەسترێت، بە بڕوای پسپۆڕێکی توێژینەوەی کۆمەڵایەتیش، لە ئێستادا لە وەزارەتی تەندروستی، شتێک نییە کە پێی بوترێت، سیستمی تەندروستی.

لە ئێستادا بەشێک لە بەشداربووانی کۆنگرەو پزیشکو کارمەندانی وەزارەتی تەندروستی، پێیانوایە کە ئەو ئامانجەی لە پێناویدا کۆنگرە لەژێر دروشمی «چاکسازییو پەرەپێدانی سیستمی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان دەبەسترێت، ناتوانرێت بەو بەرنامەی کارەی دانراوە، ئامانجەکەی بهێنێتەدی».

لەو رەخنانەی لە بەرنامەی کاری کۆنگرە گیراون، ئەوانەن کە پلانێکی ئاشکراو نووسراوی نییەو ئەو کاتەی بۆی دانراوە، کەمەو ناتوانێت ئامانجەکانی بهێنێتەدیو چەندین رەخنەی دیکە.

خالس قادر، وتەبێژی وەزارەتی تەندروستی، کە هاوکات سەرۆکی لیژنەی راگەیاندنی کۆنگرەیە، رەخنەی لە رەخنەکان هەیەو جەختیکردەوە بۆ دانانی تەوەرەکانو بەرنامەی کاری کۆنگرە، سوود لە کەسانی شارەزاو پسپۆڕ لە ناوەوەو دەرەوەی وڵات وەرگیراوەو کۆمپانیا جیهانییەکانیش وەک کۆمپانیای رەندی نێودەوڵەتیی، کە ئەزموونی باشی هەیە لەم بوارەدا، لەگەڵ لیژنەی ئامادەکار کاردەکاتو بەردەوامیش داوای هاوکاری لە پسپۆڕانی نێودەوڵەتیی دەکرێت لە رێگەی لیژنەکانەوە.

هاوکات، ئەو رەخنانەی لە بەرنامەی کاری کۆنگرە دەگیرێن، جەخت لەسەر بوونی کەموکوڕیی لە تەوەرەکاندا دەکەنەوە، وەک ناسک قادر، پسپۆڕی توێژینەوەی کۆمەڵایەتی ئاماژەی پێدا، تەوەرە سەرەکییەکان کە دیاریکراون، جیاوازییان هەیە لەگەڵ ئەو تەوەرانەی لەلایەن رێکخراوی تەندروستی جیهانییو رێکخراوی(USAID)ی ئەمریکی، کە زوربەی وڵاتانی جیهان پەیڕەوی دەکەن بۆ ریفۆرمکردنی سیستمی تەندروستییان.

ئەمە جگە لەوەی رەخنەی تەواو لەوە دەگیرێت کە ماوەی ئەو (٣)رۆژەی کە لە (٢/١-٢/٣ی ٢٠١١) بۆ بەستنی کۆنگرە دیاریی کراوە، زۆر کەمە، ئەو ستانداردانە دیاریی بکرێن کە لەبەر رۆشناییانەوە، تەوەرەکانو سەرۆکو ئەندامانی کۆنگرە هەڵبژێردراون، هەروەک گرەنتی ئەوەبکرێت کە ئەندامانی لیژنەکان حەماسی کارکردنیان بۆ ئەو تەوەرەیە هەیە، یان لێهاتووە بۆ ئەو ئەرکەی پێی سپێردراوە، یان وەزارەت ئەندامانی لیژنەکانی دەستنیشان کردووە.

بە وتەی ناسک قادر، کە هاوکات ئەندامی کۆنگرەیە، بەبێ ئاگاداریی، ئەندامەکان تەوەرەکان دانراونو خۆشی یەکێکە لەو کەسانەی هەرچەندە کاری لە فەرمانگەی تەندروستی هاوشێوەی کاری ئەو لیژنەو تەوەرەیەیە کە بۆی دانراوە، بەڵام بە بڕوای خۆی، ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە هەرکەس لە بوارێکدا کاری کرد، توانای هەیەو کار بۆ باشکردنی دەکات، ئەمە خاڵێکە پێویست بوو، بە گرنگییەوە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت.

بە بڕوای شارەزایانی بواری تەندروستیش، هەرچەندە هێشتا کۆنگرە ماوەیەکی ماوە تا ئەنجام بدرێت، بەڵام لەبەرئەوەی کایەی تەندروستی لە پێشەنگی ئەو کایانەیە کە بەردەوام رووبەڕووی فشار دەبێتەوەو پێویستە مامەڵەی هەنووکەیی لەگەڵ چەندەها نەخۆشیی کوشندەو درێژخایەن بکرێت کە رۆژانە سەرهەڵدەدەنو پلانی درێژخایەنی هەبێت بۆ دابینکردنی ژینگەیەکی شیاو تا هاونیشتمانییان بتوانن تەندروست تیایدا بژین، ئەمەش وادەکات کە هەوڵی باشترکردنی ئەو بوارە بدرێت.

هەروەک پێویستە خەڵکانی پسپۆڕ لەبوارە جیاوازەکانی دیکەدا بە شێوەی تیم، لەگەڵ پسپۆڕانی کایەی تەندروستی کاربکەن بۆ سەررێ خستنی پڕۆژەی ریفۆرمو ئەو پرسیارانە بوروژێنرێن پەیوەندیی نێوان یاساو نەخۆشو نەخۆشخانە، وەک: دامەزراوە، بەڕێوەبردنو نەخۆشخانە، ئاکارو نەخۆشخانە، پرۆسەی باشترکردنی جۆرێتیی خزمەتگوزاریی، تەندروستیی دەروونیو بەهای تاک، پەیوەندیی نێوان نەخۆشو پزیشک، ژینگەپارێزییو تەندروستی، داهاتی نەتەوەییو بودجەی نەخۆشخانەکان، کەکاری خەڵکانی شارەزایە لەبوارەکانی فەلسەفەو یاساو سۆسیۆلۆژیاو ئابووریی سیاسییو کارگێڕییو دەروونناسیو سیاسەت.

بە بڕوای بەشێک لە کارمەندانی تەندروستی، ئەگەر لەم دیدەوە سەیری کۆنگرە بکەین، دەبینین بەشداربوون کورتکراوەتەوە بۆ کەسانی نێو کایەی تەندروستی. لەم رووەوە پێشنیاز کراوە، شارەزایانی ئەو بوارانەی ئاماژەیان پێدراوە (لەناو حکومەتو لە نێو رێکخراوە ناوخۆییو بیانییەکان) بەشداریی کارایان هەبێت، تا پاش کۆنگرە بتوانن، ببنە پارێزەرو داکۆکیکار لە بەرئەنجامەکانی کۆنگرە.



حاڵەتێکی نەشتەرگەری لە نەخۆشخانەیەکدا

فۆتۆ: ئینتەرنێت

لەو تەوەرە گرنگانەی کە زۆرێک لە کارمەندانی تەندروستی بە پێویستی دەزانن، بوونیان هەبێت لە کۆنگرەو بوونیان نەبووە، تەوەری کارگێڕیی دەرمانسازییە، کە زۆر گرنگەو هەرچەندە زۆرێک لە بودجەی تەندروستی لەوبوارەدا سەرف دەکرێت، بەڵام هیچ ئاماژەیەکی پێنەکرابوو و لەوبارەیەوە، د. خالس قادر، روونی کردەوە، کە بەستنی کۆنگرە ماوەیەکی باشی ماوەو دەتوانرێت کەموکوڕییەکان، ئەگەر هەبن، پڕبکرێنەوەو لە ئێستاشدا لەسەر پێشنیازی سەندیکای دەرمانسازانی کوردستان، ئەم تەوەرەش خرایە نێو بەرنامەی کاری کۆنگرەوە.

لەو تەوەرانەش کە گرنگنو لە بەرنامەی کاری کۆنگرە بوونیان نییە، سیستمی زانیاریی تەندروستییە کە پەیوەندییەکی راستەوخۆو ناڕاستەوخۆی لەگەڵ سەرجەم تەوەرەکاندا هەیە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە بەبێ بوونی داتاو زانیاریی هەڵسەنگاندنی کاریگەریی کۆنگرە لەسەر گۆڕینی سیستمی تەندروستی بە ئاراستەیەکی دروست، لە داهاتوودا کارێکی دژوار دەبێت، هەروەک گرنگیدان بە داتاو زانیاریی لە کۆنگرەی تەندروستیدا: داتا، یان زانیاریی بڕبڕەی پشتی هەموو پلانو گەیاندنی خزمەتگوزارییەکەو لە ئاستە جیاوازەکانی سیستمی تەندروستیدا بۆ بەڕێوەبردنی سیستم، پلاندانانو دانانی (سیاسەتی کارکردن)دا بەکاردەهێنرێتو بەبێ بوونی داتا، هەنگاونان بۆ پێشەوە کارێکی ئەستەم دەبێت.

نەبوونی چەندەها تەوەری گرنگی لەم جۆرە لە کۆنگرەی تەندروستیدا، کەموکوڕیی کۆنگرەکەو شێوازی بەڕێوەبردنەکەی دەسەلمێنن، چونکە کۆنگرە کە تێچوونێکی زۆری تێدەچێت، بۆیە ئەگەر ئەنجامێکی باشی نەبێت، ئەوا بۆچی ئەو بودجەیەی بۆ سەرف بکرێتو ئەو هەموو کاتو توانایەی بۆ بەکاربهێنرێت.

بە وتەی ناسک قادر، لە چوارچێوەی گفتوگۆکان لەسەر تەوەرەکانی سیستمی تەندروستی، پێویستە تەوەری (حوکمڕانیی تەندروستی) گرنگی پێبدرێت، تا بزانرێت بڕیارەکان لە کوێوە دەردەچن «ئێمە سیستممان نییە لە وەزارەتی تەندروستییو لە رووی دامەزراوەییەوە، ناتوانین بڵێین، سیستمی تەندروستی، سیستمێکە پشتئەستوورە بە دامەزراوەیەک کە پێی دەوترێت، دامەزراوەی تەندروستی، بە پێچەوانەوە، بۆشاییو کەموکوڕیی گەورەمان لەم رووەوە هەیە».

هەروەک بە بڕوای شارەزایانی بواری تەندروستی، سیستمی ئابووریی تەندروستییو خزمەتگوزارییو سیاسەتی تەندروستی گرنگن، چونکە زۆر بنکەمان هەیە، بەڵام خزمەتگوزارییەکان وەک پێویست نین، واتە ئێمە هەمیشە گرنگی بە چەندایەتی دەدەین، نەک چۆنایەتی، ئەمە جگە لەوەی کە بە وتەی ئەندامەکەی کۆنگرەی تەندروستی، پەیوەندیی کەرتی تایبەتو حکومیی لە بواری تەندروستیدا، زۆر لاوازەو پێویستە رێکبخرێتەوەو رێگەنەدرێت پزیشکەکان کە لە بواری تایبەت کاردەکەن، سوود لە خزمەتگوزارییە تەندروستییەکانی بواری حکومیی وەربگرن، لە کاتێکدا ئەو پارەیەی بەدەستدەهێنرێت، بۆ گیرفانی دکتۆرەکەیە.

لە ئێستادا، بەستنی کۆنگرەی تەندروستی، تەنیا (٤)مانگی ماوەو بەرنامەی کاری کۆنگرەش رووبەڕووی زۆرێک لە گلەییو رەخنە دەبێتەوەو بە بڕوای شارەزایانی بوارەکەش، پێویستە لەلایەن وەزارەتەوە گرنگی پێبدرێت، چونکە بواری تەندروستی لە کوردستان، پێویستی بە ریفۆرمی سەرتاسەریی هەیە، نەک بەستنی کۆنگرەیەکی (٣)رۆژەو میوانداریکردنی دەیان کەس کە تەنیا بەناو لە کۆنگرەدا بوونیان هەبێت.

چەند پێشنیازێک بۆ (٨) کورسییەکەی بەشی ڕاگەیاندن 18

# ناحیەی سمێلان، یەک خوێندنگەی ئامادەیی تێدایە

**ئەحمەد باڵەکی**

خوێندکارانی دۆڵی ڕۆستی سەر بە ناحیەی سمێلان، نیگەرانن لەوەی کە تەنیا یەک ئامادەیی لەسنوورەکەیاندا هەیەو ڕۆژانە خوێندکارانی ناوچەکە، دەیان کیلۆمەتر بەپێ دەبڕن بۆ گەیشتن بە خوێندنگە.

فەرهاد عەبدوڵڵا، دانیشتوویەکی دۆڵی ڕوستییە، ئاماژەی بەوەکرد، کە هیچ خزمەتگوزارییەک لەخوێندنگەکانیاندا نییەو هۆڵی خوێندنەکانیشیان بەشێوەی کۆن دروستکراون و زۆر تاریکن و کارەبایان تێدا نییەو مامۆستاکانیان لەسەر ئەرکی خۆیان ڕۆژانە لەکاتی دەوامدا، موەلیدەیان بۆ ئیش پێدەکەن.

کچە خوێندکارێکی تر، بە ڕۆژنامەی وت: کێشەکانی بواری پەروەردەیان زۆرەو بە (٣٤)گوندی ناوچەکەیان، تەنیا یەک ئامادەییان هەیە، کە ئەویش هیچ مەرجێکی خوێندنی تێدانییە: «پۆلی (١٢)ی ئامادەیی وێژەیی، تا ئێستا پەرتووکی جوگرافیاو ئابووریمان وەرنەگرتووە، لەکاتێکدا ماوەی زیاتر لە مانگێکە ساڵی نوێی خوێندن دەستی پێکردووە».

موسڵیح زرار، بەڕێوەبەری ناحیەی سمێلان، بە ڕۆژنامەی وت: «نووسراومان بۆ پەروەردەی چۆمان کردووە بۆ چاککردنەوەی ئەو ئۆتۆمۆبێلانە، بەڵام بۆ کارەبای نیشتمانیی، هەموو ناوچەکە کە (٣٤) گوندن، ئەو کێشەیەیان هەیە».

خوێندکارەکە وتیشی: «لە ئامادەییەکەدا، زیاتر لە (٤٠٠) خوێندکار هەیە، تەنیا (٢٠)یان لەسەنتەری ناحیەی سمێلانن، ئەوانی تر لە گوندەکانی دەوروبەرەوە دەچنە ئەو ئامادەییەو ئەگەر واش بڕوات، لەوانەیە بەشێک لە خوێندکاران واز لە خوێندن بهێنن، چونکە زۆربەیان ڕۆژانە (١٠کم)دەبڕن، لەساڵانی ڕابردوودا، دوو ئۆتۆمبێلی ژمارە ناوخۆمان پێدرا بوو لەسەر بڕیاری پارێزگای هەولێر، بەڵام بەداخەوە، لەساڵی ڕابردووەوە لەکارکەوتوون و تا ئێستا نە پەروەردەی چۆمان، نە ناحیەی سمێلان، کێشەکەیان بۆ چارەسەر نەکردووین».

موسڵیح ئەوەشی نەشاردەوە، کە «ئەو ئامادەییەی سنوورەکەیان، وەکو پێویست نییەو ئەوەش نیگەرانیی لای خوێندکاران و کەسوکاریان دروستکردووەو ئێمەش داوا لە حکومەت دەکەین، ئەو کێشەیەمان بۆ چارەسەر بکات».

# خوێندن لە کۆمەڵگای شکارتە، کرێچییە

**ڕاپۆرتی: هۆشەنگ سەروچاوەیی**




لە کۆمەڵگای شکارتەی سەر بە ناحیەی بێتواتە، پرۆسەی خوێندن لە ڕەوشێکی خراپدایەو بینای خوێندنگەکان زۆر کۆنن و پڕکەموکوڕیین، یان خانووی کرێن، ئەمەش کاریگەریی خراپی کردووەتە سەر ڕەوشی خوێندکاران و پرۆسەی خوێندن.

بینای خوێندنگەی کوردستانی بنەڕەتیی تێکەڵاو، یەکێکە لەو خوێندنگەیانەی کە لە ساڵی (١٩٨٨)دا دروستکراوەو لەکاتی شەڕی ناوخۆشدا لەلایەن مەڵبەندی (٦)ی سۆرانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە دەستی بەسەردا گیرابوو، بەڵام دوو ساڵە گەڕێنراوەتەوە بۆ خوێندکارانی ناوچەکە، ئەگەرچی دەرگاو پەنجەرەو تەوالێتی نەماوەو هیچ سیمایەکی خوێندنگەی پێوە دیارنییە.

ڕەفیق عەزیز، بەڕێوەبەری خوێندنگەکەیەو بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «ماوەی دووساڵە بیناکەمان بۆ گەڕێنراوەتەوە کە چەند ساڵێک بوو کرابوو بەبینای کۆمیتەی (٦)ی سۆران، بەو هۆیەشەوە هیچ دەرگاو پەنجەرەو حەوشەو تەوالێتی نییەو ژوورەکانیشی بەهۆی دووکەڵەوە ڕەش هەڵگەڕاون، بەڵام تا ئێستا بۆمان نۆژەن نەکراوەتەوە».

ئەو بەڕێوەبەرە، وتیشی: گرفتی کەمیی مامۆستای وانەکانی (بیرکاری و کوردی و عەرەبی)یشمان هەیە.

ڕەفیق عەزیز، ئاماژەی بەوەشکرد، دووساڵە بۆ چارەسەری کێشەکانیان داوایان لە بەڕێوەبەری پەروەردەی ڕانیە کردووە، بەڵام هەوڵەکانیان بێسوود بوون، ساڵی ڕابردووش وەزیری پەروەردە سەردانی ناوچەکەی کردو بەڵێنی نۆژەنکردنەوەی هەردوو بینای خوێندنگەکانی (ئامادەیی شکارتەو کوردستانی بنەڕەتی)دا کە بڕی (١٤٧)ملیۆن دیناری بۆدابینکراو دەرخستەی تەواویشی بۆ ئەنجامدرا، بەڵام تا ئێستا بیناکەیان نۆژەن نەکراوەتەوە.

لەبەرامبەردا برایم حەوێزی بەڕێوەبەری پەروەردەی ڕانیە، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «ئەگەر بمانەوێت خوێندنگەی کوردستانی بنەڕەتی نۆژەن بکەینەوە، (١٧٦)ملیۆن دیناری تێدەچێت، ئەو بودجەیەش لەناو بەڕێوەبەرێتیی پەروەردەی ڕانیەدا نییە».

ناوبراو، وتیشی: هەوڵمانداوە، لە ڕێگای وەزارەتی پەروەردەوەو لەسەر بودجەی بەڕێوەبەرێتیی گشتیی پەروەردەی سلێمانی، نۆژەنی بکەینەوە، بەڵام لەسەر بودجەی خۆمان بڕی (١٠-١٥)ملیۆنی بۆ تەرخان دەکەین و لایەنەکانی وەک (دەرگاو پەنجەرەو ئاوو ئاوەڕۆ)یان بۆدەکەین، بەڵام پێم وانییە، ئەو خوێندنگەیە کێشەی کەمیی مامۆستای هەبێت.

لەلایەکی تریشەوە، هەر لە کۆمەڵگای شکارتە، خوێندنگەی (بڵندی بنەڕەتی) خوێندنگەیەکی تری ناوچەکەیەو تا ئێستا بینای خوێندنگەیان نییەو لەخانووی کرێدان، کە وێڕای بچووکی ژوورەکانیش، هەرژوورەی (٤٠)خوێندکاری تێدایە.

محەمەد عیسا محەمەد، بەڕێوەبەری خوێندنگەی بڵندی بنەڕەتیی، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «تا ئێستا بینای خوێندنگەمان نییەو بەوهۆیەشەوە (٣)ساڵە خوێندنگەکەمان لە خانوویەکی کرێدایەو مانگانەش بڕی (٤٠٠)هەزار کرێکەیەتی».

بەڕێوەبەری خوێندنگەی بڵندی بنەڕەتی، وتیشی: «خوێندنگەکەمان دوو دەوامی تێدا دەکرێت و تا پۆلی (٧)ی بنەڕەتی وانەی تێدا دەخوێنرێت و تەنیا (٤) ژوورمان هەیە».

خوێندنگەی بڵندی بنەڕەتیش وەک زۆرێک لە خوێندنگەکانی ناوچەکە، کێشەی کەمیی مامۆستای هەیەو بەڕێوەبەری خوێندنگەکە ئاماژە بەوەدەکات، پێویستیان بە مامۆستای وانەکانی (کوردی و زانستەکان) هەیە.

لەبەرامبەر نەبوونی بینای خوێندنگەی بڵندی بنەڕەتیشدا، بەڕێوەبەری پەروەردەی ڕانیە، وتی: «کاتی خۆی، ئەو خوێندنگەیەمان بۆ ئەو گەڕەکە کردووەتەوە کە لە بیناکانی تری خوێندنی ناوچەکەوە دووربوون، بەڵام ئێستا بڕیارە لەساڵی داهاتوودا، بینایەکی شەش پۆلییان بۆ دروستبکرێت و خراوەتە تەندەرەوەو بۆ کۆمپانیای قەندیل دەرچووە».

کۆمەڵگای شکارتە، سەر بە ناحیەی بێتواتەی قەزای ڕانیەیەو یەکێکە لە ئۆردوگازۆرەملێکانی سەردەمی بەعس و خوێندنگەی کوردستانی بنەڕەتیش، مێژووەکەی بۆساڵی(١٩٨٨) دەگەڕێتەوەو زیاتر لە(٥٠٠) خوێندکاری هەیە، بەڵام لەوکاتەوە تا دووساڵ بەر لە ئێستا، هیچ جارێک نۆژەن نەکراوەتەوەو بۆ خوێندنگەی بڵندی بنەڕەتی شکارتەش (٣)ساڵە ناوی دەرچووە بۆ دروستکردنی بینا، بەڵام تا ئێستا هەر لە خانووی کرێدان و ڕێژەی خوێندکارەکانیشی زیاتر لە (٢٧٥)خوێندکار دەبن.

# خوێندنی باڵا ڕووبەڕووی شەپۆلێکی ناڕەزایی دەبێتەوە

**ڕاپۆرتی: پشتیوان سەعدوڵڵا**

لەگەڵ سەرقاڵبوونی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستیی بە گۆڕانکاریی کارگێڕیی و زانستییەوە لە هەرێمی کوردستاندا، وەزارەتی ناوبراو ڕووبەڕووی شەپۆلێکی ناڕەزەیی بووەتەوەو لە دە ڕۆژی ڕابردوودا، ژمارەیەک مانگرتن و خۆپیشاندان بەڕێوەچوون.

وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستیی لە کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، پرۆسەی (زانستخوازیی بەردەوام)ی ڕاگەیاندو لە ماوەی ساڵێکدا، چەند گۆڕانکارییەکی زانستیی و کارگێڕیی ئەنجامدراون و وەزارەتیش ڕووبەڕووی کۆمەڵێک کێشەو نیگەرانیی و ناڕەزایی بووەتەوە، بەتایبەتی کێشەکانی (وەرگرتنی خوێندکاران، نەگەڕاندنەوەی خوێندکارە کوردەکانی زانکۆکانی عێراق، سیستمی کەمکردنەوەی کۆلێژ، گۆڕانکاریی لە پۆستی ڕاگرەکان، نەبوونی پێداویستی بەشە ناوخۆییەکان، دەرماڵەو وەرنەگرتنی خوێندکارە کوردەکانی ناوچەجێناکۆکەکان).

بە مەبەستی گەڕاندنەوەیان بۆ زانکۆکانی هەرێم، لە ڕۆژی(١٠/١٦)وە تا ئێستا، (٨٥)خوێندکاری کورد کە لە ساڵی(٢٠٠٨-٢٠٠٩) لە زانکۆکانی باشوورو ناوەڕاستی عێراق وەرگیراون، لە بەردەم وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستیی هەرێمدا، مانیان گرتووەو تا ئێستاش بەردەوامن، ئەو خوێندکارانە داواش دەکەن، ڕاژەی خوێندنیان لە زانکۆکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراقەوە بگوێزرێتەوە بۆ زانکۆکانی هەرێم.

یاسین فەقێ، کە یەکێکە لە خوێندکارە مانگرتووەکان و ئێستا لە زانکۆی موسڵ دەخوێنێت، ڕایگەیاند: ئێمە ژمارەیەک خوێندکاری خەڵکی هەرێمی کوردستانین، لە ساڵی(٢٠٠٨-٢٠٠٩) لە زانکۆکانی باشوورو ناوەڕاستی عێراق وەرگیراین، وەزارەتی خوێندنی باڵای هەرێم چەند بەڵێنێکی بە ئێمەدا، وەک دووبارەکردنەوەی کۆرسی یەکەم و دەرماڵەو گەڕانەوەمان بۆ زانکۆکانی هەرێم لەدوای یەک ساڵ خوێندن، بەڵام تا ئێستا هیچ لەو بەڵێنانە جێبەجێ نەکراون.

ئەو خوێندکارە، وتیشی: «ژیانمان لەمەترسیدایەو ڕۆژانە لەلایەن کاربەدەستانی زانکۆو بازگەکانەوە، سوکایەتیمان پێدەکرێت و لەلایەن مامۆستاکانەوە دژایەتیمان دەکرێت، تەنیا لەبەرئەوەی کوردین و خەڵکی هەرێمی کوردستانین».

ئەحمەد عەبدوڵڵا، یەکێکی ترە لە خوێندکارە مانگرتووەکان، ئاماژەی بەوە کرد، تا ئێستا هیچ بەرپرسێک لە وەزارەتی خوێندنی باڵا، ئامادە نییە گوێمان لێبگرێت، بۆیە بەردەوام دەبین لەفشار خستنەسەر لایەنە پەیوەندیدارەکان، تا بیانگەڕێننەوە سەر زانکۆکانی هەرێم.

هاوکات، چوارشەممەی ڕابردوو، بۆ دوو مەبەستی جیاواز، خوێندکارانی زانکۆ ئەهلییەکان و ئەو خوێندکارانەی لە دوو وانەدا ماونەتەوە، خۆپیشاندانێکیان بۆ بەردەم وەزارەتی خوێندنی باڵا ڕێکخست.

هیوا عەزیز، یەکێکە لە خوێندکارە خۆپیشاندەرەکان، ئەوەی خستەڕوو، ئەوان لەبەردەم وەزارەت کۆبوونەتەوە بۆ ئەوەی وەزارەتی خوێندنی باڵا، بڕیاری (عبور- پەڕینەوە) بۆ (٢)وانە دەربکات بۆ ئەو خوێندکارانەی لە زانکۆ حکومییەکانن.

هەروەها جەلال سەید، یەکێکە لە خوێندکارانی کۆلیژە ئەهلییەکان، ڕایگەیاند: داوا دەکەین، کرێی زانکۆ ئەهلییەکان بکرێت بە قیستی مانگانە، لەبەرئەوەی تێچوونی خوێندنمان زۆرەو داوا دەکەین، وەزارەتی خوێندنی باڵا هاوکاریمان بکات و بەبڕیارێک وەرگرتنی پارەی خوێندنەکەمان بۆ بکرێت بە قیستی مانگانەو هەروەها دەرماڵەی خوێندنمان بۆ زیادبکرێت.

لە چوارچێوەی گۆڕانکارییەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵای هەرێمداو بۆ ئەمساڵی خوێندن، تەنیا لە زانکۆی کۆیە سیستمی (faculty) کەمکردنەوەو تێکەڵکردنی کۆلێژەکان جێبەجێ دەکرێت.

ڕۆژی (٩/٢٩) لە کۆبوونەوەیەکی سەرۆکایەتیی زانکۆی کۆیەدا، د. خدر مەعسوم، سەرۆکی زانکۆی کۆیە، ئەوەی خستەڕوو کە بۆ ئەمساڵی خوێندن، سیستمی (faculty) لە زانکۆکەیاندا جێبەجێ دەکرێت و لەو چوارچێوەیەشدا لەکۆی (١١) کۆلێژی زانکۆی کۆیە، (٤) کۆلێژ دەمێنێتەوەو هاوکات، ئەو گۆڕانکارییانە ناڕەزاییەکی توندی خوێندکارانی زانکۆکەی لێکەوتووەتەوە.

زیاتر لە هەفتەیەکە، خوێندکارانی بەشی یاسا لە زانکۆی کۆیە، بەهۆی گۆڕینی کۆلێژی یاسا بە بەشی یاسا لە زانستە مرۆڤایەتییەکان، هۆڵەکانی خوێندنیان جێهێشتووەو دەستیان داوەتە مانگرتن و خۆپیشاندان، هەروەک ئەو خوێندکارانە لە یاداشتێکیاندا کە ڕۆژی (١٠/١٨) ئاراستەی هەریەک لە سەرۆکایەتیی زانکۆی کۆیەو وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستیی و پەرلەمانی کوردستانیان کردووە، داوای ڕاگرتنی گۆڕانکارییەکانی زانکۆکەکەیان دەکەن و ئاماژە بە بەردەوامبوونی هەڵوێستەکەیان دەدەن.

لە یاداشتەکەدا، ئاماژە بەوە کراوە: «ئێمە لەگەڵ هەموو پێشکەوتن و نوێخوازییەکداین، بەڵام داوادەکەین، ئەو سیستمە نوێیە جێبەجێ نەکرێت بۆ ئەمساڵی خوێندن و جێبەجێکردنی لەگەڵ هەریەک لە زانکۆکانی سەلاحەدین و سلێمانی و تەواوی زانکۆکانی هەرێم، نەک ئێمە ئەزموونی نوێمان لەسەر تاقی بکەنەوە، بڕوانامەکانمان بە کۆلێژی یاسا بەشی یاسا پێبدەن، نەک بە بەشێک لە کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان».

بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکان، پێنجشەممەی ڕابردوو، وەزیری خوێندنی باڵا لەگەڵ لیژنەی پەروەردەو فێرکردنی پەرلەمانی کوردستاندا کۆبووەوە.

د. سەباح بەرزنجی، بڕیاردەری لیژنەی پەروەردەو فێرکردنی باڵا لە پەرلەمانی کوردستان، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: ئێمە داواکاریی و ناڕەزاییەکانمان بە وەزیری خوێندنی باڵا گەیاندو وەزیریش ئەوەی خستەڕوو کە چارەسەرکردنی کێشەی خوێندکارە کوردەکانی زانکۆکانی عێراق لە دەسەڵاتی ئەنجومەنی وەزیراندایەو وەزارەت ناتوانێت ئەو کێشەیە چارەسەربکات، سەبارەت بە گۆڕانکارییەکان، ئەوەمان بە وەزیری خوێندنی باڵا ڕاگەیاند، دەبێت هەر گۆڕانکارییەک لە چوارچێوەی یاسادا بێت و ئەگەر نا قبووڵی ناکەین، ئێمە لە لیژنەکە داوامان کرد، سیستمی (faculty) ڕابگیرێت، هەروەها بەپێویستی دەزانین، بودجەی وەزارەتی خوێندنی باڵا زیاتر بکرێت بۆئەوەی چارەسەری هەموو کێشەکان بکرێت.

سەبارەت بە نایەکسانیی لە چۆنێتیی گۆڕانکارییەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا، بەرزنجی ئەوەی خستەڕوو، تا ئێستا لە کوردستاندا، دووئیدارەیی ماوەو ئەوەش بووەتە هۆی ئەوەی کە یاساکان و گۆڕانکارییەکان هەموو شوێنێک نەگرنەوەو ئێمەش داوامان کردووە، گۆڕانکارییەکان سەرتاسەریی بن.

چەند ڕۆژێک پێش ئێستا، د. دلاوەر عەلادین، وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستیی هەرێمی کوردستان، ئەوەی خستەڕوو، بۆ ئەمساڵی خوێندن، (٣١) هەزار دەرچووی (١٢)ی ئامادەیی لە زانکۆو پەیمانگاکان وەردەگیرێن، لەکاتێکدا (٤٢) هەزار دەرچووی (١٢)ی ئامادەیی هەیەو بەو پێیەش (١١)هەزار خوێندکار وەرناگیرێن، بە براوی بڕیاردەری لیژنەی پەروەردەش، تا ئێستا کێشەکە چارەسەر نەکراوە، وتیشی: «داوامان کردووە، بازاڕی کار بدۆزرێتەوە بۆ ئەو خوێندکارانەی کە لە زانکۆو پەیمانگاکاندا وەرناگیرێن، بۆئەوەی لە خوێندن دانەبڕێن».

محەمەد سابیر، بەڕێوەبەری خوێندن و پلاندانان لە وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستیی هەرێمی کوردستان، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: وەزارەتی خوێندنی باڵا، بەپێی پلانی زانکۆو پەیمانگاکان، خوێندکار وەردەگرێت، هەروەها وەزارەت ئەوەی لە توانایدابووە بۆ وەرگرتنی خوێندکارە کوردەکانی کەرکوک و ناوچەجێناکۆکەکان، لەئاستی پێویستدابووەو هەوڵیداوە.



د.دلاوەر عەلادین، وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی

# بێدادیی هاوڵاتییان لە دەست «خانەی داد»

راپۆرتی: ئاکام ئەبوبەکر

دوای مانگێک لە دەوامکردن، رۆژی (١٠/٢١) خانەی داد بە فەرمیی لە سلێمانی لەلایەن وەزیری دادەوە کرایەوە، لە ئێستاشدا هاوڵاتییانو پارێزەران ئاماژە بە چەندین کەموکوڕیی لە دادگاکەدا دەکەن، وەک: نەبوونی دادنووسو عەریزەنووسو نەبوونی پارکی راگرتنی ئۆتۆمبێلو پردی پەڕینەوە لە بەردەم دادگاکەدا.

خانەی داد لە سلێمانی کە لەلایەن کۆمپانیایەکی ئێرانی لە ماوەی (٦) ساڵدا تەواوکرا، زیاتر لە (٣٠) ملیۆن دۆلاری تێچووە، سەرەڕای بوونی چەندین کەموکوڕیی، لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٩/٧/٢٥ لەلایەن دەسەڵاتەوە وەک بەشێک لە بانگەشەی لیستی کوردستانیی کرایەوە، دوای ماوەی زیاتر لە (١٥) مانگ بەشێوەیەکی رەسمیی دەستکرا بە کارکردن لەو بینایەدا.

پارێزەر ئاریان بورهان، نەبوونی دادنووس (کاتب عدل)ی لە بینا نوێیەکەی سلێمانی بە کێشەیەکی گەورە زانیو بە رۆژنامەی وت: «هەر هاوڵاتی، یان پارێزەرێک پێویستی بە دادگا دەبێت بۆ گرتنی (بریگرتە- بریکار) دەبێت وەکالەت بکاتەوە، ئەم وەکالەتەش لە دادنووس دەکرێت، بەڵام لێرە نییە، دەبێت بگەڕێینەوە دادنووس، ئەمەش کاریگەریی دەبێت لەسەر دواخستنی کاروباری هاوڵاتییان، دەکرا لەم بینا نوێیەدا شوێنێک بۆ ئەوانیش دابنرایە، چونکە بۆ پڕکردنەوەی بەڵێننامە، یان کەفالەتێک دەبێت بگەڕێینەوە بۆ بینا کۆنەکەی دادگا لەناو شار، یان بەکرەجۆ، یان سەهۆڵەکە».

لە ئێستادا جگە لە نەبوونی دادنووس لە بینای خانەی داد، عەریزەنووس نییە، ئەمەش کێشەیەکی دیکەی بۆ هاوڵاتییان دروستکردووە.

ئەو پارێزەر ئەوەشی وت: «عەریزەنووسەکان زیاتر رەبتیان بە کاتب عەدلەوەیە، ئەمەش کێشەی بۆ هاوڵاتییان دروستکردووە، چونکە بەشێک لە هاوڵاتییان نەخوێندەوارن، هەروەها هەندێک رێوشوێن هەیە دەبێت بگیرێتەبەر، ئەمەش کێشەیەکی گەورەی ناوەتەوە».

لایەنێکی دیکە کە هاوڵاتییان پێویستیان پێی دەبێت بۆ راییکردنی مامەڵەکانیان عەریزەنووسو ئیستنساخ (فۆتۆکۆپی)یە بۆ لەبەرگرتنەوەی رەگەزنامەو ناسنامەو مامەڵەی هاوڵاتییان، بەڵام گواستنەوەی دادگا لەناو شارەوە بۆ دەرەوەی شارو نەبوونی ئەم کەلوپەلو پێداویستییانە، نیگەرانیی لای هاوڵاتییان دروستکردووە.

نەبوونی پارکی ئۆتۆمبێلیش یەکێکی دیکەیە لە کێشەکانی خانەی داد لە سلێمانیو بەهۆی ئەوەشەوە قەرەباڵغییەکی زۆر لەسەر شەقامو دەوروبەری دادگا دروستبووە، سەرەڕای ئەوەی پردی پەڕینەوە لەسەر شەقامی بەردەم دادگا نییە، ئەوەش گرفتی بۆ هاتوچۆو پەڕینەوەی هاوڵاتییانو ئۆتۆمبێلەکانیش دروستکردووە.

هاوڵاتییەک کە بۆ راییکردنی کاروبارەکانی سەردانی دادگای کردبوو بە رۆژنامەی وت: «جێگەیەک نییە ئۆتۆمبێلی لی رابگرین، پێویستە گەراجێک هەبێت بۆ هاوڵاتییان من ئۆتۆمبێلەکەم لە نزیک شەکرەکە راگرتووە، یەکێکی تر لە گرفتەکان زۆر خایاندنی کاتی دانیشتەکانی دادگایە، زۆر کێشە هەیە پێویست ناکات ئەو ماوە زۆرە بخایەنێت، یان نەبوونی کاتبی عەدل دادگایەک بەو گەورەییەوە پێوست بوو لەجیاتی کاتبی عەدلێک دووانی لێبووایە تاوەکو هاوڵاتییان ئیشو کارەکانیان زوو بڕوات بەڕێوەو عەزیەتی خەڵکی داماو نەدرێت».

هاوڵاتییەکی دیکەش بە رۆژنامەی وت: «ئەوەندەی خەیاڵم لای ئۆتۆمبێلەکەمە خەیاڵم لای تەواوکردنی ئیشەکانم نییە لەناو دادگا، چونکە ئەمە شەقامی سەرەکییە ناکرێت ئۆتۆمبێلی لێ رابگرین، گەراجی ئەهلیشی لێ نییە».

لەگەڵ ئەوەی هاوڵاتییان گرفتی نەبوونی پارکی ئۆتۆمبێلیان هەیە، پارێزەرانیش بەهەمانشێوە ئەو گرفتەیان هەیە.

پارێزەر ئاریان بورهان، لەوبارەیەوە وتی: «جێگەیەک بۆ راگرتنی ئۆتۆمبێلەکانمان دیاریکراوە کە جێی (٦٠) ئۆتۆمبێلی تێدا دەبێتەوە، پارێزەرانی سلێمانیش (٧٩٩) کەسن رۆژانە لانی کەم (٣٠٠) پارێزەر دەگەڕێنەوە بۆ ناو دادگا، ئەمەش وایکردووە بەشێک لە پارێزەران ئۆتۆمبێلەکانیان لە دەرەوە رابگرن».

شۆفێرێکی تەکسیش کە رۆژانە هاتوچۆ بە هاوڵاتییان دەکات لە دادگای سلێمانییەوە، ئەوەی بە رۆژنامە وت: «کاتێک نەفەر دەهێنین نازانین لەکوێ دایانبەزێنین، لام سەیرە باڵەخانەیەکی بەوشێوەیە دروستکراوەو بیر لە شوێنی وەستانی ئۆتۆمبێل نەکراوەتەوە، شوێنی دادگا دەروازەی شارەو سیمایەکی ناشرینی دروستکردووەو گرفتی هاتوچۆی دروستکردووەو شوێنی گەراجیش هەبوو ئێستاش هەیە، ئیتر نازانم بۆ نەکراوە.

بۆ قسەکردن لەسەر ئەو کێشەو کەموکوڕییانە رۆژنامە سەردانی هەریەکە لە بەڕێوەبەری کارگێڕییو سەرۆکی دادگای سلێمانی کرد، بەڵام ئامادەنەبوون لەوبارەیەوە هیچ لێدوانێک بە رۆژنامە بدەن.

خانەی داد لە سلێمانی، کە لەماوەی (٦) ساڵدا لەلایەن کۆمپانیایەکی ئێرانی تەواوکرا، سێ جار بە رەسمیی کردنەوەو دەستکردن بەکار تێیدا راگەیەنراوە، یەکەمجار لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکان لە مانگی تەمموزی (٢٠٠٩)و دواتر لە رۆژی ٢٠١٠/٩/٢٩ دادگای سلێمانی گواسترایەوە بۆ بینا نوێیەکەو کارکردن تێیدا دەستیپێکردو رۆژی ٢٠١٠/١٠/٢١ لەلایەن دادوەر رەئووف رەشید، وەزیری دادی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، کرایەوەو کارکردن بە شێوەیەکی رەسمیی تێیدا دەستیپێکرد.



# چەند تێبینییەک لە بارەی گۆڕینی ناسنامەی باری کەسێتییو رەگەزنامەوە

هاشم غەمگین

پاش ئەوەی هەواڵی یەکخستنو گۆڕینی بەڵگەنامەکانی وەک (ناسنامە، رەگەزنامە) بڵاوکرایەوە، کە بە یەک ستایلو جۆر لە تەواوی ناوچەکانی عێراقو هەرێمی کوردستاندا پەیرەودەکرێت، چەند تێبینییو سەرنجێک، بە پێویست زانرا بخرێنە روو، ئەوەش لەگەڵ دۆزینەوەو گرتنەبەری چەند رێگەیەک بۆ نەهێشتنەوەی هیچ بوارێک بۆ ساختەکردنی ئەو بەڵگەنامانە

## لەرووی گەندەڵییەوە

بەهۆی خراپیی بەڵگەنامەکانی ناسنامەو رەگەزنامەی عێراقیو هەبوونی بوار بۆ ساختەکردنیان، کەلێنێکی لەو جۆرە بووەتە هۆی دروستبوونی گەندەڵیی ئیداریی‌و بەڕێوەبردنو پێشێلکاریی یاسایی لە بەڕێوەچوونو راییکردنی کاروبارەکان لە دامودەزگاکانی حکومەتدا، ئەوەش لەڕووی گەورەکردنو بچووککردنی تەمەنو گۆڕینی ناوو وێنەو...هتد، هەر بۆیە پێویستە هەر ئێستا نەک درەنگتر هەڵمەتێکی پشکنینو گەڕان لە دامودەزگاکاندا دەست پێبکرێت، بە دڵنیاییشەوە چەندین حاڵەتی ساختەکردنو پێشێکاریی یاسایی لەنێو دۆسیەو مامەڵەکاندا دەبینرێن.

## لەرووی ئەمنییەوە

رۆژانە دەبینرێت کە تیرۆریستان بە ئاسانیی لە وڵاتانی دەوروبەرەوە دزە دەکەنە نێو خاکی عێراقەوە، هەڵبەتە ئەویش لەبەر ئاسانبوونی تەزویرکردنی دۆکیۆمێنتو بەڵگەنامە کەسییەکانە، بۆیە بینراویشە لەکاتی دەستگیرکردنی گرووپە تیرۆریستییەکانو ئاشکرابوونیان، هەڵگری ناسنامەو رەگەزنامەی دروستکراوی ساختە بوون.

## لەرووی مامەڵەکردنەوە

هاوڵاتییان نیگەرانن لە گەورەیی قەبارەی بەڵگەنامەکانو بەلایانەوە هەڵگرتنو مامەڵەکردن پێیانەوە ئاڵۆزەو بەهۆی تۆکمە نەبوونیشیانەوە بە زوویی چرچو لۆچ دەبن، یان دەدڕێن، بۆیە زۆرجار بەهۆی لەبیرکردنو هەڵنەگرتنی ئەو بەڵگەنامانەوە زۆرێک لە هاوڵاتییان رووبەڕووی گرفت دەبنەوە، هەر بۆ نموونە لەگەڵ بازگەکانو دەزگا ئەمنییەکان، بەپێی یاسای وڵاتانیش بێت هەر کەسێک دۆکیۆمێنتی هاوڵاتیبوونو کەسێتیی پێ نەبێت، هەقی دەستگیرکردنو غەرامەکردنی هەیە.

## لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکاندا

لە هەڵبژاردنی (٣-٧)ی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا، لە میدیاکانەوە دەنگۆی ئەوە بڵاوبووەوە کە لە چەند ناوچەیەکو لەلایەن لیستی دەسەڵاتەوە، پەنا بۆ ساختەکردنی ناسنامە براوە، ئەوەش دیارە بۆ زیادکردنی رێژەی دەنگو بەهێزکردنی پێگەی خۆیان، بۆیە پتەو نەبوونی بەڵگەنامەکان کاریگەریی خراپی هەبووە، لەسەر شەفاف نەبوونی پرۆسەی هەڵبژاردنو ئەنجامدانی ساختەکارییو فرتوفێڵو لەکەدارکردنی.

## سنووری ناوەند باشترە

سەرباری لاوازیی بەڵگەنامەکانو هەبوونی دەرفەت بۆ ساختەکردنی، هێشتا جیاوازیی لەنێوان سنووری پارێزگاکانی ناوەندو هەرێمدا هەیە، لە سنووری ناوەند وێنەی کەسێتیی بەڵگەنامەکان فسفۆڕی لێدەدرێت، کە نەخشەی جوگرافی عێراقی لەسەرە، بەڵام لە سنووری پارێزگاکانی هەرێمدا بەڵگەنامەکان بێ فسفۆڕن.

## ئەوانەی کاری ساختەکردنی ئەو بەڵگەنامانە دەکەن

ئەوانەی خەریکی کاری ساختەییو بازرگانیکردنن بە بەڵگەنامەکانەوە، لەنێو خەڵکدا دیارو ناسراون، بە لامەوە سەیرە لەلایەن دەزگاکانی پۆلیس هەڵمەت بۆ کۆکردنەوەی زانیارییو دەستگیرکردنی ئەو جۆرە کەسانە ناکرێت، بۆ ئەوەی بنەبڕی پێشێلکاریی یاسایی بکرێت.




## ئای دی کارت (ID. CARD) چارەسەرە

لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا حکومەت بەردەوام لە هەوڵی دۆزینەوەی سیستمو بەرنامەو میکانیزمی نوێدایە، بۆ پێشخستنی بواری تەکنەلۆژییو پەیداکردنی ئامێرو کەرەستەی بەهێزو پتەو بۆ پاراستنی سەقامگیرییانو رێگرتن لە پێشێلکارییو هەنگاونان بەرەو پێشکەوتن بەتایبەتی لە بواری دۆکیۆمێنتو بەڵگەنامەدا.

بەڵام ئەگەر تەماشای بەڵگەنامەکانی عێراق بکرێت، دەبینرێت لەڕووی تەکنیکییو هونەرییو مادەو سیمو فسفۆڕەوە لاوازەو بەهاو قورسایی نییە، لە هەمانکاتیشدا هەمیشە جێی شکو گومانەو بوار بە ساختەکردن دەدات، لە هیچ وڵاتێکدا باوو مۆدیلی بەڵگەنامەی کاغەزیی نەماوە، بەشێوازی دەستی پڕ بکرێتەوە، لە عێراقدا نەبێت.

لەلایەکی دیکەوە، دەبینرێت لە ئەوروپادا هەر هاوڵاتییەک لە ئای دی کارتێکو پاسپۆرتێک زیاتر هیچی دیکەی نییە، ئیدی چی پێویست دەکات هەر یەکێک لە ئێمە هەڵگری دوو ناسنامەی (باری کەسێتیی، رەگەزنامە) بێت، بۆیە ئەگەر گۆڕینی بەڵگەنامەکان بەهەمان شێوەی ئێستا کاغەزیی بنو بەدەست زانیارییەکان پڕ بکرێنەوەو لە قەبارەدا گەورەبن، تەنیا جیاوازیی ئەوە بێت زمانی کوردی تێدا بێتو فسفۆڕێک بدرێت لە وێنەکە، هیچ پێگەیەکی تۆکمەیی نەبێت، تەنیا بەفیڕۆدانی پارە دەبێت.

تکایە با ئەمیش بە دەردی پاسپۆرتەکە نەچێت، سێ جار بودجەیەکی زەبەلاح بۆ گۆڕینی تەرخانکرا، کەچی نەتوانرا پاسپۆرتی عێراقیی کە باشترینیان جۆری (A)یە لەڕووی تۆکمەیی هاوشێوەی وڵاتە پێشکەوتووەکان پرۆفیشناڵو بەهێزبێت.

# سێ گوندی سلێمانی دەخرێنە سەر هەولێر

ئەحمەدباڵەکی- سەنگەسەر

هەرسێ گوندی (بۆکریسکان، پردەشاڵو زارگەلی) لە سەرەتای دروستبوونیانەوە سەر بە ناحیەی سەنگەسەری سەر بە قەزای پشدەرن، بە بڕیارێک دەخرێنە سەر ناحیەی وەرتێی سەر بە هەولێرو دانیشتووانی گوندەکانیش تووشی کێشەی ئیداریی دەبنەوە.

لەم بارەیە ئاراز زرار، هاوڵاتییەکی دانیشتووی گوندی پردەشاڵ باس لەوە دەکات، لە سەرەتای دروستبوونی گوندەکانیانەوە سەر بەناحیەی سەنگەسەر بوون: «بەڵام بەداخەوە ئێستا کێشەمان بۆ دروست دەکەنو کارەکانمان بە باشیی بەڕێوە ناچێت، دەچینە وەرتێ دەڵێن، سەر بە سەنگەسەرنو بە پێچەوانەشەوە، بۆیە داوا دەکەین بخرێینەوە سەر سەنگەسەر، چونکە ئێمە لە کۆنەوە هەر لە سنووری سلێمانی بووین».

هاوکات، عەلی ساڵح، دانیشتووی گوندی زارگەلی- کە گوندەکەیان زیاتر لە (٣٠) ماڵ دەبێت، ئاماژی بەوە کرد؛ کە ئێستا تووشی کێشە بوونو بە رۆژنامەی وت: «بۆ مامەڵەی پێشینەی خانووبەرە، کە دەدرێتە گوندەکان، نازانین لە کوێوە دەستپێبکەن، لە رووی پەروەردەو ئەوقافو تەندروستییەوە، سەر بە پارێزگای سلێمانین، بەڵام لە وەزارەتەکانی دیکە سەر بە هەولێرین، ئێستا بووینەتە قوربانیی دوو ئیدارەییو بەوهۆیەشەوە وەکو پێویست خزمەتگوزاریمان بۆ نەکراوە».

لە بەرامبەردا کوێستان ئەحمەد، بەڕێوەبەری ناحیەی وەرتێ بە رۆژنامەی راگەیاند: بە فەرمانی وەزارەتی ناوخۆو پارێزگاری هەولێر ئەو سێ گوندە خراونەتە سەر ناحیەی وەرتێی سەر بە قەزای رواندز لە پارێزگای هەولێرو بەو سێ گوندەوە (١٧) گوند لە سنووری ناحیەکەمانن بەبێ جیاوازیی پرۆژەی خزمەتگوزارییان بۆ دەبەینو لە داهاتوودا (١١) گوند بەو سێ گوندەشەوە کارەبای نیشتمانییان پێدەگەیەنین».

ئەوەشی نەشاردەوە، کە هەندێک کێشەی ئیدارییان هەیە لە ئێستادا: «لە ئایندەیەکی نزیکدا ئەوانیش چارەسەر دەکەین»، ئاماژەی بەوەشکرد ئەو سێ گوندە نزیکەی یەک کیلۆمەتر لە ناحیەی وەرتێ-وە دوورن، بەڵام (٣٥) کیلۆمەتر لە سەنگەسەرەوە دوورن، ئەوەش دەبێت خەڵکەکە خۆی بڕیار بدات کام ناحیە لە بەرژەوەندیی ئەوانەو زووتر خزمەتگوزارییان پێدەگات.

لای خۆشیەوە عەبدوڵڵا حەسەن، قایمقامی قەزای پشدەر بە رۆژنامەی راگەیاند: لە سەرەتای دروستبوونی ئەم گوندانەوە سەر بە ناحیەی سەنگەسەر بوون، بەڵام بە بڕیارێکی سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێم لە ٢٠٠٩/١٠/١٩و بەهۆی ئەوەی لە ناحیەی وەرتێ- وە نزیکن، خرانە سەر ئەو ناحیەیە، لە سەرەتادا هاوڵاتییان ناڕازیی بوونو ئێمەش بە نووسراو پارێزگای سلێمانیمان ئاگادارکردەوەو لە رێی ئەوانیشەوە وەزارەتی ناوخۆو پەرلەمانی کوردستان ئاگادارکرانەوە، ئەوکاتەی من لەسەفەر بووم لە رێگەی پارێزگای سلێمانییەوە بەڕێوەبەری ناحیەی سەنگەسەر ئاگادار کرابووەوە، کە ئەو سێ گوندە واز لێ بێننو لەوەو دوا سەر بە پارێزگای هەولێرن».

لە ئێستادا گوندی زارگەلی (٤٠) ماڵ، بۆکریسکان (٣٤) ماڵو پردەشاڵ زیاتر لە (٣٠) ماڵی لێ نیشتەجێن.

تێکدانی بۆندی نێوان پیشەو خاوەن پیشە جیاوازەکان 20

# چەند پێشنیازێک بۆ (٨) کورسییەکەی بەشی راگەیاندن

**هێرش سەنگەری**

لەگەڵ بڵاوبوونەوەی هەواڵی تەرخانکردنی (٨) کورسی لە بەشی راگەیاندنی زانکۆی سلێمانی بۆ رۆژنامەنووسان، ئەم هەواڵە بووە جێگەی خۆشحاڵیی رۆژنامەنووسانو بە تایبەت ئەوانەی گرنگیی بە خوێندنی زیاتر دەدەن لەو بوارەدا لەپێناو بەدەستهێنانی بڕوانامەو قاڵبوونی زیاتر لە بواری راگەیاندن، ئەم هەنگاوە بیرۆکەو بڕیاری هەرکەسێک بێت، شایانی سوپاسە، ئەگەرچی لە بنەڕەتدا دەبێت هەلی خوێندن بۆ هەموو کەسێک فەراهەم بکرێت بەپێی ویستو خواستی خۆی، بەڵام لە سایەی ئەم سیستمەی هەرێم ئەمە شتێکی باشە، بۆیە من لێرەدا چەند پێشنیازێک دەخەمە بەردەست وەزیری خوێندنی باڵاو ئەو بەڕێزانەی لیژنەی دەستنیشانکردنی رۆژنامەنووسان بۆ وەرگرتنیان لە بەشی راگەیاندن بەو ئومێدەی بە هەند وەریگرن:

١/ ئەگەر مەبەستان سوودمەندبوونی زیاتری رۆژنامەنووسانە، ئەوا ژمارەی ئەو کورسییانە زیاد بکرێت لەپێناو رەخساندنی هەلی زیاتر بۆ رۆژنامەنووسان.

٢/ باس لە کۆنمرەی پۆلی شەش دەکرێت وەک یەکێک لە مەرجەکان، بەڕێزان نمرەی پۆلی شەش چ پێوەرێکە بۆ تواناو خولیای رۆژنامەنووس، ئەگەر ئێوە مەبەستانە هەلی خوێندن بۆ کادیری راگەیاندنی باش و بەتوانا بڕەخسێنن، باشتر وایە کارکردنی ئەو رۆژنامەنووسەو ئەو بابەتو بوارانە بکەنە پێوەر کە لە ماوەی رابردوودا کاری تێدا کردووە.

٣/ باس لە مەرجی ئەندامبوون دەکرێت لە سەندیکای رۆژنامەنووسان، لەگەڵ رێزم بۆ سەندیکا، ئایا مەرجە ئەوەی رۆژنامەنووس بێت ئەندام بێت لەو رێکخراوە، بۆچی مەرج بێت هەموو کەسێک لەم هەرێمە بەسترابێتەوە بە لایەنێکو رێکخراوێک لە کاتێکدا پاراستنی سەربەخۆیی خود، یەکێکە لە بەها گرنگو جوانەکانی مرۆڤ بەتایبەت رۆژنامەنووسو کادیری راگەیاندن.

ئەوەشی جێگەی خۆشحاڵییە باس لەوە دەکرێت هەڵبژاردنی ئەو رۆژنامەنووسانە لەسەر بنەمای تاقیکردنەوەو کاری رابردوو و لێهاتوویی رۆژنامەنووسەکەیەو رێگریی دەکرێت لە هەر دەستتێوەردانێک، ئەگەر وابێت کە ئومێدی زۆرمان وایە وابێت، بە راستی ئەوە هەنگاوێکی گرنگە بۆ سەربەخۆیی زانکۆو رەخساندنی هەلی خوێندن بە یەکسانی بۆ هەموو کەسێک، بەبێ جیاوازیی لەسەر بنەمای تواناو لێهاتوویی کەسەکان.

# وەڵامێک بۆ دوو هەقیقەت

دەمەوێت لە مانشێتی نووسینەکەم کە تیشکێکە لە سەرنجو تێڕامان، راستیی مەسەلەکە روونبکەمەوەو لۆژیکییانەو بەشێوەیەکی واقیعی بەرجەستەی بکەمو جارێکی دیکە بخرێتە بەرچاوی خوێنەر، کە ئەوەش تایبەتە بەو نووسینەی کە لە رۆژنامەی رۆژنامە بڵاوکرایەوە لە ژمارە (٦٠٣) لاپەڕە (٢٠) لە بەرواری (٢٠١٠/١٠/١٢)و ژمارە (٦٠٤) لاپەڕە (١٩) لەبەرواری (٢٠١٠/١٠/١٩) لەسەر کەیسی سزادراوە سیاسییەکانو خەمو رەخنەی ئەفسەرە نانبڕاوەکان کە بووەتە ئەجێندایەکی سیاسیی بزووتنەوەکە. ئێمە ئاگادارین لەکۆی هەوڵو تەقەلاکان بەهەموو ئاراستەیەکی سیاسییو قانوونی، ئاراستەی سیاسیی وەک دانیشتنو گفتوگۆکردن لەپێناو نزیکبوونەوەی خاڵی هاوبەشو کۆتاییهێنان بە تەنگژەی سیاسیی تەندروستکردنی بارودۆخەکەو پێشکەشکردنی (وەرەقەی چاکسازیی سیاسیی) بەدەسەڵات، ئەوەش دەزانین کە یەکێک لە بەندەکانی ئەم وەرەقەیە، گەڕانەوەو قەرەبووکردنەوەی ئەفسەرە سزادراوە سیاسییەکان کە ئێمەین!

هاوکات، لەگەڵ گرتنەبەری ئاراستە قانوونییەکان لە رێگەی پەرلەمانو پێشکەشکردنی پرۆژەیاسای نیشتمانی جیاکردنەوەی دەسەڵاتی حیزب لە حکومەتو بنەبڕکردنی سزای سیاسییو دروستکردنی پردی پەیوەندیی گەیاندنی ئەم کێشانە لە رێگەی رێکخەری بزووتنەوەی گۆڕان، کە جێگای رێزو پێزانینە.

هەموو ئەو خاڵانەش کە باسکران، شتێکی پۆزەتیڤن، بەڵام چارەسەرنەکردنی کێشەکانمان، زیاتر لە (١٥) مانگو مانەوەی ئێمە بەهەڵواسراوییو نەبوونی هیچ پرۆژەیەکی گۆڕانکارییو ئەنجام نەدانی کۆبوونەوەو ئاڵوگۆڕکردنی بیروبۆچوونەکان، جگە لە بێئاگایی هەندێک لە کەسە دیارەکانی ناو بزووتنەوەکە (کە بە سانایی دەپرسن، گەڕاونەتەوە، یاخود نا، ئایا ئەوە کێشەی ئیدارییو یاسایی نییە)، هەرچەندە لێرەو لەوێ لەو حاڵەتانە خراونەتە ناو کەیسەکەمان، بەڵام ئەم تەفسیرە بۆ ئێمەی ئەفسەر نا! کە تا رادەیەکی زۆر بەرچاو دیاریین لەناو بزووتنەوەکە کە شانازیی پێوە دەکەین، هەموو ئەمانەش شتێکی نێگەتیڤن.

ئەمەیە گەڕانەوە بۆ حەقیقەت، بەڵام ئەوەی بۆ ئێمەو بزووتنەوەی گۆڕان گرنگە، نووسینی هەر جۆرێک لەم حەقیقەتانە، جوانترین داهێنانی ئازادیی رادەربڕینو رەخنە لەخۆگرتنە لەنێو ماڵەکانی خۆمانو نەهێشتنی سیاسەتی دەنگی پەنگخواردووی مرۆڤەکانە، ئیدی با ئەوەش پێشکەشکردنی جوانترین چەپکەگوڵ بێت بۆ سنگفراوانیی، دوور لە موزایەدەی سیاسییو بازرگانیکردن بەحەقیقەتی حەقیقەتەکان.

**مولازم هونەر ئەحمەد محەمەد**
**ئەفسەرێکی سزادراوی سیاسیی**

# لە ناچاریدا نامەیەکی کراوە ئاراستەی سەرۆک هۆزو عەشیرەتەکانی کوردستان دەکات

بەڕێزان، من کێشەیەکم لە (٢٠٠٢/٥/١١)ەوە بۆ دروست بوو، بەهۆی واژۆیەکی تەزویری دادوەر (ع.ئ)ەوە. بەداخەوە، (ع.ئ)، بەهۆی پشتیوانیکردنی لە تۆمەتبار بەم خاڵانە:

١- ونکردنی دۆسیە تەزویرەکە.

٢- ئامادەنەبوونی دادوەر بۆ پشکنینی واژۆوەکەی.

٣- ئیفادەی درۆی (ع.ئ) لەدادگای لێکۆڵینەوەی ئاسایش، کاتێک تۆمەتبار بەمادەی (٢٨٩-٢٩٨) بانگهێشتکرابوو، بوو بە پارێزەریی و ئازادکردنی بۆ شاردنەوەی راستییەکان، وا دەردەکەوێت کە خزمی تۆمەتبار بێت.

بەهەرحاڵ، ئەم کێشەیە بە سکاڵا لە (٢٠٠٣/٥/١٩) ئاراستەی جەنابی وەزیری داد کرا، بەڵام دوای (٣) مانگ دیراسەکردن، ئاراستەی شوعبەی یاسایی مافپەروەر، عەبدولڕەزاق کرا لە وەزارەتی داد.

لەدوای جەژنی رەمەزان، لەسەر فەرمانی بەڕێز کاک عەبدولڕەزاق، دانیشتن لەگەڵ منو (ک.ع) ئەنجامدرا بە ئامادەبوونی کەسێکی خۆم. لەسەر فەرمانی بەڕێزی، بڕیاردرا کە کێشەکە تەنیا کار کە جەنابی مافپەروەر بۆی دەکرێت، کە (ک.ع) لەگەڵ جەنابی وەزیر دانیشتن بکات، بەڵام لەدوای (٨-٩) جار تەلەفۆنکردن، بەڕێزی دەفەرموێت، جۆر نەبووە چاوەڕێ بکە...؟

ئایا تا کەی چاوەڕێ بکەم؟، لەبەرئەوە داواکارم لە سەرۆک هۆزو عەشیرەتەکانی کوردستان (کوێخا سمایلی تەلان، ئاغاکانی پشدەر، پیاوماقوڵانی شارباژێڕو شارەزوور)، تەدەخول بکەن، چونکە یاسا ناتوانێتو داوا بکەن، دادوەر (ع.ئ) راستییەکان ئاشکرا بکاتو داوا لە جەنابی وەزیری داد بکەن کە ئەم کێشەیەو مافی ئەم مرۆڤە بگەڕێنینەوە کە دەفەرموون، یاسا سەرووەرە.

**داواکار، کەریم عارف سلێمان،**
**مامۆستای قوتابخانەی دێرین**




## ئاگاداریی لە (ماڵی ئازادی)یەوە

پاش ئەوەی لەژێر دروشمی (ئازادیی ناسووتێ)دا بە مەبەستی گەشەسەندنی ئازادیی لە کوردستان لە(٢٠١٠/١٠/٨)دا لە گوندی شیوی قازی- قەرەداغ (ماڵی ئازادیی) کرایەوە، وەک ئاماژەیەک بۆ رێزگرتن لە قوربانییەکانو رێگرتن لە ستەمکاریی:-

١- ئاگاداریی هەموو ئەوانە دەکەین کە لە سەردەمی ئازادیدا رووبەڕووی ستەمو توندوتیژیی بوونەتەوە، وێنەو ناوی خۆیانو بەڵگەو وێنەی جۆری ئەو تاوانەی بەرامبەریان کراوە، بنێرن بۆ ئەو ناونیشانەی دیاریکراوە بۆ ئەو مەبەستە.

٢- کەسوکاری ئەوانەی کە لەو پێناوەدا بوونەتە قوربانیی، بەهەمان شێوە بفەرموون بە ناردنی بەڵگەو یادگاریی شەهیدەکانیان.

٣- هەر بەڕێزێکیش دەیەوێت هاوکاریی ئەم پرۆژەیە بکات، دەتوانێت لە رێگەی ژمارە حیسابی (٨٥)، یان (١٢) لە بانکی مەنسور- بۆ وەبەرهێنان- لقی سلێمانی، خزمەتی خۆی بگەیەنێت.

مۆبایل: ٠٧٧٠١٥٢٦٣٥٠ یان ٠٧٧٠١٥٤٦٩٠٣
ئیمەیل: yahoo.com@maliazadi٢٠١٠
لیژنەی سەرپەرشتیاری ماڵی ئازادیی

# روونکردنەوەی سکرتێری رۆژنامەوانیی پارێزگاری سلێمانی

لەژمارە (٦٠٤)ی رۆژی سێشەممە (٢٠١٠/١٠/١٩)ی رۆژنامە بەڕێزەکەتاندا، هەواڵێک لەلاپەڕەی (٢)دا بڵاوکراوەتەوە بەناونیشانی «(٤٩)ملیار دیناری ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، دەگەڕێتەوە بۆ بەغدا».

دەمانەوێت ئەوە بۆ رای گشتییو دانیشتووانی پارێزگای سلێمانی روونبکەینەوە کە بەهیچ جۆرێک ئەو بڕەپارەیە ناگەڕێتەوە بۆ حکومەتی بەغداو لە کارو پرۆژەکانی پارێزگادا خەرج دەکرێن، بەپێی ئەو پلانو بەرنامەیەی کە سەرەڕای ئاستەنگو کەموکورتییەکانی ساڵانی رابردوو، لەلایەن پارێزگای سلێمانییەوە ئامادەکراوە بۆ ساڵی(٢٠١٠)، بۆیە بە وردییو بە بەڵگەو داتاو زانیارییەوە چۆنێتیی خەرجکردنی ئەو (٤٩)ملیارە بۆ هەموو لایەک روونده‌کەینەوە:

کۆی ئەو بودجەیەی بۆ ساڵانی (٢٠٠٧، ٢٠٠٨، ٢٠٠٩) بۆ پارێزگای سلێمانی دیاریی کراوە، بریتی بووە لە (٦٩٠)ملیار دینار، سەرجەم ئەو بڕە پارەیەی کە تەرخانکراوە (ئیحالە کراو + گۆڕانکاریی) زیاتر لە (٦٩٤) ملیار دینار بووە، بۆ جێبەجێکردنی (١٢٥٦) پرۆژە کە دەردەکەوێت لەو بودجەیەی تەرخانکراوە، (٤)ملیار دینار زیاتر خەرج کراوە، واتە تەجاوز هەبووەو ژمارەیەکی زۆر پرۆژەی جێبەجێ نەکراو ماونەتەوە، بۆیە لە بودجەی ئەمساڵ (٢٠١٠)، کە (٤٩) ملیار دینارە، (٢٥)ملیار دینار تەرخانکراوە بۆ پرۆژە بەردەوامەکانی ساڵانی رابردوو کە لە قۆناغەکانی (تەندەرینو ئیحالەکردندان)و نەتوانراوە لەکاتی خۆیاندا جێبەجێ بکرێن بەهۆی دووبارەبوونەوەی (تەندەرینو گۆڕینی دیزاینو دووبارە دیزاینکردنەوەیان).

هەروەها بڕی (١٧)ملیار دینار تەرخانکراوە بۆ خەرجیی کارگێڕییو هاوکات، (٦)ملیار دینار تەرخانکراوە بۆ ئەو گۆڕانکارییانەی کە ئەنجامدەدرێن لەکاتی جێبەجێکردندا.

بەمەش دەردەکەوێت کە (٢٥)ملیار دیناری پرۆژەی ئامادەکراوو (٤)ملیار دیناری تەجاوزی پرۆژەکانی ساڵانی (٢٠٠٧، ٢٠٠٨، ٢٠٠٩)و (١٧)ملیاری خەرجیی کارگێڕییو (٦)ملیاری تەرخانکراو بۆ گۆڕانکاریی، دەکاتە (٥٢)ملیار دینار کە ئەمەش (٣)ملیار دینار تەجاوز دەکات لەو (٤٩)ملیار دینارەی بۆ ئەمساڵی پارێزگای سلێمانی تەرخانکراوە.

ئەو پرۆژانەش کە لەساڵانی (٢٠٠٨و ٢٠٠٩) نەتوانراوە جێبەجێ بکرێنو بەهاکەیان نزیکەی (٦٠)ملیار دینارە، خراونەتە پلانو بەرنامەی ساڵی (٢٠١١)ەوە.

سەبارەت بەو پرۆژانەش کە لەلایەن ئەنجومەنی پارێزگاوە پلانیان بۆ دارێژراوە بۆ ساڵی (٢٠١٠)، هەموولایەک ئاگادار دەکەینەوە کە ئەمساڵ لیستی پرۆژەکانی ئەنجومەنی پارێزگا لە بەرواری (٢٠١٠/٨/١٥) گەیشتووەتە بەشی پلانو بەدواداچوونی پارێزگا، هەروەها لەلایەن ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگاوە راستاندنی بۆ نەکراوە، ئەمەش ئەگەری ئەوەی دەبێت لەلایەن ئەندامانی ئەنجومەنەوە گۆڕانکاریی تێدا بکرێت، بۆیە ناکرێت پلانی ساڵێکی پارێزگایەک لەمانگی (٨)دا بگاتە دەست پارێزگا، چونکە ئەمە چەندین مانگی دەوێت بۆ ئامادەکارییو خستنە بواری جێبەجێکردنەوە، بەڵام بەمحاڵەشەوە پارێزگا نەوەستاوە لە دانانی پلانێکی گونجاوی زانستی پێشوەختە بۆ زیاتر خزمەتکردن بە دانیشتووانی پارێزگای سلێمانییو هەروەک بەبەڵگەشەوە خستومانەتەڕوو بەردەوام بووین لەکارو جێبەجێکردنی پرۆژەکانمان لەسەر هەردوو بودجەی (وەبەرهێنانو پەرەپێدانی هەرێمەکان)، یان هەر بودجەیەکی ترو خەرجکردنی تەواوی پارەی تەرخانکراو.

بودجەی پەرەپێدانی هەرێمایەتی ساڵی (٢٠٠٩) بۆ پارێزگای سلێمانی، (١٣٠)ملیار دینار بووەو لەو ساڵەداو لەسەر ئەو بودجەیە، (٢٨٩)پرۆژە ئەنجامدراوە، کە بڕی تێچوونیان بریتی بووە لە (٩٠) ملیار دینار، هەروەک دەبینرێت لەساڵی (٢٠٠٩)دا لەو (١٣٠)ملیار دینارەی بودجەی پەرەپێدانی هەرێمەکان بۆ پارێزگای سلێمانی بە بەهای (٩٠)ملیار دینار پرۆژە ئەنجامدراوە، واتە (٤٠)ملیار دینار لە پرۆژەی بەردەوامدایەو لەو ساڵەدا نەخراوەتە پرۆسەی تەندەرینو ئیحالەوە، بەڵام نەشگەڕاوەتەوە بۆ حکومەتی بەغدا، لەبەرئەوەی ئەو بڕەپارەیەی لەچوارچێوەی بودجەی پەرەپێدانی هەرێمەکاندا بۆ پارێزگای سلێمانی تەرخان دەکرێت، دەچێتە وەزارەتی داراییو بەپێی ئەو بەرنامەو پلانەی دانراوە بۆ خەرجکردنی، هیچ پارەیەکی ئەو بودجەیە ناگەڕێتەوەو لەژێر چاودێریی (وەزارەتی دارایی)دا دەبێت.

لەگەڵ رێزدا...

**سکرتێری رۆژنامەوانیی**
**پارێزگاری سلێمانی**

**ونبوون**
فۆڕمێکی بایعی بەناوی (ئاسۆ أورحیم حمەصالح) ونبووە هەرکەس دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە بۆ رۆژنامەی (رۆژنامە).

# حکومەتو وەزارەتی نەوت، کوا بەڵگەکانتان؟!



عەبدوڵڵای مەلا نوری *

ڕۆژ لەدوای ڕۆژ وەزیری سامانە سروشتییەکانی هەرێم ژمارەی گرێبەندە نەوتییەکانی لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکاندا زیاد دەکات، تازەترین ڕێککەوتن کە لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەکانەوە بیستمان لەگەڵ کۆمپانیای ماراسۆن کراوە، کار وا بڕوات لە ئایندەیەکی زۆر نزیکدا تەواوی هەرێمی کوردستان دەبێتە ناوچەی گرێبەستی کۆمپانیاکانی دەرهێنانی نەوتو غاز، لە لایەکی ترەوە، وەکو ئەوەی نەوتی کوردستان ڕووی بازاڕی نەبێت جەنابی وەزیر هەریەکە لەو گرێبەندانە بە چالاکیی گەورە بۆ وەزارەتەکەی خۆیو دەستکەوتی مێژوویی بۆ خەڵکی کوردستانو عێراق ئەژمار دەکات، لە کاتێکدا جگە لە بەڕێزیانو یەک دوو کەسی تر، هیچ لایەنێکی کوردستانیی لە وردەکاریی ئەو گرێبەندانە ئاگادار نینو لە ئەرزی واقیعیشدا دەرئەنجامێکی ئەرێنیی، نە لە ڕووی ئابووریی، نە لە ڕووی سیاسییەوە بەدی ناکرێت.

ئەم هەنگاوە تازانەی جەنابی وەزیر بەدوای ئەو کۆبوونەوانە دێت، کە سەرۆکایەتی پەرلەمان ڕێکیخست بە ئامادەبوونی سەرۆکایەتی فراکسیۆنەکانی پەرلەمانو هەریەکە لە سەرۆکی حکومەتو وەزیری سامانە سروشتییەکانو چەند وەزیرێکی دیکە، کە تێیدا بەڵێنی ئەوەیان بە ئۆپۆزسیۆنو خەڵکی کوردستان دا، هەموو بەڵگەیەک لەسەر پرۆسەی نەوت ئاراستەی پەرلەمان بکەن، کەچی زیاتر لە دوو مانگ بەسەر ئەو بەڵێنانەدا تێپەڕیوە، تەنیا پەڕەیەک بە ئەندامانی پەرلەمانو لیژنەی پیشەسازیی وزەو سامانە سروشتییەکان نەگەیشتووە، سەرەڕای ئەوەی چ وەکو لیژنەو چ وەکو ئەندامانی پەرلەمانو لە چوارچێوەی پەیڕەوی ناوخۆدا دەیان نووسراو ئاراستەی حکومەتو وەزارەتی سامانە سروشتییەکان کراوە، بە مەبەستی داواکردنی زانیارییو بێ وەڵام ماونەتەوە، ئەوەی جێی هەڵوەستە لەسەرکردنە لەکاتێکدا وەزیری سامانە سروشتییەکان هەڵسوکەوت بە کاڵایەکی هەستیارو گرنگەوە دەکات، کە نەوتو غازەو سامانێکی نەتەوەیی چارەنووسسازن، کەچی تائێستا هیچ پلانو ستراتیژێکی ڕۆشن بەدی ناکرێت کرابێتە بنەما بۆ کاری ئەو وەزارەتە، بۆیە لێرە بەدوا کاتی ئەوە هاتووە جەنابی وەزیری سامانە سروشتییەکانو حکومەت لانی کەم بۆ ئەندامانی پەرلەمانی ئاشکرا بکەن، کە ئایا پلانی ستراتیژیی بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی نەوت کامەیە؟ ئایا بڕیاری ئەوە دراوە هەموو خاکی کوردستان بدەینە کۆمپانیا بیانییەکان؟ ئایا دەبێت بە گۆترە پرۆسەی دەرهێنانی نەوت لە هەموو بیرەکاندا ئەنجام بدرێت؟ ئەی نەوەکانی ئایندە چییان بۆ دەمێنێتەوە؟ ئایا چ پلانێک هەیە بۆ ئەوەی داهاتی نەوت ببێتە پشتیوانێک بۆ بوژاندنەوەی کەرتەکانی تری ئابووریی لە هەرێمدا؟ ئەی داهاتی فرۆشی نەوت لە ساڵانی ڕابردوودا چی لێهات؟ ئایا پلان چییە بۆ ئەوەی پیشەسازیی نەوت لە هەرێمی کوردستاندا پەرەی پێبدرێت، بەمەش زۆرترین قازانج بەدی بێت؟ ئایا تا کەی چوارچێوەیەکی یاسایی بە کاری پاڵاوگە بێ مۆڵەتەکان نادەن؟ لەکاتێکدا ڕۆژانە سەدان تانکەر سووتەمەنی ئاودیوی ئێران دەکرێت، ئایا چ پلانێک هەیە بۆ ئەوەی خەڵکی کوردستان لە قەیرانی کەمییو خراپییو گرانیی نرخی سووتەمەنی ڕزگار بکرێن؟ ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە بە شەفافی کەرتی ناوخۆ پشکدار بکرێن لە پرۆسەکانی نەوت؟ لە کاتێکدا لایەنێکی ئەو گرێبەندە نەوتییانە خەڵکانی بیانین؟ ئایا تا کەی زانیاریی لە ئەندامانی پەرلەمان دەشارنەوە؟ پێتانوایە ئێوەو بیانییەکان زیاتر لە پەرلەمانتاران دڵسۆزی خەڵکی کوردستانبن؟ ئایا ئەگەر سبەی حکومەتی عێراق پێکهاتو کێشەکانی نێوان هەرێمو بەغدا لە سەر گرێبەندە نەوتییەکان درێژەی هەبوو، بە چ ڕوویەکەوە داوا لە پەرلەمان دەکەن وەکو نوێنەری شەرعیی خەڵکی کوردستان پشتگیریی سیاسەتی نەوتی بکەن؟ بۆیە کاتی ئەوە هاتووە ڕاستییو دروستیی پرۆسەی نەوت بە بەڵگەوە بۆ پەرلەمانتاران بسەلمێندرێت، ئەگەر نا دەبێت چاوەڕێی ئەوە بکەن قسەی زیاتر لە سەر دیوە فراوانە شاراوەکانی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بکرێتو هەڵوێستی جدیتر لەسەر کارەکانتان وەربگیرێت.

* ئەندامی پەرلەمانی کوردستان

# بەرژەوەندیی باڵا لەنێوان پاوانخوازییو ململانێدا



ئارام شێخ محەمەد

لە دنیای سیاسەتدا هەمیشە فرەییو جیاوازیی شتێکی حاشاهەڵنەگر بووەو ناکرێتو نەبووە کە سیاسەت یەکڕەنگو یەک شێواز بێت، تەنانەت لەناو حیزبو ڕێکخراوو گرووپە سیاسییەکانیشدا، کە خاوەنی یەک بەرنامەی سیاسیینو پێکەوە کاری بۆ دەکەنو قوربانیی دەدەنو پارێزگاری لێ دەکەن، بەڵام تەنانەت هێشتا لەناو خۆیاندا جیاوازیی هەیە لەسەر ئەوەی چۆن ئەو بەرنامەیە جێبەجێ بکەن، چ جای ئەوەی کە ئەم هێزە سیاسییانە لەگەڵ یەکتری کاتێک بەناوی جیاوازو مێژووی جیاوازو بەرنامەو کاری جیاوازەوە دێنە ناو کۆمەڵو خۆیان پێناسە دەکەن.

جیاوازیی نێوان هێزە سیاسییەکان سروشتییە وەک ئەو جیاوازییانەی کە لەناو کۆمەڵدا بوونی هەیە، بەڵام ئەم جیاوازییانە هەموو لە شوێنێکدا یەکدەگرنەوە، کە ئەویش کۆمەڵگەیەو ئەم مامەڵەیەش چەندە بۆی هەیە هاوپەیمانی بێت لە هەمان کاتدا بۆی هەیە ناکۆکیش بێت.

قەبارەو هێزی لایەنە سیاسییەکان هۆکارێکی کاریگەرە بۆ دەستنیشانکردنی ئاستی هاوپەیمانێتییو ناکۆکییەکانو بەرێوەچوونیان لەناو کۆمەڵدا، بەڵام شێوازی بەستنی هاوپەیمانێتییو مومارەسەکردنی ناکۆکیی هەرگیز نابێت بە ئاستی قەبارەی هێزەکان بەسەر کۆمەڵدا بسەپێنرێت، ئەوە ڕاستە کە هێزە سیاسییەکان ئازادن چۆن دەیانەوێت ئەو پەیوەندییانە ساغ بکەنەوە، جا هاوپەیمانێتی بێت، یان ململانێ، بەڵام ئازاد نینو نابێت ئازادبن لەوەی بە ئارەزووی خۆیان چی ڕێگەیەک هەڵدەبژێرن، بەتایبەت لەو بوارانەی تایبەتە بە بەرژەوەندیی گشتیی سەرجەم خەڵکو کۆمەڵگەوە، چونکە بە کورتیو بە کوردی کۆمەڵگە دەبێت هی هەمووان بێت، بە هاوپەیمانو نەیارەوە، نەک هەر خەڵکی لایەنگری ئەم لایەنو ئەو لایەن بەڵکو نوێنەرە سیاسییەکانیشیان، چونکە تەنیا کۆمەڵێکی بە ژمارە کەمن، کە ڕۆژانە ناوەکانیان دەبیستین لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوەو هەڵدەستن بە کۆبوونەوەبەستن لەسەر مەسەلە چارەنووسسازەکانو پرسە باڵاکانی گەلو نەتەوە وەک خۆیان دەیڵێن، بەکارهێنانی وشەی مەسەلە چارەنووسسازەکانو بەرژەوەندییە باڵاکان تەنانەت ئەگەر فێڵێکی سیاسیش بێت، دەبێت هێزە سیاسییەکان ئەوەیان لە بیرنەچێتەوە کە لەدەرەوەی ئەوان خەڵکێکی زۆر هەیە ئەو بەرژەوەندییانە بەبێ جیاوازیی دەیانگرێتەوە.

ئەم بەرژەوەندییە باڵایانەی دەبنە ئەو بنەمایەی، کە دەبێت هەموو پابەندبن پێوەی، ئەگەر بچووک، یان گەورە بنو لە وڵاتە پێشکەوتووە دیموکراتییەکاندا، کە تێیدا بەرژەوەندیی وڵاتو کۆمەڵگە باڵایە تێیدا، ڕێگە نادرێت بە هەر هێزو لایەنێکی سیاسیی، بەپێی هێزو قەبارەی خۆی پاوانخوازیی بەسەر کۆمەڵگەو دەوڵەتو دامەزراوەکانیدا بکاتو چۆن ئارەزووی کرد وای لێ بکات، ئەگەر ئەمە ڕوویدا، ئەوە دەبێتە پاوانخوازییو سیاسەتی پاوانخوازیی نەک نزیکمان دەخاتەوە لە دیکتاتۆریەت، ئەسڵەن خۆی بەشێک دەبێت لە دیکتاتۆریەت، چۆن لایەنە ناکۆکەکان بۆیان نییە پەنابەرنە بەر توندوتیژیی بە سەپاندنی خۆیان بەسەر کۆمەڵدا جا بچووک بن، یان گەورە، ئاواش هاوپەیمانەکان بۆیان نییە هاوپەیمانێتی خۆیان بکەن بە سیستەمو دەستبگرن بەسەر کۆی دامەزراوەکانی وڵاتدا لەبەرئەوەی بۆ نموونە ئەوان هاوپەیمانی گەورەنو بەرژەوەندیی ئەوان وا دەخوازێت، ئەمەش شتێکە نە پەیوەندیی بە حەساسییەتەوە هەیە، نە بە گومان، ئەم مەسەلەیە وەک باس دەکرێت مەسەلەیەکی چارەنووسسازەو پەیوەندیی بە ئایندەی هەر وڵاتو کۆمەڵێکەوە هەیەو لە وەها دۆخێکدا بێجگە لە سازان (تەوافوق)و کۆدەنگیی نیشتمانیی لەسەر مەسەلە چارەنووسسازەکان، هیچ ڕێگەیەکی تر نییەو ئەمە دەبێت ببێتە بنەمای کاری سیاسییو دامەزراوەیی، چونکە هەمیشە لە سیاسەتدا مەرج نییە ئەنجامەکان کتومت وەک کارەکانو بانگەشەکان بن، شێوازی بەدەستهێنانی ئامانجە سیاسییەکانو ئەو ڕێگەیانەی دەگیرێنە بەر، دەستنیشانی ئەوە دەکات لایەنە سیاسییەکان بە نیازی چ شتێکن، نەک ئەوەی چ ئیدعایەک دەکەن.

بەرژەوەندییە باڵاکانی خەڵک لە هەرێمی کوردستاندا دەبێت سەرجەم لایەنە سیاسییەکانی هەڵبژێردراوی کوردستان بەبێ جیاوازیی پێشنیازی بکەن بە شێوەیەکی شەفافو ئاشکرا، نەک بە دەرخستنی ئەنجامێکی پەخشانئامێز، ئەمەش شتێک نییە قەبارەی هێز حەسمی بکات، بەڵکو دەبێت ڕێزێکی سیاسییو یاسایی بۆ دابنرێتو ئەگەر ئەمە نەکرێت، ئاراستەی ململانێ بەرەو توندوتیژییو هاوپەیمانێتی بەرەو پاوانخوازیی دەڕواتو بەرژەوەندییە باڵاکانیش دەبنە قوربانیی.





# نیگەرانییەکانی کورد پێویستیان بە کردارە



ئاری ئەبوبەکر- دانیمارک

فەرمانڕەوایانی کورد، زوو زوو نیگەران دەبن لە کارو کردەوەکانی حکومەتی عێراق، بەتایبەتی کاتێک حکومەتی عێراق هەڵدەستێت بە کارێک کە دژی کوردو دۆزەکەیەتی، ئیتر فەرمانڕەواکانی کوردستان، لە ڕاگەیاندنەکانەوە دەکەونە دەربڕینی نیگەرانییو ناڕەزایی.

ناڕەزاییدەربڕینی دەسەڵاتدارانی کورد، لە هەر کاتو سەردەمێکدا بێت، کارێکی چاکەو هۆیەکیشە بۆ وریاکردنەوەی ئەو هێزو لایەنانەی کە نایانەوێت خواستەکانی کورد لە عێراقدا بگەنە سەر شاڕێی خۆیان، لەهەمانکاتدا ئاگادارکردنەوەیەکی ئەمریکاو زلهێزەکانە بە هاتنەدەنگی کورد لەسەر داوا ڕەواکانی خۆیو مساوەمەنەکردن لەسەریان.

ئەگەر دەربڕینی نارازیبوونو نیگەرانیی، میتۆدێکی ئاشتییانە بێت بۆ هاتنەگۆو ئاگادارکردنەوەی بەرامبەر، ئەوا کارکردنو کار بۆکردن بۆ گۆڕینی دەربڕینی نیگەرانییەکە بۆ سەر ئەرزی واقیع، هەوڵێکە بۆ بەهەندگرتنی ناڕەزایەتیو نیگەرانییەکە لەلایەن بەرامبەرەوە، چونکە دواجار ئەگەر لایەنی ڕکابەرو بەرامبەر، هەست بەوەبکات کە نیگەرانییەکانی کورد لە چوارچێوەی بەیانێکی فەرمیی دەسەڵاتدارانو چەند قسەیەکی قەبەی سەرکردە کوردەکان دەرناچێت، ئەوا نیگەرانییەکە هیچ ئاسەوارێک بە جێناهێڵێتو دواجار قورسایی سیاسییو ڕاسگۆیی کوردیش کەمدەکاتەوە.

گەلێک نموونەی دەربڕینی نیگەرانیی کوردمان لەبەردەستدان، لەسەر کێشەگەلێک کە حکومەتی عێراق پێچەوانەی خواستی دۆزی کورد بڕیاریداوەو کوردیش تاکە چەکی تەنهاو تەنها ناڕەزایەتییو نیگەرانیی بووە، بەڵام ئەنجام کورد نەیتوانیوە ڕێگریی بکات لەو بڕیارو یاسایانەی کە دژی دەرکراون، پەکخستنی مادەی (١٤٠)و ئیفلیجکردنی لەکاتی دیاریکراوی خۆیدا، یەکێکە لە زەقترین نموونەی ئەو نیگەرانییانەی کورد، کە ئەگەر کەمێک بگەڕێینەوە دواوە، ئەو لێدوانە ڕەسمییانەی فەرمانڕەوایانی کورد بهێنینە پێش چاوی خۆمان، دەزانین کە چەند لێدوانی گڕاوییو نیگەرانییەکی پڕسەنگ بوو، بەڵام چەند ساڵێک بەسەریدا تێپەڕی، کەچی کورد وەک ئەوەی نە بای دیبێت نە بۆران، نە هیچی پێکراو نە هەڵوێستی تریشی هەبوو. کەمکردنەوەی کورسییەکانی کورد لە پەرلەمانی عێراقدا، نموونەیەکی ترە لە نیگەرانیی کوردو نەبوونی کردار دوای نیگەرانییەکە، کە دیسانەوە ئەمەشیان بیرچووەوەو هیچ کردارێکی سەرکردایەتی کوردی بە دوای خۆیدا نەهێنا.

لە گەرمترین بابەتی ئەم هەفتەیەدا، لابردنی بڕگەی «نەتەوە»یە لەسەر فۆرمی سەرژمێریی گشتیی دانیشتووان لە عێراقدا، وەک بینیمان کورد بە فەرمیی نیگەرانیی خۆی دەربڕی لەسەر لابردنی ئەم بڕگەیە کە خۆی لە پەکخستنو کات بەڕێکردندا دەبینێتەوە لەسەر کێشەی ناوچەدابڕێنراوەکان، هەرچەندە پرسیارێکی کلاسیکی خۆی دەهێنێتە پێشو دەپرسێت، ئەگەر سەرۆک کۆمار کورد، جێگری سەرۆک وەزیران کورد، چەند وەزیرێک کورد بن لە بەغدا، بۆ هەڵوێست وەرناگرنو نیگەرانیی فەرمیی دەسەڵاتی کورد لە بەغدا دەرنابڕن؟، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا، نیگەرانیی فەرمانڕەوایانی کورد لە کوردستاندا، ئەگەر وەک نیگەرانییەکانی پێش خۆی، تەنیا لە ڕاگەیاندندا خۆی ببینێتەوە، جگە لە زەرەرگەیاندن بە کوردو دۆزی «کاریگەریی دانیشتووان وەک کارتێکی سیاسیی»، هیچ هیوایەک لەگەڵ خۆیدا هەڵناگرێت، چونکە کاتێک حکومەتێکی ماوەبەسەرچووی وەک حکومەتی عێراق کە توانای هیچی نەماوە، تەنیا بۆ وێژەی کورد، بتوانێت بڕیارێکی وا دەربکات، کوفری سیاسییە کە دەسەڵاتدارەکانی کورد لە بەغدا بە پشتیوانیی سەرۆکایەتی هەرێم، حکومەتی هەرێمو پەرلەمانی کوردستان، نەتوانن ببنە خاوەنی هەڵوێستێکی جدییو بتوانن کاردانەوەیەکی عەمەلییان هەبێت کە حکومەتە ماوەبەسەرچووەکەی ئێستا، ئیفلیجتر بکات، تا ناچاری بکات بە ملدان بۆ سەرژمێرییەکی دادپەروەرانە بە بڕگەی نەتەوەوە، بۆیە دەبێت کورد وریایانە مامەڵەبکاتو کارتی سیاسیی تر ئامادەبکات، بۆ ئەگەری بەدەنگەوە نەهاتنی حکومەتی عێراق بەدەم نیگەرانییەکانی کوردەوە لەسەر لابردنی بڕگەی نەتەوە لە فۆرمی سەرژمێریدا، دەنا ئەم نیگەرانییەش وەک ئەوانەی پێش خۆی، هەر قسە دەبێت، بەبێ کردارو ئەنجام.

# تێکدانی بۆندی نێوان پیشەو خاوەن پیشە جیاوازەکان

د.محەمەد ئەمین عەلی عومەر *



ماوەیەکە (بەرزکردنەوەی نرخی کلینکی پزیشکییەکان) زۆر لە قەبارەی خۆی زیاتر گرنگی پێدراوە، وەک ئەوەی لە سیستمی تەندروستیی کوردستاندا، لەم بابەتە مەترسیدارترو نادادپەروەرتر نەبێت‌و لە میدیا بینراو، بیستراوو نووسراوەکاندا ئەم بابەتە دەورووژێنرێت‌و بۆچوون‌و لێکدانەوەی دوور لە راستی بۆ دەکرێت، ئێمەش پێشتر لە روانگەی هەستکردن بە ئینتماو دڵسۆزیمان بۆ کۆمەڵگا، لەگەڵ ئەو رێکخراوانەی کۆمەڵگەی مەدەنی کە کەمپینەکەیان ئەنجام دابوو، کۆبووینەوەو گفتوگۆمان کرد، بەڵام بەداخەوە، لەوە دەچێت کە مەبەستی سەرەکییان خزمەتکردن‌و روونکردنەوەی راستییەکان نەبێت وەک خۆی، هیچ نەبوایە بۆچوونێک لەو بۆچوونانەی ئێمەیان بڵاوبکردایەوە، یان هەر باسێکیان بکردایە! ئەگەر زیادکردنی نرخی عیادەکان، پێوانەی نیشتمانپەروەریی‌و خزمەتکردنی کۆمەڵگا بێت، باشتر وایە کلینیکەکانمان دابخەین‌و وازیش لە پیشەکانمان بهێنین، چونکە بەدرێژایی ئەم ماوەیە، رۆشنبیرێک، ئەکادیمییەک، ئەفسەرێک، هاوڵاتییەک بە شێوەیەکی بەرچاو بەرگریی لە تێکدان‌و شێواندنی بۆندی پیشەو پیشەکارە جیاکان نەکرد کە کۆڵەکەی کۆمەڵگان، نامەوێت لێرەدا بەرگریی لە پزیشک بکەم وەک ئەوەندە لە پیشەکە، چونکە تانەگرتن لە پیشەو زانستی پزیشکی، زەنگێکی سامناکە هەر هۆیەکەوەبێت، بۆیە دەمەوێت لە رێی ئەم چەند خاڵەوە، بتانگەیەنمە ناخ‌و هەستی ئەو دەستە پزیشکییەی کە لە سێکتەری تەندروستیدا کاردەکەن، بە هیوای ئەوەی دواتر خۆتان بریار بدەن کە کێ بەدوای دادوەریی کۆمەڵایەتیدا دەگەڕێت.

١- کاری پزیشکی، کارێکی پیشەییە وەک هەر پیشەیەکی تر: یەکێکە لەهەرە پیشە هەستیارو ئاڵۆزەکان کە پێویستی بە بنەمایەکی زانستییە لە چوارچێوەی یاساو رێسایەکی جیهانی تایبەت، ناسراوە بە رەوشتی پزیشکی، بە رەچاوکردنی پیرۆزیی مرۆڤ‌و مافەکانی کە بەشێوەیەکی راستەوخۆ کار لەسەر باری فیزیکی‌و دەروونیی ئادەمیزاد دەکات.

٢- کە دەڵێین، کاری پزیشکی، کارێکی مرۆڤانەیە: بەو مانایە نییە کە کارمەندانی ئەم سێکتەرە، بۆیان نەبێت باری ئابووریی خۆیان‌و خێزانەکانیان باش نەکەن لەژێر رۆشنایی یاساو رێساکان، پیشەی پزیشکی کاتێکی تایبەتی بۆ نییە، لە هەموو ئان‌و ساتێکدا نەخۆش دەتوانێت سەردانی نەخۆشخانەو دەزگا تەندروستییەکان بکات‌و کەی پێویستی بەچارەسەری پزیشکی بوو، چارەسەری دەکرێت کە ئەمە لە هیچ پیشەیەکی تردا بوونی نییە، لەزۆربەی وڵاتانی جیهاندا، حکومەت هەڵدەستێت بە بەرزکردنەوەی ئاستی ژیانی پزیشکان، بۆئەوەی بیر لەباری ئابووریی نەکەنەوەو بەکارە پزیشکییەکەیانەوە خەریک بن، با بزانین لێرە وایە؟

لە رووی بارە دەروونییەکەوە، تا کلینیکی تایبەتت نەبێت، متمانەی زانستیی لای هاوڵاتییانت بۆ دروست نابێت، بۆ نموونە لە کلینیکە ئیستیشارییەکان کە نرخی پسولەی بینینی نەخۆش (٣)هەزار دینارەو پزیشکی زۆرپسپۆڕو شارەزای لێیە، زۆربەی نەخۆش ناچێت بۆچارەسەرکردن، چونکە لای ئەوان ئەمە پزیشکی گەورە نییە، هەر لەبەرئەوەی کلینیکی تایبەتی نییەو ئەگەر کلینیکی تایبەتیشی هەبوو، بەڵام نرخی کلینیکەکەی کەمتربوو لە هاوڕێکانی، وا دەزانن کە دکتۆری گەورە نییە! لەگەڵ ئەوەشدا زۆر لە پزیشکان تا ئێستاش نرخی کلینیکەکانیان زیاد نەکردووە، کەچی هیچ کامێک لەو پەنجا کۆمەڵگای مەدەنییە، باسیان لەم راستییە نەکردووە ...بۆ!!

٣- ئایا پزیشکەکان بە پارەی کلینیک دەوڵەمەنددەبن: لە شارێکی وەکو سلێمانیدا، بەپێی قسەی لێپرسراوێکی باڵای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، سلێمانی خاوەنی دوو هەزار ملیاردێری دۆلارە، باشە چەند دەوڵەمەند لەمانە پزیشکن! یەک، یان دوو! تۆ بڵێی بەکاری پزیشکی بووبن بە ملیاردێر، ئەگەر رۆژی هەزار نەخۆشیشیان بینیبێت، تا ماون نابن بەملیاردێر، هەر چەندە ئێمەی پزیشک، باش دەزانین کە ئەوانە بەچی بوون بە ملیۆنێرو ملیاردێر، خۆزگە هاوڵاتیش ئەم راستییەیان دەزانی! هەرچەندە هیچ لەبارودۆخەکە ناگۆڕێت.

٤- میللەت پێویستی بە خواردنە، یان دەرمان: روونتر، ئایا خواردن گرنگترە بۆ ژیانی ئادەمیزاد، یان دەرمان؟ بێگومان خوادن. ئاسایشی خۆراک یەکێکە لەبنەما سەرەکییەکانی دەوڵەت، بۆ ئەوەی کۆمەڵگایەکی تەندروستت هەبێت‌و تەمەنی هاوڵاتی بەرزبکەیتەوەو لەنەخۆشی بپارێزیت، پێویستت بە پاراستنی ئاسایشی خۆراکە، لە وڵاتێکی فەقیری وەک هیندستان کە زیاتر لە پەنجاملیۆن فەقیریان هەیە، خزمەتگوزاریی تەندروستی بەرەو دواوە دەگەڕایەوە، لەبەرئەوەی بودجەیەکی زۆریان پێویست بوو بۆ کڕین‌و دروستکردنی دەرمان کە حکومەتەکەیان نەدەپەرژایە سەری، بیریان لە رێگا چارەیەک کردەوە، ئەویش لە رێگای کۆنترۆڵکردنی جۆرو کوالیتی خواردن، بەمە توانییان کۆنترۆڵی نەخۆشییەکان بکەن.

پێویستە، خۆمان لەناوخۆی کوردستان، گرنگی بدەین بە جۆرو کوالێتیی خواردن‌و هۆشیاریی خواردن لای هاوڵاتی بەرزبکەینەوە، تا کۆمەڵگایەکی تەندروست بەرهەم بهێنین.

٥- کارکردن بە مافی نەخۆش: باشتر وابوو، ئەم کۆمەڵگای مەدەنییە، کاریان لەسەر مافی نەخۆش‌و پابەندبوونی نەخۆشخانەو دەزگا تەندروستییەکان بەدەقی مافەکانی نەخۆش بکردایە، بۆ دابینکردنی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، بە رای من، نەک پێویستە نەخۆش مافەکانی خۆی بزانێت، بەڵکو دەبێت پراکتیزەیان بکات بە شێوەیەکی زانستیی‌و دروست، هەر بۆ ئەم مەبەستە، بابەتێکم نووسیووە بۆ رۆژنامەکان سەبارەت بە مافی نەخۆش کە لە بەیاننامەی (کۆمەڵەی نەخۆشخانەکانی ئەمریکا) بۆ مافی نەخۆش لە ساڵی (١٩٧٣)وە پێداچوونەوەکانی ساڵی (١٩٩٢) زاینیدا هاتووە، کە (١٢)بەندی لەخۆگرتووە، بۆ بۆئەمە کەمپین ناکەن، ئایا بەمە خزمەتی زیاتر ناکەن؟

٦- تێچوونی نرخی کاری پزیشکی، تەنیا پزیشک ناگرێتەوە: کە نەخۆش دەڕوات بۆ کلینیک، بێجگە لە پسوڵەی پزیشکی، چارەسەر پێویستی بە ئازمایشی تاقیگە، تیشک‌و سۆنار، ئیکۆ، زۆر ئازمایشی پێشکەوتوو، وەک رەنینی موگناتیسی‌و سیتیسکان‌و هتد هەیە، لەگەڵ دەرمانساز کە هەریەک لەمانە بڕێک پارەی دەوێت، زۆرجار دووقات‌و سێقات چەند قات لە نرخی پزیشکەکە زیاترن! کەچی لەباسکردندا هەمووی لەسەر پزیشکەکە حیساب دەکەن، بەڵام ئەم کەمپەینە بەڕێزەی کۆمەڵگەی مەدەنی کە ئەزموونێکی بەرچاویان هەبووە لە بابەتە کۆمەڵایەتییەکان‌و خزمەتکردنی کۆمەڵگا، بەم بڕە پارە کەمەوە نووساون‌و بەهیچ شێوەیەک باسی دەرمان‌و ئازمایشەکانی تریان نەکردووە، کە چەند بەرزبوونەتەوەو باری سەرشانی ئابووریی نەخۆشیان گران کردووە، پێویست بوو باسی بازرگانیی دەرمان‌و پێداویستی پزیشکی‌و تاقیگەیان بکردایە، داوای کۆنترۆڵکردنی جۆری دەرمان‌و دانانی یەکخستنی نرخەکانیان بکردایە، بۆچی ناپرسن، کێن ئەوانەی بازرگانی بە دەرمان‌و پێداویستی پزیشکی‌و تاقیگەکانەوە دەکەن؟ ئایا کۆنترۆڵکردنی ئەمانە، خزمەتی زیاتر بە نەخۆش‌و کۆمەڵگا دەکەن، یان ئەم کەمپەینە دژ بە پزیشکە!

٧- هەموو شتێک روو لە بەرزبوونە: چ کەرەستەو شتومەک، چ هەقدەستی کار، لەگەڵ ئەوەی خۆمان خاوەنی سامانی سروشتی جۆراوجۆرین، نەوت بە قاچاخ دەفرۆشرێت بەدەرەوەی هەرێم‌و کەس نازانێت داهاتەکەی بەرەو کوێوە دەڕوات، سەرەڕای ئەمەش لەماوەیەکی کەمەدا نرخی یەک لیتر (یەک لیتر) بەنزین حەوت سەدو پەنجا دیناری عێراقی زیادی کردو کەسیش کەمپەینی دژ بەم زیادبوونە سەیروسەمەرەیە نەکرد! کە ئەمە گیرفانی هەموو هاوڵاتییان دەگرێتەوە بە نەخۆش‌و ساغەوە، بەڵام نەک کەس کەمپەینی دژ نەکرد، بەڵکو هەرباسیش نەکرا، بۆچی؟! هەرچەندە باسی ئەوەش ناکەم، بۆ لە پارێزگاکانی کوردستان نرخی بەنزین لە پارێزگاکانی تری عێراق زیاترە، باشە کێ لەکوردستان بازرگانیی نەوت دەکات؟

٨- پێداویستیی کلینیکە تایبەتەکان: پزیشکێک بۆ ئەوەی کلینیک بکاتەوە، پێویستی بە جێگایەکەو دەبێت بەکرێ بیگرێت، پێویستی بە دوو جۆری کارەباو ئاوو خزمەتگوزاریی تر هەیە، دەبێت سکرتێرو کارمەندی هەبێت، پێویستی بە پێداویستی پزیشکی هەیەو... هتد، ئەمانە هەمووی روو لەگران بوونن، هەموو پزیشکەکان وەک یەک نەخۆش نابینن، لە شارێکدا سێ چوار پزیشک نەخۆشی زۆریان هەیە، هەندێک پزیشکمان هەیە، پارەی عیادەکەی دەرناکات‌و ناچار واز دەهێنێت، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر لە پزیشکان نرخەکانیان زیاد نەکردووە، لە زۆر شوێنی دنیا حکومەت خۆی یارمەتی سێکتەری تەندروستی تایبەت دەدا لە هەموو روویەکەوە، بە دانی قەرزو نەهێشتنی گومرک لەسەر ئەو کاڵا تەندروستی‌و پزیشکییانە، لە رژێمێکی دیکتاتۆریی وەک سەدام حسێندا کە دوژمنی پزیشک بوو، زۆر ئاسانکاریی دەکرا بۆ سێکتەری تایبەت، ئەی بۆ ئێستا هیچ ئاسانکارییەک ناکرێت، ئەمەش بۆیەکی ترە؟ کە پێویستی بە وەڵام هەیە.

٩- سیستمی تەندروستیی کوردستان، جیاوازیی فەقیرێکی نەبوو و دەوڵەمەندێک ناکات: لەم سیستمە ئیفلیجە کۆنە گرانبەهایەدا، کاری پزیشکی بۆ فەقیرێکی نەبوو لەگەڵ ملیاردێرێک بە یەک شێوە دەکرێت، هەندێک جار دەوڵەمەندەکە لەبەر خاتری ئەم‌و ئەو، خزمخزمێنەو حیزبایەتی، کارەکانی باشتر بۆ دەکرێت، ئەو پسوڵە رەمزییەی لە فەقیرەکە وەردەگیردرێت، لە دەوڵەمەندو دەستڕۆیشتووەکان وەرناگیرێت، سەیری ئەم عەدالەتە بکەن‌و بزانن کێ دروستیکردووە، ئایا ئەمە پێویستی بە کەمپەین کردن نییە؟

سەرەڕای ئەم هەموو کەموکووڕییەی سیستمی پزیشکی کوردستان، نەمانبیست نەخۆشێک لەبەر نەبوونی پارە، خزمەتگوزاریی فریاگوزاریی بۆ نەکرابێت، لە وڵاتێکی پیشکەوتووی وەک ئەمریکادا، ئەگەر دڵنیایی تەندروستیت نەبێت، هیچ نەخۆشخانەیەک ناتگرێتە خۆی، ئەگەر لەسەر مردنیش بیت.

١٠- لە بەڕێوەبردنی کەرتی تەندروستیدا، سێ فاکتەری گرنگ هەن: ١- ژێرخانی ئابووریی تەندروستی‌و پزیشکی. ٢- سامانی مرۆیی تەندروستی‌و پزیشکی. ٣- ئەو سیستمەی کە ئەو ژێرخانە ئابووریی‌و تەندروستی‌و پزیشکییە دەبەستێتەوە بە سامانە مرۆییە تەندروستی‌و پزیشکییەوە بۆ خزمەتکردنی سامانی مرۆیی گشتیی وڵات بە یەکسانی، باشتر وایە کار لەسەر ئەم سێ فاکتەرە گرنگە بکەین، بۆ نموونە: ئێمە لە نەخۆشخانەی فێرکاریی، رۆژانی سێشەممە، حەوت پزیشکین کە بەهەموومان چوار هۆڵی نەشتەرگەریمان هەیە، دەبێت لەنێو خۆماندا رێبکەوین لە کردنی نەشتەرگەرییەکان، باشە ئەگەر حەوت ژووری نەشتەرگەریمان هەبووایە، ئەوا ژمارەی نەشتەرگەرییەکانمان زیاتر دەکردو پێویستی زۆرمان بە نەخۆشخانەی تایبەت نەدەبوو، هەر ئەمەشە نەخۆش ناچار دەکات کە لە نەخۆشخانەی خۆیی کاری بۆی بکرێت بە پارە، ئەگەر نەخۆشخانە چوارسەد قەرەوێڵەییەکە (ئەو نەخۆشخانەیەی بە دەردی قیتارەکەی سلێمانی چوو)، تەواوبکرایە، نەخۆش پێویستی بە نەخۆشخانەی تایبەت نەدەبوو، ئایا ئەمە خەتای کێیە؟ بڵێی ئەمەش خەتای پزیشکان بێت! ئەی باشە بۆ کەمپەین بۆ تەواوکردنی نەخۆشخانە چوارسەد قەرەوێڵەییەکە نەکرا؟ باشە کۆمەڵگای مەدەنی، وەرن با بەیەکەوە کەمپەینێک بکەین‌و پارە کۆبکەینەوە بۆ تەواوکردنی نەخۆشخانە چوارسەد قەرەوێڵەییەکە وەک نەخۆشخانەی شێرپەنجەی منداڵانی میسر.

١١- بوونی کلینیکی تر لە بری کلینیکە تایبەتییەکانی پزیشکان: بەڵێ، لە شارێکی وەک سلێمانیدا، بێجگە لە کلینیکە تایبەتەکانی پزیشکان‌و نەخۆشخانەو بنکە تەندروستییەکانی حکومەتن، دەیەها کلینیکی میللی‌و کلینیکی ئیستشاری هەن کە نەخۆش بە (٣)هەزار دینار دەبینن، هەموو جۆرە پزیشکێکی پسپۆڕیان تێدایەو هەندێک لەو پزیشکانە نازناوی پرۆفیسۆریشیان هەیە، دەرمان‌و ئازمایشەکانیشیان زۆر هەرزانترە، بۆچی نەخۆش سەردانی ئەم جۆرە کلینیکانە ناکات بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشییەکەی لە بری کلینیکە تایبەتەکان.

١٢- راستییە دیارەکە: ئەوەی من ئاگاداربم، وەک ئەندامێکی باڵای سەندیکای پزیشکانی کوردستان، زۆر لە پزیشکان داوای زیادکردنی نرخی کلینیکەکانیان دەکرد بە پاساوی ئەوەی لە هەولێرو دهۆک، نرخی عیادەکان زۆر زیاترن‌و تەنانەت نرخی نەشتەرگەرییەک لە هەولێر، دووقات‌و سێقاتە لەگەڵ ئەوەی شتومەک‌و کرێی خانووبەرە لە سلێمانی زۆر زیاترە لە هەولێر، بەڵام لەبەر باری ئابووریی خەڵکی، ئەم زیادکردنە لەلایەن سەندیکاوە نەکرا تا وایلێهات، هەندێک لە پزیشکان بیریان لەوە کردەوە، رووبکەنە هەولێر بۆ کارکردن، چونکە بێجگە لە قازانجە ئابوورییەکە، لەباری دەروونیشەوە پاڵەپەستۆیان کەمتر لەسەر بوو، سەرەڕای کەمیی کاری نەخۆشخانە حکومییەکانی هەولێر، بۆیە لە رێی سەندیکای پزیشکانەوە بیر لەوەکرایەوە، بە زیادکردنی نرخی کلینیکەکان لە سلێمانی‌و دابەزاندنیان لە شوێنەکانی تری کوردستان، ئەمە راستیی مەسەلەکەیە. لە کۆی کلینیکە تایبەتەکانی سلێمانی، تەنیا (٢٧)دکتۆر بیست هەزارەکە دەیانگرێتەوە، (٧٦) دکتۆریش پانزە هەزارەکە دەیانگرێتەوە، ئەم کەمپەینە گەورەیە لەبەر زیادکردنی نرخی کلینیکی ئەم چەند پزیشکانە کرا، کە زیاتر لە (٣٠)پزیشکیان تا ئێستاش نرخی کلینیکەکانیان زیاد نەکردووە، ئەوەی جێی گومانی پزیشکانە بۆ ئەم کەمپەینە، باسی ئەو پزیشکانەی نەکردووە کە بەم بڕیارە نرخەکانیان هاتووەتە خوارەوە، دوای ئەوەی بەم بڕیارە، نرخەکان لەسەرتاپای کوردستان یەکخران؟! لە کۆتاییدا، دەمەوێت پرسیارێک لە رێکخەرانی ئەو کەمپەینە بکەم، ئایا خەڵکانی ئەو ناوچانەی کە نرخی عیادەکانیان زۆر زیاتر بوون لە پێویست‌و ئێستا بەم بڕیارە کەمکراونەتەوە، فەقیرو هەژار نین، یان مافی مرۆڤی نەخۆش نایانگرێتەوە؟

**بەهیچ شێوەیەک باسی دەرمان‌و ئازمایشەکانی تریان نەکردووە کە چەند بەرزبوونەتەوەو باری سەرشانی ئابووریی نەخۆشیان گران کردووە**



* پزیشکی نەشتەرگەر

# کـێ ئـازادە؟



محەمەد ئەمین گەناوی
مامۆستا لە زانکۆی سلێمانی

لەمێژووی بیری سیاسیی‌و خەباتی مرۆڤایەتیدا، هیچ وشـەو زاراوەو دروشمێک، ئەوەندەی وتەی ئازادیی نەوتراوەو نەخوێنراوەتەوە، هەمیشە ئازادیی بە مانا گشتییەکەی، ئەوە بووە کە مرۆڤ ئازاد بێت لەو شتانەی کە ڕێگرن لەبەردەم ئەو شتانەی کە مرۆڤ ئارەزوویان دەکات لەچوارچێوەی ئەو سنووردا کە بیرو سلوکو مەزاجی تاک، بڕی دەکات لەکۆمەڵگەدا، بڕی (دووری) ئەم بیرو سلوکو مەزاجە، پەیوەندیی بەئاستی شارستانی فەرهەنگی‌و هۆشیاریی کۆمەڵگەوە هەیە.

تا ئاستی هۆشیاریی‌و فەرهەنگیی کۆمەڵ باڵاتر بێت، ئـەوا بـڕی بیرو ئەندێشەو مـەزاجو سلوک فراوانتر دەبێت‌و بەپێچەوانەوە تەسکتر دەبێت.

هەمیشە گرفتی پیادەکردنی ئازادیی چ لەسەر ئاستی تـاک، فەرهەنگیی‌و سیاسیی ئەوە بووە کە بڕی، یان دووریی بیری ئازادیی زیاتر بووە لەو مەودایەی کە واقیعی سیاسیی‌و فەرهەنگیی‌و شارستانی سـنـووری بـۆ دانـاوە، لەواقیعدا بڕی (دووری) بیری ئازادیی بـووە کە هەمیشە جوڵێنەری تاکو کۆمەڵگە بووە کە بە درێژایی مێژوو مرۆڤی لەقۆناغێکەوە گواستووەتەوە بۆ قۆناغێکی دیکە، چونکە ئەگەر بیری ئازادیی تەنیا لە سنوورو مەودای ئەوەدا مابایەوە کە کۆمەڵگەو دەسـەڵات‌و شارستانی‌و فەرهەنگ سنووری بۆ کێشاوە، زیاتر بڕی نەکردایەو دوورتر لەم سنوورانە نەڕۆشتبایە، ئەوا هەرگیز کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی نەدەگەیشتە ئەم قۆناغە مێژووییەی ئەمڕۆمان، هەروەها ئەگەر بڕو مەوداو دەرکی ئازادیی هاوڕا نەبوایە بە بەرپرسیارێتی، بەتایبەتی لەدوای دەورانی ڕێنیسانس‌و مێژووی نوێدا، ئەوا نە فەرهەنگی سیاسیی‌و کۆمەڵایەتی نە گەشەی دیموکراسیی‌و شارستانی، نەدەگەیشتە ئاستی ئەمڕۆ.

ئازادیی، جگە لـەوەی کە ئامانجی سەرەکی ژیانە، پێوەری سەرەکیشە بۆ فۆرمی ژیان‌و شادیی‌و خۆشگوزەرانی هـەر تـاکو کـۆمـەڵـگـەیـەک، چونکە لـەئـازادیـدا دەتـوانـرێـت راستـی‌و دادپـەروەریـی‌و هـەروەهـا یاساو دەستووری مرۆڤدۆستانە بەرقەرار بێت.

لەهەر شوێنێک یاساو دەستوور لەگەڵ ئازادیی بوونیان هەبوو، ئەوا ئـەو شوێنە جێگەی دروستبوونی کۆمەڵگەی دادپـەروەرو تەندروستە، لەهەر شوێنێکیش یاساو دەستوور بەبێ ئازادیی هەبوون، ئەوا ئەو شوێنە بەرەو ستەمکاریی‌و نادادپەروەریی دەڕوات، بۆ ئەمە دەتوانین ڕژێمی نازیی‌و ڕژێمە بەناو کۆمۆنیستەکانی سەدەی بیستەم‌و ڕژێمە دیکتاتۆرەکانی دیکەی وڵاتانی دنیای سێ، لـەوانە ڕژێـمی بەعس بەنموونە بهێنینەوە.

ئازادیی، جگە لـەوەی کە مافێکی سروشـتـیـیـە بـۆ هـەر مـرۆڤـێـک، هەروەها پێویستە کێشە بۆ گەشەی دادپەروەریی، ئابووریی، فەرهەنگیی، کۆمەڵایەتی لەگەڵ گەشەی کارگێڕیی‌و ڕێکخستن، بۆیە هەر گرووپو حیزب‌و ڕێکخراوێک، لەوپەڕی چەپ تا ئەوپەڕی ڕاست، لەوپەڕی ئاینیی تا ئەوپەڕی علمانی، بانگەشە بۆ ئازادیی دەکات، هـەر ئایدیاو بیرو ئایدۆلۆجییەک بەگوێرەی جیهانبینی خۆی پێناسەی ئازادیی کـردووەو دەکـات، هەروەها هەموو دەسەڵاتەکانیش لەمێژووی کۆن‌و تازەدا، بەگوێرەی بەرژەوەندیی‌و دنیابینیی خۆیان، سنووری ئازادییان دیاریکردووە چ لەسەر ئاستی ئازادیی کۆمەڵایەتی، ئابووریی‌و فەردی.

تێگەیشتنی (مفهوم)ی ئازادیی‌و مانای ئازادیی بەشێوەیەکی ڕێژەیی جیاوازە لەکۆمەڵگەو فەرهەنگو شارستانییەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی دیکە کە پەیوەندیی بەئاستی ئاگایی، پێشکەوتنی ئابووریی‌و زانستیی‌و کۆمەڵایەتییەوە هەیە.

بۆ نموونە ئەوەی ئەمڕۆ لەکۆمەڵگەی کوردیدا، بە ئازادیی دادەنرێت‌و خەباتی بۆ دەکرێت لەسەر ئاستی سیاسیی، ئـابـووریـی‌و کۆمەڵایەتی‌و فـەردی، لەکۆمەڵگەیەکی ئەفریقی، خۆرئاوایی، یان ئاسیایی هەتا ئەگەر بە ئازادیی دابـنـرێـت، ئـەو مـانـاو تێگەیشتنەو گرنگییەی نییە وەکو کۆمەڵگەی کوردی، یان گەلانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، یان کۆمەڵگەی ئیسلامیی بەشێوەیەکی گشتیی.

داوای ئازادیی هەمیشە تایبەت بووە بەو کەس‌و گرووپو چین‌و هەتا گەلانەی کە لەبەدەستهێنانی ئازادییدا ڕێگرییان لـێ دەکـرێـت‌و کـراوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە بوونی ئازادیی بۆ کەس‌و چین‌و گرووپێک بووەو بۆ ئەوانی دیکە نەبووە، واتە ئازادیی بووەتە ئیمتیاز بۆ گرووپێک، کەسێک یان گەلێکو بە وتەی ڕۆزا لۆگزمبۆرگ، هەر کاتێک ئازادیی بوو بە ئیمتیاز لەکۆمەڵگەیەکدا، ئەوا ئازادیی لەو کۆمەڵگەیەدا نییە، هەتا لەکۆمەڵگە مۆدێرنەکانی ئەمڕۆماندا کە بە یاساو دەستوور ئازادیی سیاسیی‌و فەرهەنگیی‌و هەتا دینـی‌و فـەردی فەراهەم کراوە، بەڵام ئازادیی لەبواری ئابووریدا بووەتە ئیمتیاز، واتە ئەوانەی کە لـەبـواری ئابووریدا باڵادەستن، ئازادیی زیاتریان هەیە بۆ پیادەکردنی ئارەزوو خولیاکانیان لەچاو ئەوانەدا کە لەبواری ئابووریدا بێدەسەڵاتن، یان هەژارن.

ئەمە لێرەدا، ئەم پرسیارە دروست دەکـات، ئیتر کـێ بڕیار دەدات کە پێناسەی ئازادیی‌و سنووری ئازادیی چییەو لەکوێیە؟! بـۆ وەڵامـی ئەم پرسیارە دەتوانین بڵێین، ئەمڕۆ دوو ستاندارد بۆ پێناسەو سنووری ئازادیی هەیە لەسەر ئاستی جیهانی (global)و میللی (national)، مەبەست لەئاستی جیهانی هەموو ئەو بڕیارو پێناسەو جاڕنامە نـاو نەتەوەییانەیە کە لە

> لەهەر شوێنێکیش یاساو دەستوور بەبێ ئازادیی هەبوون، ئەوا ئەو شوێنە بەرەو ستەمکاریی‌و نادادپەروەریی دەڕوات

نەتەوەیەکگرتووەکان‌و ڕێکخراوەکانی دیکەی جیهاندا هاتووە، وەکو جاڕنامەی مافی مـرۆڤ، کە لـەوێـدا مافەکانی مرۆڤ‌و ئازادییەکانی مرۆڤ پێناسەو شرۆڤە کراوە.

لەسەر ئاستی میللی، یان حکوماتی میللی (national states) لەهەر وڵاتێک، بەپێی ئاستی فەرهەنگو شارستانی‌و پێشکەوتنی ئابووریی‌و بازاڕ ئازادیی پێناسەی میللی کـراوەو سنووری بۆ دانراوە.

بەشێوەیەکی سروشتی، هەر شتێک پێناسەی بۆ کرا، ئەوا فۆرمو یاساو سنووریشی بۆ دادەنرێت، بۆ نموونە لەپێناسەی تەوەری ئەستێرەکان‌و مانگو خۆر سنوورو مەودای ئەوان دیاریی دەکرێت، هەروەها لە کۆچو جوڵەی باڵندەکان سنووری هێڵی کۆچو جوڵە دیاریی دەکرێت، بەهەمان جۆریش لە پێناسەی جوڵەی ئەلکترۆنەکانی گەردیلە مـاوەو سنووریان دیاریی دەکرێت، بەهەمان جۆریش لە کۆمەڵناسیی‌و زانستی سیاسییدا کە پێناسەی ئازادیی دەکرێت، سنووریشی بۆدادەنرێت کە تا چ مەودایەک ئازادیی بڕ دەکات‌و بڕی، یان مەودای ئازادییش هەروەکو لـەسـەرەوە ئاماژەمان پـێـدا، بەندە بەچەندەها فاکتۆر، ماناو تێگەیشتنی ئازادیی لەبوارە جیاجیاکانی ژیاندا، هەم مادیی هەم مەعنەویی‌و هەمیشە پێناسەو سنووری جیاوازی هەبووەو هەیە، بەڵام لەژیانی هاوچەرخی ئەمڕۆدا ئەم پێناسەو ستاندارە بۆ ئازادیی هەیە کە لە علمانیەتی خۆرئاوادا ماناو تێگەیشتنی هەیە کە لەم چوار خاڵەدا بەرجەستە دەبێت:

١-ئازادیی خاوەندارێتی، ٢-ئازادیی بیروباوەڕ، ٣-ئـازادیـی ڕادەربـڕیـن، ٤-ئازادیی فەردی.

بێگومان ئەم چوار خاڵەش، ئەمڕۆ پایەی هەر سیستمێکی دیموکراسین لە خۆرئاواو وڵاتانی دیکەی دیموکرات لەجیهاندا.

بـەڵام، هـەروەکـو لـەسـەرەتـاوە ئاماژەمان پێدا، هەرکاتێک کە باس لە ئازادیی دەکەین، مەبەست لە ئازادییەکی بەرپرسیارانەیەو بەدڵنیاییش هەموو ئەو کەسانەی ئەمڕۆ لەدنیادا داوای ئـازادیـی دەکـەن، مەبەستیان لە ئازادییەکی بەرپرسیارانەیە، بۆ نموونە لەهەر شوێنێک کە داوای ئەوە بکرێت کە گرووپێک، خەڵکی ئازاد بێت کەڵک لە دارستانێک، یان ڕووبـارێـک، یان کەناری دەریـایـەک، یـان شوێنێکی دیاریکراو وەربگرێت، هەرگیز مەبەست ئەوە نییە کە خەڵک ئازاد بێت داری دارستان ببڕنەوە، یان ڕووبار، دەریا، یـان شوێنێکی دیـاریـکـراوی وەک هاوینەهەوار خـراپ بەکاربهێنن کە ژینگەکەی لەناوبەرن، یان کە باسی ئازادیی خاوەندارێتی دەکرێت، مەبەست ئـەوە نییە کە کەسێک بچێت ئاوی ڕووبـارێـک دەسـت بەسەردا بگرێت بەبێ هیچ بەرامبەرێک، پاشانیش ئاوی ڕووبارەکە بۆ قازانج‌و کەڵکی خۆی بەخەڵک بفرۆشێت.

ئەوەی گرنگە بۆ ماناو تێگەیشتن‌و هەستکردن بە ئازادیی، لەسەر ئاستی فەرد (تاک) ئەوەیە کە مرۆڤ چەندێک لە زاتی خۆیدا ئازادە بەشێوەیەکی ڕاست‌و واقیعانە دوور لەکاریگەریی دەوروبەرو ژینگەی سیاسیی‌و ئابووریی.

بەهەمان جۆر ئازادییەکانی دیکە دەشێت‌و دەبێت ئیجتیهادی مەسئولانەو مەنتیقییانەی بۆ بکرێت تا لەزەمینەی واقیعدا قابیلـی قبووڵ‌و پیادەکردن بێت، هەرکاتێک ئیرادەو ویستی ئازادیی لەهەر بوارێکدا بوو بەپێویست‌و ئامراز لەسەر ئاستی کۆمەڵ یان تاک، ئەوا ئازادیی بۆخۆی مومارەسەکردنی مەنتیقی زەروریی بگێڕێت، ئەوا کاردانەوە لە فۆرمی نارەزاییبوون، یاخیبوون، هەتا شۆڕش خۆی دەبینێتەوە، هەر کاتێک مرۆڤ لەویژدان‌و ڕوح‌و عەقڵدا هەست بەپێویستی ئازادیی نەکات‌و هەروەها هەست بە ئارامیی‌و ئازادیی نەکات، ئەوا نە دەتوانێت ئازادیی بەدەستبهێنێت‌و نە لەواقیعدا بە ڕاستی هەست بەئازادیی دەکات‌و بە وتەی گۆتە: هیچ کەس لەوانە زۆرتر بێهیواترو بەندەتر نییە کە بەدرۆ (ساختە)باوەڕیان وایە کە ئازادن.

ئەم گوتەیەی گۆتە، پرسیارگەلێک دروسـتـدەکـات لـەسـەر هـەر تـاک‌و گرووپێک، کە ئایا هەر یەکێک لە ئێمە بە ڕاستی ئازادە؟و کـێ‌و لەکوێ‌و لەچ حاڵەتێکدا تەزاهور بەئازاد بوونەوە دەکـرێـت بـۆ ئـەوەی بـەنـدەبـوون دابپۆشرێت، ئایا بە ڕاست هەریەکێک لە ئێمە بەپلەی جیاواز بەندەین بەبێ ئەوەی بەخۆمان بزانین؟

بـوونـی ئـازادیـی، هەستکردن‌و ئاگاداریی ئازادییەوە مومارەسەکردنی ئازادیی لەهەموو بوارەکانی ژیاندا، پەیوەندیی بە ئاستی فەرهەنگیی‌و هۆشیاریی‌و شارستانی هەر تاک‌و کۆمەڵ‌و گەلێکەوە هەیە لەگەڵ گەشەو پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی‌و ئابووریی.

ئـەو پرسیارگەلەی کە لە وتەی گۆتەوە دروست دەبێت، زیاتر پەیوەندیی بەدنیای تاکەوە (individual) هەیە، یان گرووپی بچووک، بـەڵام ئەوەی پەیوەندیی بە کۆمەڵگەو گەلێکەوە هەبێت کە ئـازادە، یان نا، ناتوانرێت تەزاهوری پێوە بکرێت، بۆ نموونە گەلی کورد ئازادە یان، نا، ناتوانرێت بەدرۆ (ساختە) بڵێین کە ئازادین، مادام ناتوانین کیانی سیاسیی‌و دەوڵەتی میللی (national)مان هەبێت‌و هەروەها هەر گەلێکی دیکە وەکو کورد کە لەقۆناغی خەباتی ڕزگاریخوازیدان، چونکە کە نەتوانین سـەرداری میللییان هەبێت‌و قەوارەی سیاسیی خۆمان هەبێت، ئەوا بێگومان ئازاد نین.

بۆیە گوتەکەی گۆتە، زیاتر ئاراستەی تاک دەکرێت‌و هەڵبەتە لە ئازادیی‌و نائازادیی تاکیشەوە دەتوانین بڵێین، کام کۆمەڵگەیە تا چ ئاستێک ئازادە، یان نا.

بـەڵام، کام تـاک‌و لەچ حاڵەتێکدا بەدرۆ ئازادە؟ بۆ ئەمەو گوتەکەی گۆتە، دەتوانرێت زۆر فراوانتر شیکردنەوەی هەمەلایەنەی بۆ بکرێت، بـەڵام من پێم وایە، هەرکەسێک لەهەر شوێن‌و ئاست‌و حاڵەتێکدا بێت، چەندە ڕاستیی‌و ویژدان‌و قوربانیی بەرژەوەندیی بکات، ئەوەندە لە ئازادیی دوور دەکەوێتەوەو لە بەردەبوون نزیکدەبێتەوە، بۆ ئەمەش نموونە زۆرە، بۆ نموونە زۆرن ئەوانەی کە بۆ بەرژەوەندیی سیاسیی، ئابووریی، کۆمەڵایەتی‌و پلەوپایە پـێ لەسەر ڕاستیی‌و ویژدانی خۆیاندا دەنێن لەو دەوروبەرەی تێیدان، ئەوەندە ئازادییان هەبێت، تا بتوانن مومارەسەی ئارەزوو بەرژەوەندییەکانیان بکەن، بۆ ئەمەش هەم درۆ لەگەڵ ویژدانی خۆیان دەکەن‌و هەم لەگەڵ دەوروبەریان، بۆیە گۆتە ڕاستی فەرمووە کە ئەوانە بەردە کراون، دووبارە بۆ پرسیاری ئەمە کـێ ئازادە؟ دەتوانین بڵێین، ئازادیی ڕاستەقینە لای ئەوانەیە، یان ئەوانە ئازادن کە کردارو گفتارو هەڵوێستیان لەگەڵ ویژدان‌و ڕاستیدایە، بـەرژەوەنـدیـی تایبەتی ناتوانێت جێگەی ئازادییان بگرێتەوە، واتە لەگەڵ ویـژدان‌و هەق‌و ڕاستیدا ڕاستن‌و پرسیاری ئەمەش کێ‌و چۆن ئازاد دەبێت، بابەتێکی دیکەیەو وەڵامی دیکەی هەیە.

---

## لە پەرلەمانەوە



کاردۆ محەمەد
ئەندامی پەرلەمانی کوردستان

# یاسای کۆمەکی ئەحزاب

بۆ تێپەڕاندنی تەنگژەی نێوان ئۆپۆزسیۆن‌و دەسەڵات لەسەر پرسە نیشتمانیی‌و گشتییەکان، کـارکـردن لـەسـەر ئامانجە هاوبەشەکان‌و دروستکردنی زەمینەی (سازان)، پردی گفتوگۆن لە ڕێگای زاڵکردنی عەقڵانییەت بەسەر تاکڕەویی‌و سەپاندن‌و زۆردارەکیدا، ئەمەش تەبا دێتەوە لەگەڵ بنەماکانی دیموکراسیی‌و پێکەوەژیانی سیاسیی، بەرنامەو پێشنیازەکانی ئۆپۆزسیۆنیش بە ئاراستەی چارەسەرکردنی گرفتەکان‌و چاکسازیی لەو ڕوانگەیەوەیە، بەتایبەت لە ڕێی پرۆژەیاساکانی کە پێشکەش بە پەرلەمانی کردووە، ئەگەرچی پرۆژەکان دواخـران، بەڵام لەم هەلومەرجەدا خستنەڕووی پرۆژەکان، بایەخی خۆی هەیە، بە تایبەت پەرلەمان جارێکی تر پرۆژەیاسای بە یاساکردنی کۆمەکی حیزبەکانی خستە بەرنامەی لیژنەکان, بۆ کۆدەنگی لە سەر پێوەرەکان‌و بەرزکردنەوەی ڕاپۆرتی کۆتایی بە مەبەستی خستنەڕووی لە پەرلەمان‌و پەسەندکردنی، ئەمەش هەنگاوێکی پۆزەتیڤە بۆ بە یاساکردنی ئەو کۆمەکەی تەرخان دەکرێت بۆ حیزب‌و کیانە سیاسییەکان بە شێوەیەکی یاسایی‌و کاریگەریی دەبێت لەسەر پەرەدان بە ژیانی سیاسیی‌و بوونی فرەحیزبیی لە ژیانی دیموکراسیدا.

لە لیژنەکانیشدا دوای گفتوگۆیەکی زۆر، کام پێوەر دەبێتە بنەمایەکی بەهێز بۆ ئامانجێکی خـوازراو لە یاساکەدا، هەموو لا کۆک بوون کە ڕێـژەی دەنـگ پێوەرێکی دیموکراسیی‌و دادپەروەرانەیە لە پشتیوانیکردنی حیزب‌و کیانە سیاسییەکان بـەپێی یاسای ئەحزابی ژمـارە (١٧)ی ساڵی (١٩٩٣)، ئەم بۆچوونە بەبێ کۆسپ نەبوو لە بەردەم چەندین پرسیار، کە ئایا ئامانجی دیاریکراو دەپێکێت.

دیاریکردنی ڕێژەیەکی دیاریکراو بۆ هەموو ئەو حیزب‌و لایەنانەی کە مۆڵەتی یاساییان هەیە، لە بەرامبەردا ڕایـەک هەبوو کە ئەمە هاندانی دروستکردنی حیزبی بێناوەڕۆکی کارتۆنییەو بـەلای ئێمەوە، ئەگەر وەزارەتـی ناوخۆ بەدواداچوونی هەبێت لە پیادەکردنی یاسای ئەحزاب، ڕێگریی دەکات لە بوونی حیزبی لەم شێوەیە؟، لە بەرامبەردا ئەو ڕایەی دەڵێت: پێویستە یارمەتی ڕێژەی دیاریکراوی ئەم حیزبانە بدرێت‌و ئامانجییەتی ئەم حیزبانە ڕزگار بکات لە پاشکۆیەتی حیزبە گەورەکان‌و لایەنە دەرەکییەکان، بۆ ئەوەی بوونیان، ڕەوتی سروشتی ئاسایی خۆی وەربگرێت‌و پێویستی گەشەکردنی سیاسیی بێت.

ئەگەر دانانی ڕێژەیەکی دیاریکراو بۆ حیزبەکان، نیگەرانمان بکات کە حیزبی سیاسیی زۆر دەبن لە کوردستاندا، سەرچاوەی کێشەکە ئەوەندەی پەیوەندیی بە جێبەجێکردنی یاساوە هەیە، ئەوەندە پەیوەندیی بە گرفتی ویستی دروستکردنی حیزبەوە نییە، بۆیە بەلای ئێمەوە، ئەو ئاراستەیەی کە پێیوایە، ڕێژەیەکی دیاریکراو بۆ هەر حیزبێک دابنرێت کە مۆڵەتی یاسایی هەیەو کورسیش ئامرازێکی پێوەر بێت بۆ هەموو ئەو حیزبانەی لە پەرلەمان کورسییان هەیە، بە ڕەچاوکردنی حیزب‌و کیانە سیاسییەکانی نەتەوەکانی تر کە کۆتایان هەیە، ڕۆڵێکی کاریگەر دەبینێت لە ڕێگرتن لە تەخشان‌و پەخشانکردنی سامانی گشتیی، چونکە نەبوونی هیچ پێوەرێک، حیزبە سیاسییەکان ناچار دەکات، پاشکۆیەتی قبووڵ بکەن‌و پەنا بەرنە بەر لایەنی دەرەکی لەپێناوی بـەردەوامدان بە ژیانی سیاسییان.

بۆ جێگیرکردنی سیستمێکی دیموکراتی کە هەڵقوڵاوی خواستی جیاوازییەکان‌و کلتووری یەکترقبووڵکردن‌و پاراستنی مافەکان مرۆڤ بێت، دوور لە کۆنترۆڵکردن‌و بە گۆترەبردنی سامانی وڵات کە مەنتیقی هێزو دەسـەڵات ڕەوایەتی دەداتێ، جا هێزەکە ئابووریی بێت، یان سیاسیی، پەسەندکردنی ئەم یاسایە گۆڕانە بە ئاراستەی چاکسازیی لە بوارێکدا کە پەیوەندیی بە ژیانی سیاسییەوە هەیە.

خاوەنی ئیمتیاز: کۆمپانیای وشە
سەرنووسەر: ئازاد چالاک
بەڕێوەبەری نووسین
سیروان ڕەشید ٠٧٥٠١٥٢٢٥٢٨ serwan_rm@yahoo.com
هیوا جەمال ٠٧٧٠١٥٧٦٩٠٦ hiwa.jamal@yahoo.com
لێپرسراوی هونەری
شـاخـەوان ئەنوەر ٠٧٧٠١٣٦١٨٢٦ shakhawan.shdn@gmail.com
کارگێڕیی‌و ریکلام‌و ئاگاداری
٠٧٤٨٠١٢١١٤٤ – ٠٧٧٠١٢٠٣٩٤٩
info. rozhnama@gmail.com
riklam. rozhnama@gmail.com
دابەشکردن:
کۆمپانیای پەیپەر
٠٧٥٠٤٤٨٣٦٣١
٠٧٧٠٨٦٤٩٢١٠
ئۆفیسی سەرەکیی:
سلێمانی – زەرگەتە – گردی زەرگەتە – کۆمپانیای وشە
ئۆفیسی هەولێر:
گەڕەکی زانکۆ – چوارڕێیانی حەمرین – تەنیشت بەڕێوەبەرێتی ژینگە
٠٧٥٠١١٧٧٥٢٤



نەبەز گۆران دەینووسێت

قەڵەمی ژەنەراڵێک

# کوشتنی ئیرادە

ئـەگـەر سیاسیی نـەزانـت هـەبـوو، کۆمەڵگەی ویـران بەجێدەهێڵێت، ئەگەر سەرکردایەتییەکت هەبوو، لەماهیەتیدا کاری لەسەر بەکۆیلەکردنی کۆمەڵگەیەک کرد، ئەوا ئەوکۆمەڵگەیە نیو سەدە هەنگاو دەنێت بۆدواوە. بەر لەسالانی نەوەد، کورد لەم پارچەیەدا، هەمیشە لەبەرگریدا بووە، هەمیشەش ئیرادەیەک هەبووە کە نەهێڵێت، ئەم کۆمەڵگەیە بە قەفەزبوونی خۆی پیشان بـدات، ئیدی ئـەو ئیرادەیە لە شاخەکان بووبێت، یان لەشارەکان، ئومێدک بوونی هەبووەو دوای دەسەڵاتگرتنە دەستی کورد بۆ حوکمڕانیی، بەهۆی نەزانینەوە بووبێت، یان پرۆژەیەکی جدیی بووبێت، هەمیشە ئەو دەسەڵاتە کاری بۆ ئەوەکردووە کە ئیرادەی تاکەکان بکوژێت. کوشتنی ئیرادەی تاک، ئەگەر خەونی دەسەڵاتەکانی پێش کورد نەبووبێت، خەونی دەسەڵاتی کوردیی بووە، هەمیشە لای سیاسییەکانی کورد، کەسی بە ئیرادە جێگەی مەترسی بووەو هەوڵی ناشیرینکردن‌و تەنانەت لەناوبردنیشی دراوەو ترسان لەم ئیرادەیە، ترسانە لە خودی ئازادیی‌و خودی مرۆڤ خۆی، ئەگەر مرۆڤ ئیرادەی بەخشی، ئیدی شتەکانی دیش کە پەیوەستن پێیەوە، دەیانبەخشێت. شەڕی ناوخۆو دوو ئیدارەیی‌و دەستخستنی حیزب بۆناو سەرجەم خاڵەکانی ژیان، چەندە برینێک بوو بۆ تاکی کورد، هێندەش لێدان بوو لەو ئیرادەیەی دەسەڵات لێی دەترسا، وەلێ لەناو کوردا بـەردەوام هێزێک هەیە لەپەرچەکرداردا، هەوڵی زیندووکردنەوەی ئەو ئیرادەیە دەدات‌و تروسکاییەکانی ئەم هێزەش، لەساڵی (٢٠٠٠)ەوە دەرکەوت‌و لە هەڵبژاردنی (٧/٢٥)دا خۆی مانیفێست کرد. هەڵسانەوەی نیو ملیۆن کەس بەپێچەوانەی دەسەڵات، مانیفێستکردنی ئەو ئیرادەیە بوو کە چاوەڕێدەکرا، ئەگەر لەم چرکەساتەدا جارێکی دی حیزبی کوردیی بە مانای دەسەڵاتبەدەستەکان هـەوڵی کوشتنی ئەو ئیرادەیە بدەن، جگە لەکوتانی ئاسنی ساردو زرنگەیەک بۆ گوێیان، سوودێکی دی نابینن، ئەمەش تەنیا پەیوەندیی بەوەوە هەیە کە لەناو ماهیەتی بەشێکی کارەکتەری کوردیدا، هێزێکی خەوتوو هەیە، ئەم هێزە تا ئازاری پێنەگات، هەڵناسێتە سەرپێ، بەڵام گەورەترین ئیشکالی ئەم کۆمەڵگەیە، ئەوەیە کە جیاواز لەو هێزەی هەیەتی‌و درەنگ دەری دەخات، دوو تایپی جێگری هەیە.

یان لەماڵەکەی خۆیەتی‌و چاوەڕێیە فریادڕەسێک بێت رزگاری بکات‌و کەسانێک رزگاری بکەن کە دۆستی ئەم بن، یان کە لەماڵەکەی هاتە دەرەوە، پەلاماردەدات‌و تایپی ناوەندی نییە. ئەم سەردەمی ئۆپۆزسیۆنە، خاڵێکی زۆر گرنگی دروستکرد، ئەویش قورسایی خۆی خستە سەر خاڵی ناوەند، نە لەماڵەوە دانیشت‌و بێدەنگ بێت، نە پەلاماری دا، بەڵکو شێوەیەکی مەدەنی‌و خۆپیشاندان‌و مانگرتن‌و کەمپەینی خستە ناو زاکیرەی ئەم نەوەیەوەو پەروەردەکردنی خەڵک لەسەر ئەم بنەمایە، یەکێکە لە پەروەردە دروستەکان، چونکە لەم خاڵەدا، هەم نامەیەک دەچێتە بەرگوێی دەسـەڵات کە بێدەنگیی کۆتایی هات، هەم ئیرادە بەشێوە تەندروستەکەی لە جوڵەدا دەمێنێتەوەو تووشی کپبوونەوە نابێت، ئەگەر ئۆپۆزسیۆن هیچ نەکات‌و کار لەسەر ئەم خاڵە بکات، بەسە بۆئەوەی کە بتوانێت ئەو ئیرادەیە لەو نیو ملیۆن کەسەوە بگوازێتەوە بۆ ملیۆنێک کەس، کە ئەمەش روویداو ئیرادەی گشتیی کەوتە کار، گۆڕانە گەورەکەش لەو کاتەدا روودەدات. بەپێ هەڵسانەوەی ئیرادەی گشتیی‌و گرتنی خاڵی ناوەند بەشێوە تەندروستەکەی، وەک ئەمەی رابردوو کە کرا، قورسە بتوانرێت ئیرادەی گشتیی بە جوانیی بێتە پێشەوەو دەسەڵاتیش هەر لەوە دەترسێت کە بەو شێوەیە رووبدات کە ئۆپۆزسیۆن کاری لەسەر دەکات، چونکە کارەکانی ئۆپۆزسیۆن، تا ئێرە بایی ئەوە تەندروست بوون کە بیانوو نەدەنە دەست دەسەڵات تا چەکەکانی بکاتە شان‌و هەوڵی کپکردنەوە بدات بەوجۆرەی کە خەونی پێوە دەبینێت.

# زەبوونترکردنی مرۆڤی کورد!



هەڵۆ مەرگەیی

حەوت ساڵە، هەرێمی کوردستان پێی ناوەتە قۆناغی زێڕین، رووخاندنی بەعس، ئاشتەوایی، یەکگرتنەوەی ئیداریی، هەڵکشانی بوارە دیبلۆماسی‌و پلەوپایە سیادییەکان لە دەوڵەتی عێراقی فیدراڵ‌و زۆر شتی تر، لە دیارترین سیماکانی ئەو وێناکردنەی سـەرەوەن کە ناودێرمان کرد، بە قۆناغی زێڕین، لێ هێشتا ئەم حکومەت‌و دەسەڵاتە سیاسییە، چۆن لـەبـوارە جیاکانی تـری پەیوەست بە مەسەلە ژیانی‌و ژیارییەکان، خۆی بە بەرپرس نەزانێت لە رووماڵکردنی بابەتی‌و دەرخستنی راستییە رەهاکان، ئاواش لەهەمبەر دەرخستنی هێڵی هەژاریی‌و نیشاندانی پلانی کەمکردنەوەی بێنەزمیی لەم هەرێمەدا، لەخەوێکی قووڵ قوولدا دەژی!

راستە کە ئەم هەرێمە، هێشتا بەشێکە لە عێراق، بەڵام بەپێی دەستوورو لۆژیکە ئابوورییەکان، هەرێمی کوردستان خۆی بەرپرسە لەدیاریکردنی هێڵی هەژاریی خۆی، نەک دەوڵەتی فیدراڵ، خۆ بێخاوەنکردن لە راست بابەتێکی وەها هەستیاردا، چۆن بەشێکە لەکاڵکردنەوەی چەمکی فیدرالیزم، ئـاواش پاڵنەرێکە بۆ بـەهـێـزکـردنـەوەی نـاوەنـد، ئەمە وێڕای ئەوەیش کە بەرپرسیارێتییەکی نیشتمانیی‌و مرۆییش دەخاتە سەر ئەم حکومەت‌و دەسەڵاتە سیاسییە، کەچی جگە لەوەها بێباکیی‌و خەمساردییەک، ئەم حکومەتەیشمان چییەکی پێنەکراوەو پەرلەمانیش تا ئێستا جگە لە چەند پـرۆژەیـاسـایـەک، شتێکی جـیـاوازی لە خولەکانی پێش خۆی نەکردووە، ئۆپۆزسیۆنیش وەک بەشێکی سەرەکی لـە پـەرلـەمـان، لـەو خەمسارديیانە بەرپرسیارن‌و دووبـارە گەڕانەوەیش بۆ خەڵک، هیچ لەپرۆسەی سیاسیی هەرێمی کوردستان ناگۆڕێت‌و پێموایە، هەموو لایەک جۆرێکی دیار لە نەسازی سیاسی دەبینین‌و سەرکردەکانمان خەریکی حیزبایەتین، نەک حکومڕانێتیی، حیزبایەتیشیان بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیان بەئامانج گرتووە، لەم رێگەیەیشەوە دەستیان بەسەر زۆرینەی خەڵکیدا گـرتـووەو ئەوانیش لەهەر پرۆسەیەکی هەڵبژاردندا بەدەستەجەمعی دەنـگ دەدەن، ئەمەیش هیچ لە واقیع ناگۆڕێت‌و هەمان ئەنجام وەردەگرینەوە.

هـەرێـمـی کـوردسـتـان، بـووەتـە ولاتـی بەڵێنە جێبەجێ نەکراوەکان، هـەر کاتێک ئەمەیش رووبـەڕووی بەرپرسان دەکرێتەوە، یان موناسەبەو بێموناسەبە، دەڵێن، هەموو ئەو پرۆژەو شتانە پێویستییان بەجێبەجێکردن هەیە، ئەی ئەگەر پێویستە، بۆ نایکەن؟و ئەم نەخۆشی بەڵێن جێبەجێ نەکردنە بوارە سیاسییەکەیشی گرتووەتەوەو دەیان رێککەوتننامە واژۆکـران‌و بەڵێنیان دا یەکریزو یەکهەڵوێست بن، کەچی تادێت لەهەموو کات ناتەباتر دەبن، هەمووی دەیەوێت خۆی لەخراپییەکان بدزێتەوەو لەسەر ئەوەی چاکییەکانیش بکەن بەهی خۆیان، دەکەونە ململانێ‌و بەشینەوەی ناشرینیی.

ئەو کاتەی کە گوێ لە بەرپرسانی ئەم وڵاتە دەگرین، هیچ گرفتێک نابینین، ئاخر ئەوان ئەوەی بۆ خەڵکی باشە بەدەمیاندا دێت‌و بەپێویستی دەزانن بکرێت، بەڵام لەکرداردا وانییەو هەرێمی کوردستان بووەتە وڵاتی بکەر نادیار، دێن‌و بەڵێن دەدەن، ئاوو کارەبا دەبێت (24)سەعات هەبێت‌و بەپێچەوانەوە پێویستە حکومەت دەستلەکاربکێشێتەوە. ئەگەر ئەوەی لەماوەی (18)ساڵی رابردوودا، بەرپرسان بەڵێنیان بەجێبەجێکردنی داوە، بیانکردایە، ئێستا کوردستان شتێکی نەمابوو بۆی بکرێت، بەڵام بەداخەوە، لەچوار بەش، بەشێکی بەڵێنەکان جێبەجێکراون، کەچی سەرجەم پێداویستییەکانیان بۆ خۆیان‌و منداڵ‌و خزمەکانیان مسۆگەرکردووە، نەک هەر ئەوە، بگرە سەرجەم هۆیەکانی خۆشگوزەرانی بەسەربردنی کاتی خۆش‌و سەیران‌و سەفایان مسۆگەرکردووە، سـەدان هاوڵاتیش بۆ رزگاربوون لەم هەرێمە، لەکوێرەڕێ قاچاخەکاندا تیادا چوون.

پەیڕەوکردنی سیاسەتی مەمرەومەژی، فەقیرانەو تەقدیرانە! بۆ لێسەندنەوەی ئیرادەو زەبوونترکردنی مرۆڤی کوردن‌و جێی داخە کە زۆرینەی پیاوە ناودارەکانی ئێمە، هێشتا روانگەیان پڕە لە رۆحی سەدەکانی حەڤدەو هەژدە، هەرچۆنێک بووە خوازیاری ئەوەن، مرۆڤ رامبکەن تا لەدەوری چەقی کاروباری بەرژەوەندییە شەخسی‌و حیزبییەکانی ئەمان کۆببنەوە، ئەمە لەکاتێکدا خودی مرۆڤ بەشدارە لە بونیادی پێکهێنانی ئیرادەی گشتیداو دەبێت هەمووانیش وەک یەک پابەندبن بەو راستییەوە، تەنانەت فەرمانڕەوا هەرە لەپێشەکانیش. وجودو مافی هیچ تاکێک لەسەروی ئەوی ترەوە نییە، لەسیستمی دیموکراسیدا ئەوەی کە حوکم دەکات گەلە، نەک تاک، یا کەمینەیەکی پاوانخواز بەناوی فەرمانڕەوایەتییەوە، ئەوەی کە ناتوانێت دەسەڵاتەکانی، پێشێلی داخوازییەکانی خەڵک بکات، ئەوەی کە بۆی نییە دەستاودەست خەونەکانی هـاوڵاتـی بـە گــواوی مـیـزاج بشوات، فەرمانڕەواکانن، دەبێت ئەوان ملکەچی گەل بن، نەک وەک ئەوەی لە هەرێمی کوردستان دەگوزەرێت!

ئەگەرمرۆڤی‌کوردلەم‌هەرێمەدا،هەروا بەزۆرەملێ ناچار بەگوێڕایەڵی بکرێت، ئەم دەسـەڵات‌و ئەزموونە سیاسییەی هەیەو بڕیارە دەست بە پاراستنیشیەوە بگرین، چۆن هیچ زیادەیەک ناخەینە سەر هێزی ئەم دەسەڵاتە، خودی دەسەڵات لەم پەیوەندییەدا هیچ مانایەکی مرۆویستانەی نییە، لێ (18)ساڵە ئیرادەی کەمینەی دەسەڵاتدار لەم وڵاتـەدا، تەنیا بەرەو سوودی تایبەتی خۆی مل دەنێت.

halomargay@yahoo.com

# بکوژو سنووردارکردنی ئازادییەکان

ئەرسەلان مەحمود

لەهەر وڵاتـێـک، شـارو شەقام‌و شوێنگەلێکی زۆرت بینی کە بەناوی «ئازادی»یەوە، ناودێر کرابوون، بزانە لەو شوێن‌و وڵاتە، لەو شارو شەقام‌و شوێنە، پرسی ئـازادیـی‌و بەهای ئازادییەکان، پرس‌و بەهایەکی لەبنەمادا رواڵەتی‌و لەژێر پرسیاردان.

بەڵێ، وەهـا ناودێرکردنێک، نە مانای رسکانی ئازادییەو نە تینوێتی خەڵکیش بۆ ئـازادیـی دەشکێنێت، ئێرانییەکان‌و زۆرێکی تر لە گەلانی خۆرهەڵاتی، ئەوەی بەتەواوی مانا لێی بێبەشن، ئازادیی‌و بەهاکانی ئازادییە، کەچی بەدەیەها لە شوێنە گشتییەکانی ئەم وڵاتانەیش، بەناوی «ئازادی»یەوە ناودێر کراون..!

ئازادیی لە هەرێمی کوردستان، ئەگەرچی جیاوازییەکی بـەراورد نـەکـراوی ژینـگـەیـی هـەیـە، لـێ هێشتا لەخوار پێویست‌و خواستی مومارەسەکردنەوەیەو بتەوێت، یان نا، جۆرێک لەم وێناکردە شەرقییە بـەدی دەکەیت، بە نموونە لێرەیش دەیـان شوێنگەلی گشتیی‌و تایبەتی هەن کە بەناوی ئازادییەوە ناودێر کراون‌و لێرەش حکومەت‌و پەرلەمان، هەڵبژاردن، سەفارەتخانە، فرینگەو نیشتنەوەی نێودەوڵەتیی، گۆڤارو رۆژنامەو دامـەزراوەی جیاتر هەن، لێرەش ناوچەی گەشتیاریی، یاریگەو مەلەوانگە، بـازاڕو نارەزایەتییەکان هــەن، دوور لــە نـادیـدگـەرایـی‌و بەراوردکارییەکی کوێرانە، بێگومان ستەمکارییە سیاسی‌و کۆمەڵاتییەکانیش بەجیاوازییەوە هەن.

لەوێ ئازادییەکان بە سیستمێکی تۆتالیتاری‌و لێرە بەمیزاج رێکخراون، لەوێ لەسەر ئازادیی بیرکردنەوەو گوتن، بە رۆژی روونـاک، دادگا ملی خەڵکی پەتیار دەکـات‌و لێرەش ئەم هەموو ژنکوژیی‌و خودکوژییەی ژنان، ئەم هەموو رفاندن‌و کوشتنەی رۆژنامەنووسان، لێشاوی دلشکان‌و تاقەت پڕوکێنی گەنجان، دامەزراوەیەک نییە کـە بـەشـوێـن گـێـڕانـەوەی مافەکانیانەوە بێت‌و بیانپارێزێت، وەک دەبینین ئیشی دادگاش بەتەنیا بووەتە خۆخەریکردن بەشتە بچووکەکانەوەو رۆتین بەربینی گرتوون!

ئاشکرایە، ململانێی نێوان ئازادیی‌و دەسـەڵات، دیاردەیەکی مێژوویی‌و هـەمـووان بـەوە ئاشناین، ئێمەیش لەوەها راستینەیەک تێدەگەین، لێ ئەگەر ئەوە بۆ گەلانی خۆرئاوایی، زیاتر ململانێیەک بووبێت لەنێوان حکومەت‌و خەڵکدا، بۆ خۆرهەڵاتییەکان‌و ئێمەیەک لەو ناوچەیەدا، حاڵەتەکە دژوارترە، لـەم ناوچەیەدا، ئـەوەی بکوژ، یان سنووردارکاری ئازادییەکانە، ئەوەی بەڕواڵەتگەرایی دەیـەوێـت خەڵکی منەتبار بکات، تەنێ هەر دەسەڵاتی سیاسیی، یان حکومەت نییە، کلتوورو خێڵگەرایی، گۆم‌و حەوزەی سوننەتی، هزری بازووگەرایی‌و تەشریفاتی، لەکۆسپە هـەرە گـەورەو گرانەکانی بـەردەم کرانەوەی پرسی ئازادیی‌و جێگربوونی بەهای ئازادییەکانن، لێ ئێستا سەردەمێک هاتووەتە پێش، چیتر مرۆڤ بـاوەڕی بەوە نەماوە، فەرمانڕەواو ئەم دەسەڵاتە ناوەکییە بۆماوەیخوازانەی کۆمەڵگە، پێچەوانەی بەرژەوەندییە گشتییەکان، پێچەوانەی ئازادیی تاک‌و ئازادییە گشتییەکان، هەروا دەسەڵاتێکی بێپەروا پۆڵاینی سەربەخۆ بمێنن‌و زۆرینەش بۆ ئەبەد بە ژێر ئەو هەژموونەوەو رەعییەتی کەمینەیەکی کۆمەڵایەتی، یان سیاسیی بن، چونکە ئەمانە لەباری مەنتیقیشەوە، دەبێت ئەوە بزانن، دەسەڵاتی ئەوان جگە لـە دەسـەڵاتـی تـاک تاکەی پێکهاتەی نـەتـەوە بەچڕکراوەیی، شتێکی تر نییە، یانی دیاردەیەکی ئیلاهی‌و ئاسمانی نییەو لە ئەزەلەوە بۆیان بەجێنەماوە، بۆیە لەپێڕۆکردنی ئـەم دەسـەڵاتـەدا، دەبـێـت رەچـاوی هەڵبژاردنی گونجاوترین پرەنسیپەکانی دیموکراسیی‌و جێگیرکردنی نوێترین سیستم‌و یـاسـا بـکـەن، بێگومان پێچەوانەکەی بۆ هەریەک لە دەسەڵاتی بـاوگـەرایـی‌و دەسـەڵاتـی سیاسیی، هیچ شتێک لەبێبایەخییان ون ناکات‌و بۆ هەمیشەییش لـەژێـر پرسیاردا دەمێننەوە، دیارە لەوەها دۆخێکیشدا، تەنێ رووبەڕووبوونەوەی ستەمکاریی سیاسیی بەس نابێت، دەبێت چین‌و تـوێـژە کـۆمـەڵایـەتـیـیـەکـان دژی ستەمکاریی هەست‌و رای باویش بجەنگن‌و مرۆڤی ئەم سەردەمە، مەجبور نییە خۆی لەگەڵ هیچ دەسەڵاتێک بگونجێنێت، ئـەوەی دەبـێـت خۆی لەگەڵ هەژموونی ئەم مۆدێلگەراییە بگونجێنێت، دەسەڵاتە جیاکانن، نەک خەڵک‌و تەواوی ئەو ئاینە ئاسمانی‌و ئایدیۆلۆژییەتە رێسمانییانەی هاتوون‌و لە ئارادان، بۆ باشترکردنی گوزەرانی مرۆڤ‌و پێشخستنی ئەوانن، نەک بۆ سنووردارکردنی بیرکردنەوەو گوتن‌و ژیانکردنیان.

کاریگەریی نەریت لە رێگەگرتنی هـەر بەدگومانییەک سـەبـارەت بە یاساو رێساکانی رەفتار، لەنێوان رەعییەت‌و رەعییەتچێتیدا، لەنێوان دەسەڵاتدارو رەعییەتەکاندا، لەنێوان خانەوادەو عەوامدا، لەنێوان پیاوان‌و ژناندا، دەستکردی ئەو بەرژەوەندیی‌و هەژموونە تۆتالیتارییەن کە لەجێی دۆزینەوەو کار لەسەرکردنی ئامانجی هاوبەش بۆ داکۆکیکردن لە ئازادیی، گومڕایی ئاکاری‌و گەندەڵی، خوو رەوشت‌و ژیاری بەگشتی دەبەشنەوە، مرۆ لەوەها حاڵیکدا، نابێت بەوە رازی بێت، نیری نەریتی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی، بۆ ئەبەد لەملی خۆی بسوێت‌و سەر هەڵنەبڕێت، هێزی حکومەت‌و دەسەڵاتە جیاکانی تری کۆمەڵگە، کاتێک هێزی مـرۆڤـەکـانـە، ئـازادیـی تاکەکەسی هــەر تاکێک لـەخـەم رەخسابێت، بەهەمان شـێـوە، ئـەو کاتە هێزی هەمووانە کە ئامانجی فەراهەمکردنی کەشوهەوایەکی مۆدێرنی هەیە بۆ بیرکردنەوەو ژیانکردنێکی باشتر، تا ئەو شوێنەی مرۆڤەکانیش لە رێگەی ئەزموونکردنێکی ئارەزوومەندانەی ژیانکردنیانەوە، توانستەکانی باشتر بوونیش بەدەست نەهێنن. ئازادیی، شتێک نییە جێبەجێی سەر دیاردەو دەرکەوتەکان بکرێت، لێ لەبوونەوە تا گەورەبوون، کێ لە ئێمەومانانێکی شەرقی، ئازادو ئارەزوومەندانە، مافی وەهـا بڕیاردانێکی ئەزموونکراوی هەیە؟ کێ ئازادیی سوربوون لەسەر ئارەزووەکانی خۆی هەیە؟ کێ ئازادیی دارشتنی پلانی ژیانکردنی گونجاو بەکەسێتی خۆی هەیە؟، ئایا ئازادیی ئـەوەی ئـارەزووی دەکەیت، هەیە؟، من دلنیام تێکڕای کەمینەی بڕیاردەر لە کۆمەڵگەی شەرقی‌و دەسـەڵات لـەم نـاوچـەیـەدا، هێشتا وا هەست دەکـەن، رەفتارو خواستی ئازادیی تاکگەرایی مرۆڤ، خواستێکی لەبنەمادا شێتانەو قۆڕو هەڵەیە، هۆکارەکەیشی لەبێئاگاییەوە نییە، ئاشکرایە ئازادیی تاک دواجـار یەکسانە بە یەکگرتنی ئـازادیـی کـۆ، ئەمەیش پێچەوانەی دنیابینی نەسلی کـۆن‌و ئامانجی خەڵکانی فریودەرە، ئەمانە وەها دێننە بەرچاویان، ئازادیی بیرکردنەوە، ئـازادیـی گـوزارشـتـکـردن، ئازادیی بڵاوکردنەوە، ئازادیی راو بۆچوون، ئازادیی جەستەیی، ئازادیی رۆحی و... تاد، سەر بە پرەنسیپێکی جیا لە ئازادین‌و فەسادی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی بەدوای خۆیاندا دەهێنن! ترسیان لەوە هەیە، مـرۆ شتێکی گـەورەتـر بخاتە سەر بوونی خۆی، بۆیە نایانەوێت وەک ئـەوەی مرۆڤ خۆی دەیەوێت، ئاوا بژی، لەو باوەڕەدان دەبێت پێڕۆی ئەو یاساو رێسا باوانە بکات کە دەسەڵاتی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی بـاو، بۆی دیاریکردوون، هەر پرینگانەوەیەکیش بە ئینحراف‌و هەڵگەڕانەوە لە کونی خۆی دەزانن، بەو عیبارەتەیش ئەوەی لەکونی خـۆی هەڵگەڕێتەوە، گەڕ دەبێت!..لێ، هەڵگەڕانەوە لەسروشتی مرۆڤبوون، رێز نەگرتنی ئازادییەکان‌و بەرپێگرتنی مـافـی هەڵسوڕانی ئارەزوومەندانەی ئەوانی تری مرۆڤ‌و بـوونـەوەرە بەگشتی، هـەر یاساو رێساو دەسەڵاتێکیش ئەو مافانە ئاوەڵە نەکات، ئەو کۆمەڵگەیە ئازاد نییە، یانی ئەو یاساو رێساو دەسەڵاتە، سەر بە رەگەزێکی جیا لە لێوڕێژی کانیلەکانی ئـازادیـن‌و بەشوێن کۆنترۆڵکردنی ماف‌و رەفتاری مرۆڤەوەن.

# زیادکردنێکی ئاشکرا لە لایەن سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی

سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی ئاگاداری هاوڵاتیان دەکات کە زیادکردنێکی ئاشکرا هەیە بۆ فرۆشتنی (11) پارچە زەوی لە بەهەشتی شار بەرامبەر گەڕەکی تووی مەلیك، لە بەرواری (2010/10/31).

هەر کەسێك ئارەزومەندە دەتوانێت لەئێستاوە سەردانی لیژنەی فرۆشتن و بەکرێدان بکات لە بینای سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی بۆ وەرگرتنی زانیاری و شوێنی زەوییەکان.

لەگەڵ ڕێزدا..


# کاتەکە درەنگ بووە



سیروان ڕەشید

کاتەکە بۆ گۆڕان درەنگ بووە، بەڵام بۆ دیاریکردنی مۆدێلێکی تازە لەبارەی ئۆرگانیزەکردنی بزووتنەوەکە، هێشتا بەسەرنەچووە، بۆیە نەوشیروان مستەفاو هەڵسوڕاوانی گۆڕان، بۆ بەدیهێنانی خواستەکانی سەدان هەزار لە دەنگدەرانیان، دەبێت پەلەی لێبکەن‌و پەرۆشیی خۆیان بۆ ئەم مەسەلەیە زیاتر نیشانبدەن.

بزووتنەوەی گۆڕان لەدوای هەردوو هەڵبژاردنە گشتییەکەی پەرلەمانی کوردستان‌و ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقەوە، بووە بە ژمارەیەکی دیار لەناو هاوکێشە سیاسییەکەدا، بۆیە پێویستە لێرە بەدواوە، بەمیکانیزمی گونجاو، ماستەرپلانی خۆی بە مەبەستی دیاریکردنی ستراتیژی کارکردنی داهاتووی ڕەنگرێژ بکات. کە بەپێی ئەنجامی هەڵبژاردنی (٣/٧)، گۆڕان لەئاستی هەرێمدا بووەتە هێزی دووەم (پارتی ٦٦٧٦٧٩ دەنگ ٣٤٪، گۆڕان ٤٢٥٧٩٣ دەنگ ٢٢ ٪، یەکێتی ٤٠٢٣٩٣ دەنگ ٢٠٪)*

ڕەخنەی سەرەکیی کە ئێستا لە بزووتنەوەکە دەگیرێت، مەسەلەی دواکەوتنی ئۆرگانیزەکردن‌و نەبوونی ئەنجومەن‌و دەستەیەکە وەک ناوەندێک بۆ بڕیاردان‌و سەرکردایەتیکردن.

من ئاگادارم کە نەوشیروان مستەفا لەماوەی شەش مانگی ڕابردوودا، بناغەیەکی زۆر پتەوی لە ڕووی تەشکیلکردنی هەیکەلی ڕێکخستنەوە لەئاستی خوارەوە بۆسەرەوە داناوەو کۆبوونەوەی لەگەڵ زۆربەی بازنەو ئەنجومەنەکان لە ناوەوەی وڵات‌و ئەوروپا ئەنجامداوە، بەڵام هێشتا بزووتنەوەکە لە کێشەی بەدامەزراوەییکردنی ئەنجومەنێک بۆ سەرکردایەتیکردن‌و بڕیاردان خۆی قوتارنەکردووە.

حاڵی حازر لەناو گۆڕاندا جۆرێک لە ململانێ هەیە لەنێوان بەشێک لە کۆنە یەکێتییەکان‌و ئەوانەی خۆیان بە سەربەخۆ دەزانن، لەسەر جۆری ئەو کەسانەی لە بازنەو ئەنجومەنەکان بزووتنەوەکە بەڕێوەدەبەن.

گەنجەکان کە بڕبڕەی پشتی بزووتنەوەی گۆڕانن، پێویستە زیاتر گوێیان لێبگیرێت‌و ڕۆڵیان پێبدرێت، هەروەها ئەوانیش پێویستە بەچاوی تەقدیرەوە لە هەڵوێستی سیاسییانەی کۆنە کادیرو سەرکردەکانی پێشوو بڕوانن کە هەندێکیان لەپێناوی بیروباوەڕی گۆڕانخوازانەی خۆیاندا دەستبەرداری هەموو پۆست‌و دەستکەوتێکی حیزبیی‌و حکومیی بوون. جگە لەوەی ئەوان هەوێنێکی باشی پرۆسەی ڕێکخستنی جەماوەریین.

ئەو کەسانەی کە پێیانوایە، دەبێت بەتەواوەتی قیادەکردنی بزووتنەوەکە تەسلیمی کەسانی سەربەخۆو گەنجەکان بکرێت‌و لە سەرکردە حیزبییەکانی پێشوو داببڕێنرێت، پێموایە، ئەوە بۆچوونێکی دروست‌و واقیعی نییە، چونکە لەباری واقیعدا، دۆخی سیاسیی هەرێم هێشتا هی ئەوە نییە چارەنووسی بزووتنەوەکەیان تەسلیم بکرێت.

پێویستە سەرکردەو کادیرە کۆنەکان (باڵی ڕیفۆرمی پێشوو) لە پرۆسەی خۆڕێکخستنەوەی گۆڕاندا، بەرژەوەندیی گشتیی‌و بزووتنەوەکەیان پێش بەرژەوەندیی خۆیان بخەن، چونکە نابێت ململانێی نێوان ئەوەی پێی دەوترێت، نەوەی کۆن‌و تازە، بە سلبی بشکێتەوە بەسەر بزووتنەوەکەدا، بەوپێیەی پاشەکشەکردنی ئەم بزووتنەوەیە مەترسییە بۆ سەر پاشەکشەکردنی پرۆسەی بەدیموکراسیکردنی کۆمەڵگەو گەڕانەوەی واقیعی پێشووی حوکمڕانیی دەسەڵات.

هەڵسوڕاوانی دیاری گۆڕان کە ئێستا قیادەی بزووتنەوەکە دەکەن، بەرپرسیارێتییەکی مێژووییان کەوتووەتە سەرشان‌و لەبەردەم تاقیکردنەوەیەکی قورسدان کە ئایا ڕابەرایەتی نزیکەی نیوملیۆن کەس بە باشی دەکەن، یان دەیکەن بە قوربانیی بەرژەوەندیی لابەلا؟

ئەوەندە بەسە کە بپرسین، ئەم بزووتنەوەیە تەنها موڵکی ئەوانە نییە کە ئێستا وەک هەڵسوڕاوی گۆڕان ناویان دەبرێت، بەڵکو ئەوەی کە بەدەستهاتووە، بەشێکی گرنگی هەوڵ‌و کۆششی هەزاران ڕۆڵەی دڵسۆزو کەسایەتی‌و ڕۆشنبیرو میدیای ئازادی وڵاتەکەمانە کە چەند ساڵێکە زەمینەیان بۆ ئەو وەرچەرخانە سیاسییە ڕەخساندووە، هەربۆیە چارەنووسی ئەم بزووتنەوەیە، بەندە بەوەی کە چۆن‌و بە چ شێوەیەک ڕێکدەخرێتەوە؟

* داتاکان لە (دامەزراوەی هەڵبژاردنی گۆڕان)ەوە وەرگیراون.





## شەڕە قسە

# کتێبێکی ناوازەی تایبەت بە ڕاگەیاندن چاپدەکرێت





نووسەرو ڕۆژنامەنووس مەم بورهان قانع، یانزەیەمین کتێبی کە تایبەتە بە میدیاو سیاسەت‌و بە ناوی «شەڕە قسە»وەیە، لەسەر ئەرکی خۆی چاپدەکات‌و پێشکەشی کتێبخانەی کوردی دەکات.

«شەڕە قسە»، لێکۆڵینەوەیەکە سەبارەت بە میدیاو سیاسەت لە جیهانی عەرەبیداو کۆتایی ساڵی ٢٠٠٨ لەوڵاتی لوبنان چاپکراوەو لە نووسینی «د.مەئمون فەندی»یەو مەم بورهان قانع لە عەرەبییەوە کردوویەتی بە کوردی‌و پێشەکی بۆ نووسیوەو لە دووتوێی ٣٥٠ لاپەڕەی قەبارە گەورەو بە تیراژی هەزار دانە ئێستا لەژێر چاپدایە.

ئەم کتێبە، سەرچاوەیەکی زانستی بەکەڵکە بۆ هەموو ئەوانەی بایەخ بە ڕاگەیاندن‌و سیاسەت دەدەن‌و لەم کتێبەدا، پەیوەندیی خراپی سیاسەت بەسەر ڕاگەیاندنەوە ڕوونکراوەتەوەو ڕۆشناییش خراوەتە سەر نەبوونی پرۆفیشناڵبوون لەنێو میدیای عەرەبیدا، بەتایبەتی لە کەناڵە ئاسمانییەکانی وەک «الجزیرە»، «العربیە»، «الحرە»...و بەشێکی زۆری کەناڵە ئاسمانییەکانی میسریی‌و لوبنانیی‌و جیهانی عەرەبی بەگشتیی، کە لەبری ئەوەی کەناڵی میدیایی پرۆفێشناڵ بن، زیاتر میدیای سیاسیکراون، ئەمەیش وایکردووە نەتوانن ئەرکە میدیاییەکانیان ڕاپەڕێنن.

ئەم لێکۆڵینەوەیە، لە دووتوێی شەش فەسڵدایەو لەبەشی یەکەمیدا باس لە «میدیای میسریی؛ وەک دەروازەیەک بۆ تێگەیشتن لە میدیای عەرەبی» کراوەو بەشی دووەمیش تەرخانکراوە بۆ تاووتوێکردنی جەنگی کەناڵە ئاسمانییەکانی قەتەرو سعودییەو لە سێیەمین فەسڵیشدا ڕۆشنایی خراوەتە سەر میدیای عەرەبیی‌و ململانێی ناو تاکە دەوڵەتێک‌و چوارەمین فەسڵیش باس لە ڕۆژنامەنووسانی عەرەب لەنێوان پیشەو سیاسەتدا دەکات. پێنجەمین فەسڵیش، تایبەتە بە هەڵسەنگاندنی ئەو کەناڵانەی خۆرئاوا کە ئاراستەی عەرەب کراون، لەوانە «الحرە» و «ڕادیۆی سەوا» بەنموونەو دوایین فەسڵیش کە فەسڵی شەشەمە، باس لەوە دەکات تاچەندە میدیا دەتوانێت واقیعی سیاسیی بگۆڕێت.

ئەم کتێبە، بەیەکێک لەکتێبە ناوازەکانی کتێبخانەی عەرەبی لە بواری میدیادا دادەنرێت‌و خوێندنەوەیشی لەلایەن ڕۆژنامەنووسانی کوردو خوێندکارانی بواری ڕاگەیاندن‌و ڕۆژنامەنووسیی زانکۆو پەیمانگەکانی کوردستان، ڕوانینیان سەبارەت بەکاری میدیایی‌و پەیوەندیی نێوان میدیاو سیاسەت فراواندەکات‌و سەرچاوەیەکی زانستیی بەکەڵکیشە بۆ تۆژینەوەی زانستیی لە بواری میدیاو سیاسەتدا.

«شەڕە قسە»، ئێستا لە کتێبخانەکاندا دەستدەکەوێت.

چاپ: چاپخانەی زەرگەتە ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٩ - ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٨ - ٣١٩٠٥١٩